تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

حزبی سیاسی
و
تیۆری ڕێکخستن

نووسینی

محمد فاتح

2010

حزبی سیاسی

و

تیۆری ڕێکخستن

نووسینی

محمد فاتح

٢٠١٠

ناوی کتێب : "حزبی سیاسی و تیۆری ڕێکخستن"
نووسینی : محمد فاتح
چاپ : چاپخانەی پاك
تیراژ : (٥٠٠) دانە
چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٠

نـــــــــــــــــاوەرۆك

	لاپــەڕە
أ) پێشەكی .	٤
ب) بەشی یەكەم // دەربـارەی حزب	٥
١. باسی یەكەم – بیرۆكەی حزب و ڕێكخراو لەمێژوودا .	٧
٢. باسی دووەم – سەرهەڵدانی حزبی سیاسی.	١٠
٣. باسی سێیەم – چەمك و پێناسەی حزبی سیاسی.	٢٣
٤. باسی چوارەم – پۆلین كردنی حزبە سیاسیەكان.	٢٧
٥. باسی پێنجەم – ئەرك و فەرمانی حزبی سیاسی.	٣١
٦. باسی شەشەم – تـوخمە سەرەكیەكانی حزبی سیاسی.	٣٤
ج) بەشی دووەم // تیۆرو چەمكەكانی ڕێكخستن	٤١
١- باسی یەكەم – سەرەتـایەك دەربـارەی هزری ڕێكخستن .	٤٣
٢- باسی دووەم – تیۆرەكانی ڕێكخستن .	٤٦
٣- باسی سێەم – تیۆرەكانی ڕێكخستنی نوێ	٥٩
٤- باسی سێیەم – چەمكە پەیوەندارەكان بەزارەوەی ڕێكخستن .	٦٤
د) بەشی سێیەم // تیۆرو ڕێكخستن و ڕەهەندەكانی	٧٥
١. باسی یەكەم - تیۆری ڕێكخستن و ڕەهەندەكانی .	٧٧
٢. باسی دووەم – كار لەیەككردنی نێوان ئەندام و ئۆرگان.	٨٤
٣. باسی سێیەم – پەیكەری ڕێكخراوەیی و جۆری سەركردایەتی .	٩٨
٤. باسی چوارەم – ڕۆشنبیری لەناو ئۆرگان (ئایدیۆلۆژیا).	١١٦
٥. باسی پێنجەم – بریار وەرگرتن لە ناو ئۆرگان.	١٢٥
٦. باسی شەشەم – ململانێیەكان و یەكلاكردنەوەیان.	١٤٠
٧. باسی حەوتەم – پەیكەری نیزامی و پەیكەری نانیزامی .	١٦١
٨. باسی هەشتەم – كارلێكردن لەنێوان ئۆرگانەكان.	١٦٩
ج) سەرچاوەو پەراوێزەكان.	١٧٩

پێشەکی

لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کۆمەڵەو گروپ و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەو بابەتە نوێیانەن کە لەلایەن کۆمەڵناس و دەروونناسانەوە جێگای بایەخ پێدانیان بووە.

چەمکی حزبی سیاسی بەو بۆچوونە نوێیە سەردەمییەی کە ئێستا زانراوە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوەو بەدرێژایی ڕۆژگاری پڕ لەبەسەرهات و ڕووداو، گۆڕان بەسەر ئەو چەمکەدا هاتووە، ئەگەرچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت شارەزایان لەسەریەك پێناسەی دیاریکراو پێکنەهاتوون و جیاوازی هەیە لەبیروراو بۆ چوونەکانیان، کە دەکرێ بەشێکی زۆری هۆیەکانی ئەو جیاوازییانە پەیوەندی بەتوخم و پێکهاتە و ئایدیۆلۆژیای ئەو حزبانە هەبێت سەرەڕای ئاراستەی هزری خودی نووسەران.

ئەوی هەموو لایەك لەسەر ڕێککەوتوون، ئەوەیەکە هەر حزبێکی سیاسی چی بێت قەبارەو پێکهاتەو ئایدیۆلۆژیای، یەك لەتوخمە سەرەکی و بنچینەییەکانی ڕێکخستنە.

ڕێکخستن چیە؟ یاساو پرنسیپەکانی چیە؟ کەی ئەم ڕێکخستنە هاوسەنگ و کارا دەبێت؟ کەی سنووردار یان توانای گەشەپێدان و گۆڕانی دەبێت.

زانینی رەفتاری ئەندام، گروپەکانی ناو هەر ئۆرگانێك، ئامانجێکە ئەو توژینەوە مرۆڤایەتیانە هەوڵی بۆ دەدەن، جۆری ڕێکخراوەکان، رەفتاری ئەندامانیان، بنەمای چالاکیەکانیان، پەیوەندییە ناو خۆییەکانیان، ململانێ و کارتێکردنی نێوانیان، لەم بارەوە چەندین بیروڕاو تیۆری جۆراو جۆر دارێژراوە.

زانستی ڕێکخستن بەپێی توێژینەوە زۆرو جۆراو جۆرەکان، ئەمڕۆ بۆتە زانستێك کەلێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئەنجام دراوە.

دیارە چەمکی ڕێکخستن هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دەگرێتەوە، کارگێڕی، دارایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری..لەبەر ئەوەی سیستمی ژیان بەردەوام پێویستی بەپەرەپێدان و چاو دێری هەیە، پێویستی بەبەراورد کردنی نێوان ئامانج و ئەنجامەکان هەیە.

ئەوی مەبەست لەچوار چێوەی ئەم نووسینە ڕێکخستنی سیاسیە، ئەو ڕێکخستنەی بڕبڕەی پشتی هەموو حزب و ڕێکخراوێکی سیاسیە.

لەپێناو تێگەیشتنێکی تەواو پڕمەبەست بۆ ئەم ئامانجە، لەماوەی ئەم نووسینەدا بایەخ دراوە بەڕێکخستن وەك تیۆرێك.

لەم بوارەدا ئاماژە بۆ بیروڕای چەندین شارەزاو سەرچاوەی ناوخۆیی و بیانی کراوە، هەروەها پشت بەبەرنامە و پێڕەوی ناو خۆی چەندین حزبی گەورەو سەرکەوتوو بەستراو کە لەوڵاتە جیاوازەکانی جیهانی ڕۆڵیان هەیە.

دیارە هیچ کارێك بێ کەم و کورتی نابێت، هیوادارم بەم کارە کە لێنێکم پڕ کردبێتەوە لەپێویستیەکانی کتێبخانەی کوردی..

هەولێر

٢٠٠٩/٩/١٥

بەشی یەکەم

دەربارەی حزب

- یەکەم / بیرۆکەی حزب و ڕێکخراو
- دووەم / سەرهەڵدانی حزبی سیاسی
- سێیەم/ چەمك و پێناسەی حزبی سیاسی
- چوارەم/ پۆلین کردنی حزبی سیاسی
- پێنجەم/ ئەرك و فەرمانی حزبی سیاسی
- شەشەم/ توخمە سەرەکییەکانی حزبی سیاسی

باسی یەکەم

بیرۆکەی حزب و ڕێکخراو لەمێژوودا

لەسەردەمی دەسەڵاتداری کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی، گردبوونەوەی پیشەیی بەدیکراوەو چەند تائفەیەکی پیشەدار، شێویەکی فەرمیان هەبووە، هەندێ لەو کۆبوونەوەو گردبوونەوانە وەك نیمچە بازنەیەکی پیشەیی لەجێگای تایبەت کۆ دەبوونەوە.

بەپێی یاساکانی (تیودوسیوس) لەو سەردەمە سێ یەکێتی پیشەیی هەبووە، هەموویان لەژێر چاودێری حکومەتدا بوون، ئەو سێ یەکێتیەش بریتی بوون لە (یەکێتی کرێکارانی کانەکان، کارکردن لەبواری هاتووچۆی دەریایی، یەکێتی پیشەخۆراکیەکان) هەروەها یەکێتی پیشە جۆراو جۆرەکان هەریەکە لەو یەکێتیانە بەرپرس و ئەمینداری تایبەتی خۆی هەبووە. (١)

ئەوروپا لەچاخەکانی ناوەڕاست، بارێکی ئابووری سەرەتایی ساکاری هەبووە، بۆیە دەبوایە چاوەڕێی ئەوە بکرێت تاپەرەپێدان و پێشکەوتنی شارستانیەت بەدی دێت لەسەدەی (١٧) دا کە بووە هۆی دابەشبوونی کارو پاشان پەیدابوونی چینە پیشەییەکان، لەدووایدا ئەو چینانە گردبوونەو لەسەر شێوەی (هاوڕێکانی پیشە) هەر وەك لەفەرەنسا، بەلام لەوڵاتی ئینگلتەرا بەوکارە دەوترا (جیلد، هانزا) لەکاتێکدا لەناوچەکانی وڵاتی ئەلمانیا ئەو یەکێتیانە لەژێر ناوی (زونفتن) بانگ دەکرا.

باسی یەکەم

بیرۆکەی حزب و ڕێکخراو لەمێژوودا

لەسەردەمی دەسەلأتداری کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی، گردبوونەوەی پیشەیی بەدیکراوەو چەند تائفەیەکی پیشەدار، شێویەکی فەرمیان هەبووە، هەندێ لەو کۆبوونەوەو گردبوونەوانە وەك نیمچە بازنەیەکی پیشەیی لەجێگای تایبەت کۆ دەبوونەوە.

بەپێی یاساکانی (تیودوسیوس) لەو سەردەمە سێ یەکێتی پیشەیی هەبووە، هەموویان لەژێر چاودێری حکومەتدا بوون، ئەو سێ یەکێتیەش بریتی بوون لە (یەکێتی کرێکارانی کانەکان، کارکردن لەبواری هاتووچۆی دەریایی، یەکێتی پیشەخۆراکیەکان) هەروەها یەکێتی پیشە جۆراو جۆرەکان هەریەکە لەو یەکێتیانە بەرپرس و ئەمینداری تایبەتی خۆی هەبووە. (١)

ئەوروپا لەچاخەکانی ناوەڕاست، بارێکی ئابووری سەرەتایی ساکاری هەبووە، بۆیە دەبوایە چاوەڕێی ئەوە بکرێت تاپەرەپێدان و پێشکەوتنی شارستانیەت بەدی دێت لەسەدەی (١٧) دا کە بووە هۆی دابەشبوونی کارو پاشان پەیدابوونی چینە پیشەییەکان، لەدووایدا ئەو چینانە گردبوونەو لەسەر شێوەی (هاوڕێکانی پیشە) هەر وەك لەفەرەنسا، بەلأم لەولأتی ئینگلتەرا بەوکارە دەوترا (جیلد، هانزا) لەکاتێکدا لەناوچەکانی ولأتی ئەلمانیا ئەو یەکێتیانە لەژێر ناوی (زونفتن) بانگ دەکرا.

لەکتێبی (پیشەکان) ساڵی (١٢٦٨ز) نووسەرەکەی (ئیتین برالو) نزیکەی سەد پیشەی جۆراو جۆری باس کردووەو بەسەر شەش گروپی دابەشکردووە، کەملکەچی دەسەڵاتەکانی (لویسی نۆیەم) بوونەو فەرمانبەری دادەنا بۆ چاودێری کردنیان.

ڕێکخستنی ناو خۆی ئەو یەکێتیانە ئەگەر بەسیستمی (سوێندخۆران) یاخود ئازاد بوو بێت، هەمان پرەنسیپیان پێڕەو کردووە.

ئەو یەکێتیانە پێکهاتبوون لە (وەستاکان، هاورێکان، کرێکاران) بەڵام ئەنجومەنێکی باڵایان هەبووە، کەتەنها وەستاکان تیادا بەشداریان دەکردو بەرنامەی یەکێتیەکەیان دادەنا، ئەو بەرنامەیە وەك پلانی کارکردن بووە.

ئەو پێکهاتە پیشەییانە، کۆمەڵەپرەنسیپ و ڕێنماییەکی توندی لەخۆ گرتووە دەربارەی منداڵان، کرێکاران، هەروەها پاش ماوەیەك گروپ و دەستەی تایبەتیان بۆ خۆیان دروست کردووە، ئەو گروپانە بوونەتە بنەمایەك بۆ دروست بوونی سەندیکاکانی ئێستا.

بەوڵاتی ئیتالیا کار بەپسپۆری کراوەو بووە بەهۆی پۆلین کردنی پیشەکان، وەك پزیشکان، تۆمارکەرانی گرێبەستەکان، گەورە بازرگان، سەرمایەداران، هەریەکە جۆرە یەکێتیەکی جیاوازیان هەبووە، بەیەکێتی هونەرە گەورەکان ناسرابوون.

بەڵام یەکێتی هونەرە بچووکەکان (یەکێتی ئاسنگەران، دارتاشان) ئەوانە بەرنامە کاری پیشەییان هەبووە، بوونە بەهۆی دروست بوونی ناوکەی چینی کرێکارە پیشەسازییەکان و پاشان پرۆلیتاریای پیشەسازی.

بەهۆی بارودۆخی ناوخۆیی لەوڵاتانی ئەوروپا ئەو یەکێتیانە لەناو چوون و هەڵوەشاونەتەوە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ دروست بوونی چین لەبواری کارکردندا.

بەرژەوەندییەکانی کرێکاران هیچ پشتگیرییەکی نەبووە تەنها لەرێگای دەس پێشکەرییە خودی و ناوچەییەکان نەبێت پاشان لەرێگای دروست بوونی سەندیکاکان، ئەو سەندیکایانە لەسەرەتای دروست بوونیانەوە تا ماوەیەکی زۆر شەرعیەتی کارکردنی رەسمیان نەبووە، لەفەرەنسا تاساڵی ١٨٧٢ ، لەئیتالیا تاساڵی ١٨٧١ز.

لەسەردەمی ئێستادا ئاسەواری ئەو یەکێتیانە لەهەندێ یاساکاندا هەر ماوەتەوە. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانە لەرووی دروست بوونیان و پێکهاتنیان دوو شێوەی سەرەکیان هەبووە: (٢)

یەکەمیان // کۆمەڵی لەدایك بووی سروشتین و دەستی کەس لە هاتنیاندا نیە، چونکە بەهۆی پەیوەندی کەسایەتی و نزیکی و خزمایەتیەوە دێنەدی بەبێ ئەوەی پێویستی بەکار یان بەبەرنامەی ئەندامەکانیانەوە هەبێ، وەك خێل و گروپە سەرەتاییەکان کە هەیە، دەبینرێت سەرۆك خێل زاڵە بەسەر تاکەکان و لەناو خێزانیشدا باوك لەرووی فیکرییەوە کاریگەری بەسەر رۆلەکانی هەیە.

دووەمیان // گروپ دروستکراون لەسەر بنەمای هاریکاری و باوەڕ بوونی هزری و رێککەوتن لەسەر چەند بنەماو ئامانجی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانیان، ئەم دیاردەیەش لەناو حزبە سیاسی و رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان بەدەر دەکەوێت.

باسی دووەم

سەرهەڵدانی حزبی سیاسی

١- بێ گومان حزبی سیاسی وەك قەوارەیەكی كۆمەڵایەتی دەكەوێتە ژێر كاریگەری ژینگەو ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتیەی كە تیادا سەری هەڵداوەو لەبواری ئاراستەی جیاوازدا حزب بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ لەتەمەنیدا دیلی ئەو كارتێكردنانە دەمینێتەوە، بەڵام ئەو راستیە رۆڵی گۆڕانكاری حزب دوورناخاتەوە لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی و سیاسی.

دیاردەی حزبە سیاسەكان بەچەمكە هاوچەرخیەكەی ڕەگ و ڕیشەكەی پڕە لەو رووداو بەسەرهاتانەی دەر ئەنجامی ئەو پەرەپێدان و گۆڕانانەن كە گوزارشت لەبزووتنەوەو شۆڕشە میللیەكان دەكەن و بەرەنگارییە كۆمەڵایەتیەكان و پەرەپێدانە هزرییەكان دەنوێنن كە بەگشتی بنەما مێژووییەكانی پێكدێنێ و زەمینەی كۆمەڵایەتی و كەش و هەوای سیاسی لەبار ئامادە دەكەن بۆ سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە، لەوانە : (٣)

- چاكسازی ئایینی، بەتایبەتی ئەوی لەسەر دەستی (مارتن لوثر) لەئەلمانیا سەری هەڵدا ساڵی (١٥١٧) و هەروەها جۆن كالفن لە فەرەنسا ساڵی (١٥٣٤).
- دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی.
- شۆڕشی گەورەی پیشەسازی.
- پەیدابوونی ئایدیۆلۆژیا گەورەكان (لیبرالی – سوسیالستی).

- بەرپابوونی شۆرشە گەورەکان، شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشی ئەمەریکی، شۆڕشی کۆمونیستی.

٢- لەنێوان توێژەران ڕێککەوتنێك هەیە لەسەر ئەوەی کە حزبە سیاسیەکان بە چەمکە نوێیەکەی دیاردەیەکی تازەیە لەسەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد، سەر هەڵدان و دروست بوونیان دوو شێوازی وەرگرتووە.

یەکەم //

حزبەکانی پێکهاتەی ناو پەرلەمان.

مێژوو باس لەسەر هەڵدانی حزبە سیاسیەکان دەکات هەڵگری خسلەتە نوێیەکان کەبەهۆی بەش بەش بوونی پەرلەمان بووە بەچەند گروپ و بەشێکی سیاسی، بەکاریگەری فاکتەری ئایدیۆلۆژی یان ویستی بەرگریکردن لەبەرژەوەندییە پیشەیی یاخود هەرێمایەتیەکان.

ڕەنگە ویستی بەرگریکردن لەبەرژەوەندییە هەرێمایەتیەکان، هۆکاری بنچینەیی بێت لەدروست بوونی گروپەکانی ناوپەرلەمانی فەرەنساوی، بەلام هەر زوو بۆ ئەو گروپە پەرلەمانیانە دەرکەوت کەیەك دەنگی و گربوونەوەیان تەنها بریتی نیە لەباس کردنی بابەتە هەرێمایەتیەکان، بەڵکو لەوە تێپەڕ دەبێت بۆ ئەوەی بابەتە سیاسیەگشتیەکان و کێشە نیشتمانیەکان بگرێتە خۆی بۆیە لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە نوێنەرانی ناوچەکانی تریش بۆ لای خۆیان ڕاکێش بکەن و لەگەڵ ئەوانی تر یەك ڕابن.

سەرەڕای فاکتەرە هەرێمایەتی و ئایدیۆلۆژیاییەکان، فاکتەری بەرژەوەندی ڕۆڵی خۆی بینی لەپێکهێنانی گروپەکانی ناو پەرلەمان، وەك دروست بوونی چەند دەستەیەك لەسەر بنچینەی سەندیکایی کە ئامانجەکەی پارێزگاریکردنە

لەبەرژەوەندی ئەندامانی و کارکردن بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەیان، بەتایبەتی لەو جۆرە سیستمانەی هەلبژاردن پێویستی بەهەوڵێکی بەکۆمەڵدایە.

دروست بوونی حزبە سیاسیەکان پشت بەستونەبووە تەنها لەسەر دابەش بوونی پەرلەمان بۆ چەند کۆمەڵ و بەشێك بەڵکو پشت بەستوو بووە بەپێکهێنانی ئەنجومەن و لیژنەکانی هەلبژاردن، ئەو ئەنجوومەن و لیژنانەی کە پێکهاتوون بۆ ناساندنی پاڵێوراوان بەدەنگدەران و هەوڵدان بۆ کارتێکردنیان.

بەم شێوازە حزبە سیاسیەکان لەئینگلترا پێکهاتوون، لەساڵی (١٦٨٠ز) لەناو پەرلەمانی بەریتانیا بەشێك پێکهات لەبازرگان و پیشە سازو تەکنوقرات و بورژوازییەکان بەگشتی کە چینێکی کراوەو پێشکەوتوو بوون و کەوتنە لایەك و پێیان دەوترا (ویگ) لەبەرامبەردا چینێکی تر پێکهات لە دەرەبەگ و مولکدارو پیاوانی ئایینی کە بەرگری و پارێزگاریان لەداب و نەریتی رەسەنی وڵات دەکردن و پێیان دەوترا (تۆری) کە لەدوای چاکسازییەکانی (١٨٣٠ — ١٨٨٤) هەر دوو حزبی لیبرال (ئازادیخوازان) و پارێزگارانی لێ پێکهات. (٤)

لەکتێبی — موسوعە علم الاجتماع — داهاتووە: (٥)

تاساڵی (١٨٥٠)ز لەهیچ وڵاتێك بەو ماناو پێناسەی ئێستا حزبایەتی نەبووە، بەڵام دەستەو یانەو کۆبوونەوە هەبووە.

دووەم //

حزبە سیاسیەکانی پێکهاتەی دەرەوەی پەرلەمان .

لێرەدا مەبەست لەو حزبانەیە کەبە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵە فیکرییەکان و یانە میللی و سەندیکا کرێکاریەکان و جۆری تر پێکهاتوون لەدەرەوەی پەرلەمان، بەڵام پێویست دەکات کە سەرنجی ئەوە بدەین جیاوازییەکانی نێوان ئەو حزبانەی لەناو پەرلەمان دروست بوونەو ئەوانی لەدەرەوە بوون

یەکلاکەرەوە نیـە، بـەڵکو ئـەوە هەوڵدانێکـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی لایـەنی زاڵ بـوو لەپێکهاتنی ئەو حزبە، چونکە تێکەڵاو بوونی هەردوو شێوازەکە زاڵە، هـەروەها دەبـێ لـەوە ئاگاداربین کـە ناکرێت بووترێت ئـەم حزبانـە تـەنها پێکهاتـەی نـاو پەرلـەمانن یـاخود ئـەوانی تـر پێکهاتـەی دەرەوەی پەرلـەمانن بـەپێی ئـەم بنـچینەیە چـەندین حزبـی سیاسـی پێکهـات کـە سـەندیکای کرێکـاران ڕۆڵیـان هـەبووە لەدروسـت بوونیـان بـۆ ئـەوەی هەڵبـژاردنی نوێنـەرەکانیان لەپەرلـەمان مسۆگەر بێت.

هەروەها بە هـەوڵ و تێکۆشـانی کۆمـەڵەی هـەرەوەزی و کشتوکالیەکان چـەندین حزبـی جوتیـاری دامـەزرا، شـایانی باسـە کۆمـەڵـە هزرییـەکان و یەکێتیـە کرێکاریەکان کاریگـەری گـەورەیان هـەبووە لەدەرکـەوتنی حزبـە چـەپ ڕەوەکـان لەماوەی سەدەی نۆزدەدا لەئەوروپا.

کۆمـەڵەنهێنیـەکان یـەك لەگـەورەترین فاکتـەرە دەرەکیەکانـە لـەپێکهاتنی حزبـە سیاسـیەکان، زۆر جـار هەنـدێ کۆمـەڵە بـەنهێنی کاردەکـەن و لەهـەوڵی ئـەوەدان کەمۆڵەتی فەرمیان پێ بدرێت و پاشان بوونەتە حزبی سیاسی.

نموونـەی ئـەو کۆمەڵانـە گروپـەکانی بەرهەڵـستکاری لـەماوەی جـەنگی جیهـانی دووەم لەئەوروپا، وەك بزووتنەوەی کۆماری میللی لەفەرەنسا، حزبی دیموکراسی مەسیحی لەئیتالیا.

لێرەدا دەبێ ڕۆڵی کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئابوورییـە گـەورەکان پـشت گـوێ نەخـەین لەدامەزرانـدنی چـەند حزبێکـی راسـترەو وەك (بانکـەکان، پـرۆژە ئابوریـەکان، سەندیکاکان).

(موریس دفریجیە) لەکتێبەکەی (حزبە سیاسەکان) ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئەنجومـەن و کۆمەڵەکان دەکات لەدامەزرانـدنی حزبـەکانی دەرەوەی پەرلـەمان، ئـەو کۆمـەڵەو

ئەنجومەنانە بنکەی بنچینەیی پێك دەهێنن بۆ دروستبوونی حزبە سیاسیەکان لەئەوروپا، لەو ڕێکخراوانە: (٦)

١- سەندیکای کرێکاران و کۆمەڵەی جوتیاران.

٢- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هزری.

٣- ڕێکخراوی خوێندکاران.

٤- کلێسەو تیپەئاینیەکان.

٥- کۆمەڵەی جەنگاوەرە دیرینەکان.

٦- کۆمەڵە نهێنیەکان.

ئاکارە جیاوازەکانی نێوان حزبەکانی پێکهاتەی ناو پەرلەمان و حزبەکانی پێکهاتەی دەرەوەی پەرلەمان: (٧)

١- **ئامانج :** حزبە پەرلەمانیەکان بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی گەیشتن یان مانەوەن لەپەرلەماندا، بەڵام حزبەکانی تر ئامانجەکانیان دوورترە.

٢- **ناوەندێتی :** ئەو حزبانەی لەدەرەوەی پەرلەمان پێکهاتوون ڕێبازی ناوەندێتی زیاتر پیادە دەکەن لەوانی تر.

٣- **ڕێکخستن :** ئەو حزبانەی لەدەرەوەی پەرلەمان پێکهاتوون لەرووی ڕێکخستن و دیسپلینەوە زیاتر توندترن تا ئەوانی تر .

٤- **ڕۆڵی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان:** نوێنەرانی حزبە پەرلەمانیەکان پێگەی سەرکردایەتیان هەیە لە ناو حزب، بەڵام ئەوانی تر ڕۆڵیان مام ناوەندییە.

حزبەکرێکارییەکان : (٨)

ئـــەم حزبانـــە ســـەرەتای دامەزرانـــدنیان لـــەولاتانی ئـــەوروپای رۆژ ئـــاواو ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ سالانی بیست و سییەکانی سەدەی نۆزدەدا.

بـەلام حزبـی تونـدو تـۆڵ نەبوونـە، ژمـارەی ئەنـدامانیان کـەم بوونـەو زۆری نەدەخایاند هەڵدەوەشانەوە.

حزبـی (تـشارت)ییـەکان کـە لـەئینگلترا دامـەزرا لەسـەرەتای چلەکانی سـەدەی نۆزدەدا کاریگەری قولی لەمێژووی بزوونەوەی کرێکاری جێهێشتووە ژمارەیـەکی زۆری ئەنـدامی هـەبووە (نزیکـەی ٥٠ هـەزار)، بـەلام لـەڕووی ڕێکخستنەوە لاواز بووە، هەروەها ئەندامانی بیرو باوەڕو هزرییان روون نەبووە.

چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێری جەماوەری لەولاتانی ئەوروپا سەری هەڵداوە، وەك (بزووتنـەوەی یەعقوبیـەکان) و پلانکیـەکان) لـە ولاتـی فەرەنسا، هـەروەها کۆمەڵەی (خەلوزفرۆشان) لەئیتاليا و (میللیەکان) لەولاتی روسیا.

حزبە کرێکارییەکان لەئەنجامی تێکەڵبوونی بزووتنەوەیەکی خۆرسکی کرێکاران بەسوسیالستی زانستیانە سەریان هەڵداوە، ئەو حزبانـە لەهـەولی بلاوکردنـەوەی بیروباوەڕی سوسیالستی و گەشەپێدانی گیـانی یـەکڕیزی و پـەروەردەو هۆشیاری بوونە لەناو کرێکاران.

کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان (١٨٤٧ — ١٨٥٢) کەلەلایەن مارکس و ئەنجلز دروست کـرا یەکەم ڕێکخراوی کرێکاری بووە، ئامانجی ڕێکخستنی کرێکاران و بەدەست گرتنی دەسەلات بووە.

حزبەکرێکارییـــەکان (مـــارکس — لینینـــی) جیـــاوازن لەهـــەموو حزبـــە کرێکارییەکانی تر لەڕووی ئاشکرایی ئامانج و شێوازی کارکردن و ڕێکخستن.

حزبەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: (٩)

ڕۆشنبیری و کەلتووری سیاسی ئەمریکی، کاریگەری گەورەی لەسەر چەسپاندنی سیستمی حزبایەتی و فرە حزبی لەو وڵاتەدا هەبووە دیارە لەڕووی مێژووییەوە دروستبوونی گروپی حزبی دەگەڕێتەوە بۆ دوای دروستبوونی کۆنگریسی ئەمەریکی و یەکگرتنی ویلایەتەکان، لەو سەردەمەدا دووای نووسینەوەی دەستوور و هەلبژاردنی (جۆرج واشنتۆن) وەك یەکەمین سەرۆك بۆ ئەمەریکا لەنێوان سالانی (١٧٨٩ – ١٧٩٧) هەر زوو ململانێ و دووبەرەکی دەستی پێکرد.

بەشێك پشتیوانی دروستبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناوەندی بەهێزیان دەکرد لەژێر سەرکردایەتی (هاملتۆن).

لەبەرامبەردا (تۆماس جیفرسون) سەرکردەیەکی دیموکرات خواز بوو، لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدرالی بوو کە ویلایەتەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نەدەن و تاکەکانیشی ئازادبن ودژی سەرکوتکردن و زۆر داری بوو.

دەکرێت بووترێت هەر لەکۆنگرەی دارشتنی دەستورەوە گروپی حزبی لەئەمریکادا سەری هەڵدا، (جۆرج واشنتۆن) کەبەیەکێ لەپیادەکارانی سیاسەتی فیدرالیخوازەکان ناسرابوو کە چی لەدەست نیشانکردن و هەلبژاردنیدا بوونی فیدرالیخوازو دیموکراتی – کۆماریخواز (کەجیفرسون سەرکردایەتی) دەکرد بەهەند وەرنەگیرا، هەرلەبەر ئەوەش بوو بەکۆی دەنگ کرایە سەرۆك بەلام لە دوای هەلبژاردنی ئەم پیاوە بەسەرۆك لەسەر ئاستی حزبی، ژیانی سیاسی لەئەمەریکا گەشەی زیاتری بەخۆوە بینی، چونکە ململانێی هزری و کرداری (جیفرسون)ی دیموکراتیخوازو (هاملتون)ی فیدرالیخواز بەهێزتربوون و بەتەواوی لە ژیانی سیاسیدا ڕەنگی دایەوە لەبەر ئەوەی ویلایەتەکانی باکور بەنفوزی فیدرالیخوازەکان دەناسران زیاتر بوون و بەهێز تر بوون لەدوای خۆ

پالآوتنـەوەی (واشـنتۆن) بـۆ سـەرۆکایەتی کەسـێکی تـری فیـدرالیخواز بـەناوی (جون ئادەمز) لەنێوان سالآنی (١٧٩٧ – ١٨٠١) هەلبژێردرا.

(چـۆن ئـادەمز) وەك درێژەپێـدەرێکی سیاسـەتەکانی واشـنتۆن بـەردەوام بـوو لەسـەرۆکایەتیکردن و گرینگـی زۆری بەسیاسـەتەکانی دەرەوە دەداو خواسـت و ویستی خەڵك و جەماوەری لەناو خۆدا فەرامۆش کـرد کـە ئەمـەش بـووە مایـەی دروسـتکردنی کـەلێنێکی گـەورە لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆی و بەئاسـانی لەلایـەن جیفرسـونەوە تـوانرا بقۆزرێنـەوە، ئـەوەبوو لـەڕێگای کۆکردنـەوەی دەنگـی جوتیاران وردە بورژواو بازرگانەکانـەوە لەهەلبژاردنـەکانی سـاڵی (١٨٠٠)دا تـوانی جڵـەوی دەسـەڵات بگرێتـەوە دەسـت و بەمـەش تاسـاڵی (١٨٠٩)دا لەسـەرۆکایەتی مایەوە، بەم شێوەیە ژیـانی حزبایـەتی لەئەمـەریکادا ڕێـچکەی گـرت و بـەردەوام بوو، هەر دوو حزبی سەرەکی لەئەمەریکا لەو بەروارانە دامەزران:

١- حزبی دیموکرات ساڵی ١٧٣٩ .

٢- حزبی کۆماری خواز ساڵی ١٨٥٥٤

میژووی سەرهەڵدانی حزب لەولآتانی جیهانی سێیەم :

سەرەرای جیاوازی لەبارودۆخی سیاسـی و کۆمەلآیـەتی و جـۆراو جـۆری ئاسـت و پلـەی پەرەپێـدان و جیـاوازی لـەو قۆناغـە مێژووییانـەی کـە ئـەو ولآتانـە پێیـدا تێپـەڕ بوونـە، بـەلآم لێـرەدا خـالێکی هاوبـەش و لەیـەك چـوو هەیـە لەئاسـت دیاردەی سەرهەڵدانی حزبەسیاسیەکان لـەڕووی ئـەرك و ڕۆڵ و ئـەو ئامانجانـەی چاوەروان دەکرێت لێیان، هـەموو ئەوانـە گوزارشـت لەچـەند ئاکارێکی هاوبـەش دەکەن لەنێوان ئەو ولآتانە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە: (١٠)

١) درەگەوتنی حزبەسیاسیەکان لەپێویستیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە، هەڵقوڵاوی پەرەپێدان و دەرئەنجامی تایبەتمەندییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانە سەپاندوویەتی، هەروەك لەکۆمەڵگە سەقامگیرەکاندا ڕوویداوە، لەم وڵاتانە وەك کاردانەوەیەك بووە دژ بەو دۆخە داگیرکارییە و دەست ڕۆییە فراوانەی بیانی کەوڵاتانی جیهانی سێیەم ملکەچی بوونە.

٢) دروست بوونی حزبە سیاسیەکان لەوڵاتانی جیهانی سێیەم لەئەنجامی بریاردان لەسەرمافی دەنگدانی گشتی و فراوان بوونی بواری دەنگدان نەبووە لەڕێگای گروپ و لیژنە پەرلەمانیەکانەوە، بەڵکو بەپێچەوانە ئەوە لەگرینگترین ئامانجەکانی دروست بوونی حزبە سیاسیەکاندایە.

٣) دەرکەوتنی حزبە سیاسیەکان لەوڵاتانی ڕۆژئاوا، لەگەڵ فراوان بوونی بەشداری کردنی سیاسیەنەو مافی دەنگدانی گشتیەوە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانەوە هاتووە، ئامانج لەپێکهێنانی حزب بەکورتی ئامرازێکی نموونەییە بۆ ڕاپەراندنی ئەو ئەرکە.

بەڵام ئامانج لەدروست بوونی حزبی سیاسی لەجیهانی سێیەم بەشێوەیەکی گشتی، خەباتکردنە لەپێناو کۆتایی هێنان بەباری داگیرکاری بیانی و بەدی هێنانی سەروەری سەربەخۆیی نیشتمانی و دروست کردنی دەوڵەت و داکۆکی کردنە لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی.

٤) ئاکارەکانی سەرهەڵدانی حزبەسیاسیەکان لەوڵاتانی جیهانی سێیەم:

أ) بەزۆری حزبە سیاسیەکان لەجیهانی سێیەمدا بوونی بەرنامەو پرۆژەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوون لەدەست دەدات، لەکاتێکدا ئەم مەرجە لای حزبە سیاسیە رۆژ ئاواییەکان کارێکی بەڵگەنەویستە، هۆیەکەش بۆ سەرقاڵ بوونیان دەگەڕێتەوە بەخەبات لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانی.

ب) چەمکی حزب لەوڵاتانی جیهانی سێیەم هەمان ئاماژەو مانای حزبی نەبووە لەڕووی ستراکتورو ئەرك و توخمەکانی تری کە چەمکی حزب لەوڵاتانی ڕۆژئاوا هەیەتی، بۆیە ناولێنانی کۆمەڵ و گروپە میللیەکان بەووشەی حزب لەراستیدا وەك شتێکی فۆرمی مایەوە.

ج) ناکرێ ڕۆڵی دەسەڵاتدارییە ئیستعماریەکان لەبیربکەین لەدورستکردنی چەندین حزبی سیاسی سەربەخۆی ئەنجامدانی چەند ڕۆڵێك کەپێیان سپێراوە.

٥) حزبە سیاسیەکان لەوڵاتانی جیهانی سێیەم بەرەو ڕووی ڕەخنە گرتنی زۆر بوونەتەوە لەلایەن توێژەران کە دەکرێت ئەو ڕەخنانە لەسێ تەوەردا کۆبکەینەوە :

أ) ئەو حزبانە جۆرێك شێواویان پێوە دیارە جیاوازە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەمانای راستەقینەی حزب.

ب) ئەو حزبانە تەمەن کورتن، لەبەر ئەوەی بوونیان بەستراوەتەوە بەرکێکی دیاریکراو.

ج) ئەو حزبانە لاوازن، لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە بێ توانان، ڕێکخستنیان پوچەلە.

٦) <u>**حزبە سیاسیەکان لە وڵاتانی عەرەبی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەریان هەڵداوە بۆ نموونە (١١)**</u>

أ) یەکەم حزب لەوڵاتی میسر دامەزرا لەساڵی (١٨٨١) کە ئەویش حزبی نیشتمانیە بە سەرکردایەتی (احمد عرابی)، لەئامانجە گرینگەکانی زرگاربوون لەدەسەڵاتداری بیانی و دامەزراندنی حکومەتێکی دەستووری.

ب) لەوڵاتی تونس حزبی (تونس الفتاة) دامەزرا لەساڵی (١٩٠٧)، بانگەوازی بۆ سەربەخۆیی دەکرد.

ج) لەعێراق دامەزراندنی حزبی سیاسی ڕێگای پێ نەدەدرا بەپێی یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی، پاش دامەزراندنی حزبی (اتحادو ترقی) ساڵی (١٩٠٨) لە وڵاتی تورکیا، لقێکی ئەو حزبە لەعێراق دروست بوو، لەساڵی (١٩١١) حزبێکی تر لەتورکیا پێکهات لەژێر ناوی (الحزب الحر المعتدل) لقێکی ئەو حزبەش لەبغداد پێکهات.

٧) لە وڵاتانی ئاسیا، حزبی (کۆنگرەی) هیندی بەدەرکەوت لەکۆتایی سەدەی (١٩) هەروەها لەوڵاتانی چین حزبی (کومینتانگ) دروست بوو.

٨) **سەرهەڵدانی ڕێکخراوی سیاسی لەکوردستان** : (١٢)

حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەکوردستاندا بەرهەمی پرۆسەیەکی یەکگرتن و کار لە یەککردنی سیاسیانەی ڕێکخراوو کۆمەڵەو حزبە کوردییەکان بوون لەماوەی مێژووی نوێی کورددا.

هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوو یانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەکوردستان پێکهاتوون.

لەکوردستانی (تورکیا) باکور یەکەم کۆمەڵە لەژێرناوی (یەکێتی و باڵا بوون) دامەزرا لەمانگی مایسی ١٨٨٩ز، بەبەشداریکردنی کوردەکان لە دامەزراندنی.

لەکوردستانی (عێراق) باشور لەمانگی تمووزی سالی ١٩٣٢ کۆمەڵەیەکی نهێنی لەژێر ناوی (کۆمەڵەی کوردستان) لەشاری سلێمانی دامەزرا بە سەرۆکایەتی (مستەفا پاشای یاملکی) لەو قۆناغەدا ئامانجی کۆمەڵ پشتگیریکردنی شێخ محمود بووە.

لەئێران لەماوەی شۆڕشی دەستووری، لیژنەیەك لەشاری مەهاباد پێکهات لەژێرناوی (لیژنەی بەرگریکردن لەدەستوور).

لەکۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەم لەکوردستانی (ئێران) ڕۆژ هەڵات ڕێکخراوێك لەژێرناوی (حزبی ئازادیخوازانی کوردستان) دامەزرا بە سەرۆکایەتی دکتور عزیز زەندی.

بەم جۆرە حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەگەڵ پەرە پێدانی کۆمەڵگە و گۆڕانی قۆناغەکان پەرەیان سەندو حزبی سیاسی نوێ دروست بووە.

تیۆرەکانی دەرکەوتنی حزبە سیاسیەکان.

گرینگترین ئەو تیۆرانەی کە لەرەچەلەکی حزبە سیاسیەکان دەکۆڵنەوە بریتین لە : (١٣)

١- **تیۆری بونیاد گەرایی:**

ئەم تیۆرە لەژێر ڕۆشنایی بونیادی کۆمەڵگا بەدوای رەچەڵەکی حزبە سیاسیەکان دەگەڕێت، هەندێ مەسەلەی وەك ڕێبازەکانی ئابووری و ڕیز بەندی چینەکان بەبزوێنەری سەرەکی گەشەکردنی بزووتنەوە حزبیەکان و پێشکەوتنیان دەزانێت.

٢- **تیۆرەکانی ڕێکخستن:**

ئەم تیۆرە لەرەچەڵەك و سەرهەڵدانی حزبەکان دەکۆڵێتەوە لەچوار چێوەی ڕێکخستندا.

٣- **تیۆری کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژی:**

ئەم تیۆرە لەگۆرانە کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژییەکان و ئەو ڕۆڵەی لە دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوانە دەیبینن دەدوێت.

بەکورتی :

توێژینەوەکان لەدیدگای جۆراو جۆرەوە باس لەچوار تێڕوانینی جیاواز دەکەن بۆ سەرچاوەی ئەم حزبانە، هەریەکەیان دەتوانێ بەشێك لەپرۆسەی دروستبوونی حزبە سیاسیەکان ئاشکرا بکات، ئەم بۆ چوونانە بریتین لە: (١٤)

١) تێڕوانینی دەزگا گەرا

بەردی بناغەی ئەم بۆ چوونە لەلایەن (موریس دوفرجیە) دانراوە، کە دەڵێ یەکەم حزبی سیاسی لەرۆژ ئاوادا لەناو ئەنجومەنەکانی یاسا داناندا و لەدەرئەنجامی سروشتی بەگشتی بوونی مافی دەنگدان و بەهێز بوونی پەرلەمانەکانی دروست بوون.

٢) تێڕوانینی مێژوویی:

لەسەر پێکدادان و ناکۆکیە مێژووییەکان لەرەوتی گەشەکردنی سیاسی کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکان بنیات نراوە.

٣) تێڕوانینی گەشەخواز:

ئەم بۆچوونە پێی وایە حزبە سیاسیەکان زادەی پرۆسەی نوێگەرایین و لەهەناوی گەشەی نوێگەرایدا سەریان هەڵداوە .

٤- تێڕوانینی کارکرد گەرایان:

ئەم بۆچوونە دەڵێ ئەو دەزگایانەی لەناو کۆمەڵگەدا بوون، توانای ئەنجامدانی کارکردە نوێکانیان نەبووە، حزبە سیاسیەکان لەرەوتێکی سروشتی بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پێداویستیانە دروست بوون.

باسی سێیەم

چەمك و پێناسەی حزبی سیاسی

أ) کۆمەڵناسە کلاسیکیەکان مەبەستیان لەزاراوەی – ڕێکخراو – کۆمەڵگە گەورەکان بووە، ئەو بۆ چوونە تایبەت بووە بەتوێژینەوەکانیان، پاشان هەموو گروپ و کۆمەڵە کۆمەلایەتیەکان کەوتۆتە بازنەی بۆ چوونەکانیان بەرەچاوکردنی جیاوازی قەبارەیان. (١٥)

(ئۆگست کۆنت) پێناسەی ڕێکخراو دەکات بەوەی جۆرێك لەڕێککەوتنی کۆمەلایەتی گشتیە، باوەڕی وابووە کە هێزی حکومەت لەڕێکخراوە کۆمەلایەتیە جۆراو جۆرەکانەوەیە.

(هربرت سبنسر) زاراوەی ڕێکخراوی کۆمەلایەتی بەکار دێنێ لەکتێبەکەی (بنەماکانی کۆمەڵناسی) بەمەبەستی پەیوەندییەکانی نێوان سیستمەکانی کۆمەڵگە، وەك پەیوەندی سیستمی سیاسی بەسیستمی ئابووری و ئاینی ...

(ئەمیل دورکەهایم) لەکتێبەکەی (خۆکوشتن) زاراوەی ڕێکخراوی کۆمەلایەتی بەکاردێنێ بەمەبەستی (تەواوکاری کۆمەلایەتی لەنێوان بەشەکانی کۆمەڵگەو یاسادا کە ڕێککەوتنی کۆمەڵگە لەسەر شێوازی دیاریکراوی بەهاو ڕەوشتەکان دیاری دەکات.

بەلام بەکار هێنانی سەردەمیانە بۆ ڕێکخراوی کۆمەلایەتی لەوە تێپەڕ نابێت کە تەواوکاری بەشەکانی کۆمەڵ بگرێتەوە، چەند بێت قەبارەیان.

ب) چەمکی حزب لای بەشێکی زۆری نووسەرو توێژەوە ڕۆژئاواییەکان بەستراوەتەوە بەدیموکراسیەت و دەسەڵاتی پەرلەمان بەپێی بۆ چوونی لیبرالی بۆ حزب و تێکڕای ئۆرگانە سیاسیەکان لەکۆمەڵگەدا.

ئەو حزبەی متمانەی جەماوەر بەدەس بێنێت و دەنگە کانیان وەربگرێت و دەسەڵات بەدەس بگرێت بەدەسەڵاتداری شەرعی دادەنرێت. (١٦)

شیرکردنەوەی چەمکی حزب لەدیدی ئەو نووسەرو توێژەرانەی کە ئایدیۆلۆژیا دەکەنە سەرچاوە بۆ ڕۆڵ و فەرمانی حزبە سیاسیەکان بواری تری هەیە.

چەمکی حزب لای حزب و ڕێکخراوە کۆمونیستەکان بریتیە لەپێشڕەوی چینە زەحمەتکێشەکان کەهەوڵی لەناو بردنی چەوساندنەوە دەدات بە هەموو شێوەکانی.

هەندێ لەتوێژەرانی بابەتی حزب لای بزووتنەوە ئیسلامیەکان، چەمکی حزب دەبەستنەوە بەئایین بەو هەندەی کە ئیسلام کۆکەرەوەی هاوبەشە لەنێوان هەموو ئەوانی پەیوەندییان پێوەی هەیە بەهەموو نەتەوەو چین و ڕەگەزەکان.

بۆیە چەمکی حزب هەر لەسەرەتای بڵاو بوونەوەی دیاردەی حزبە سیاسیەکانی وەك یەك لەپێکهاتەکاراکانی سیستمە سیاسیەکان لەسەدەی نۆزدەوە تا ئەمڕۆ زنجیرەیەك گۆڕانی گەورەو فراوانی بەسەردا هاتووەو بەتایبەتی هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کە جیهان بەرەو ڕووی بڵاو بوونەوەی ڕێکخراوو حزبە سوسیالستیەکان بۆتەوە، هەروەها دروست بوونی حزب و ڕێکخراوە ڕزگاری خوازی نیشتمانیەکان لەوڵاتانی جیهانی سێیەم.

پێناسە کردنی حزب پشت بەڕۆژگاری پێویست دەبەستێت، هەر ڕۆژگارێك پێناسەی تایبەتی هەیە بۆ زاراوەی حزب و چەمکی حزب.

ج) پێناسەکان بۆ حزب سیاسی جۆراو جۆرو زۆرن، دەکرێت چەند تەوەرێکی سەرەکی دیاری بکرێت کەلەماوەیدا پێناسەی حزبی سیاسی بدۆزرێتەوە.

١- تەوەری هزری لیبرالی : (١٧)

ئەم هزرە بایەخ بەلایەنی کرداری یان ئامانجی کۆتایی پرۆسەی سیاسی دەدات کە حزب پێی هەڵدەسێت، بەرنامەی سیاسی حزب ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لەقۆناغی دامەزراندنی، چونکە کار بۆ هێنانەدی گونجاندن دەکات لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکی جیاواز تالایەنە ڕێکخراوەییەکەی بەهەند وەردەگیرێت پاشان.

بۆیە شارەزای فەرەنسی (بنیامین کونستانت) پێناسەی حزب دەکات بە (کۆمەڵە کەسانێك یەك ڕێبازی سیاسیان هەیە) .

هەروەها (ئەندریە هوریو) پێناسەی حزب دەکات کە (ڕێکخستنێکی هەمیشەییە لەسەرئاستی نیشتمانی و ناوچەیی دەجوڵێت لەپێناو بە دەست هێنانی پشتگیری میللی، بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی سیاسەتێکی دیاریکراو) .

٢- تەوەری هزری سوسیالستی – مارکسی :

ئەم هزرە چەمکی چینایەتی بەرز کردەوە بۆ حزب بە شێوەیەکی تایبەت، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی حزب و پەیوەستیە ئابورییەکانی ئەندامانی لەگەڵ ئەو پلەو پێگانەی بەدەستیان هێناوە لەناو کۆمەڵ جێگای گرینگی پێدانە.

بۆیە بەپێی پێناسەی (سلیس) حزب بریتیە لە :

کەرتێکی پێشەنگە لەچینێك، ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانیانە، رابەرایەتیان دەکات بەرەو ئامانجێك (یان ئامانجەکانیان) بەڵام لینین باوەڕی وایە کەحزب چەمکی پێشەنگی شۆڕشگێڕانەی وەرگرتووە (پێشەنگێکی ڕێکخراو) بۆیە بایەخ بەخۆ تەرخانکردنی ئەندام بۆکاری شۆڕشگێری و ڕێکخستن دەدات.

٣- مەبەست لەزاراوەی حزب لەدەق و کەلەپوری ئیسلامی (هەر کۆمەڵێك خواست و کارەکانیان دەربارەی هەر شتێك کۆ ببێتەوە، مەرج نیە ئەو کۆمەڵە سیاسی بێت ئامانجی گەیشتن بێت بە دەسەلآت.

حزب لەدەق و کەلەپوری ئیسلامی وا پێویست ناکات کە کۆمەڵێك لەیەك ڕێکخستندا بەشداری بکەن و یەك سەرکردایەتیان هەبێت.

بەلآم لەهزری سیاسی سەردەم، مەبەست لەحزب کۆمەڵێکی ڕێکخراو یەك ئامانج و یەك هزرو یەك ڕێکخستن کۆیان دەکاتەوە.

د) چەند پێناسەیەکی جۆراو جۆر بۆ حزبی سیاسی، لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە:

١) حزب بریتیە لەو بەشەی زیاتر کاراو ڕێکخراوە لەچینێك یان توێژێك حزبە سیاسیەکان بوونیان بەستراوەتەوە بەدابەش بوونی کۆمەلگە بەچەند چینێك و نەگونجاندنی ئەو چینانە لەنێوان خۆیاندا لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز لەبەرژەوەندییەکانی چین و ئەو گروپانەی کۆمەلگەی لێ پێك دێت.

حزبە سیاسیەکان گرینگترین ئامرازی ئەو چینانەن کە بەکاریان دەهێنێ لە خەباتدا لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان (١٨).

٢) ڕێکخستنێکە کۆمەڵە کەسانێك دەگرێتە خۆی، هەلگری هەمان دیدگای سیاسین کار بۆ ئەوە دەکەن بیروباوەرەکانیان بخەنە جێگای جێ بەجێکردن، بەکارکردن لەیەك کاتدا بۆ کۆکردنەوەی گەورەترین ژمارەی هاولآتیان لەریزەکانیان بۆ بەدەسگرتنی یان بەلای کەم کارتێکردن لەبریارەکانی دەسەلآت. (١٩)

٣) حزبی سیاسی : بەمانای دەستەو گروپ و هاو ڕێباز هاتووە، بەرێکخراوێکی سیاسی دەگوترێ کە ژمارەیەك خەلکی هاو بیرو هاو ئامانج تێیدا کۆدەبنەوەو بەباس و چالآکی لەکۆمەڵ هەولی گەیشتن بەئامانجێك دەدەن کە چاکسازی کۆمەلگای بەدوواوە بێت (٢٠)

باسی چوارەم
پۆلین کردنی حزبە سیاسیەکان

دەربارەی پۆلین کردنی حزبە سیاسیەکان لای توێژەران جۆرە ئالۆزییەك هەیە، یەك جۆر پۆلین کردن نیە بەهۆی جیاوازی لەپێوەرەکان و جیاوازی بیرو بۆ چوونەکان.
لێرەدا دەکرێت چەند وێنەیەکی بەرچاوی لە ئەو پۆلین کردنانە باس بکەین : `

یەکەم //

(٢١) دکتور صالح جواد و علی غالب، پشتیان بەدوو پێوەری سەرەکی بەستووە لەپۆلین کردنی حزبە سیاسیەکان، ئەو دوو پێوەرەش بریتین لە : پێکهاتەی ناو خۆیی حزب، رەگەزە بنچینەییەکانی حزب وەك (پێکهاتەی کۆمەلایەتی، ئایدیۆلژیا، ئامانجەسیاسیەکان).
بەپێی پێوەری یەکەم، حزبەکان پۆلین دەکرێتە سەر:
١- حزبە سیاسیە نا ناوەندییەکان، (حزبە لیبرالەکان لەئەوروپا)
٢-حزبە سیاسیە ناوەندییەکان. (حزبە ئایدیۆلۆژییە کۆمونیستەکان)
٣-ئەو حزبانەی پشت بە پەیوەندییە ستوونیە ناو خۆییەکان دەبەستن وەك (حزبە فاشیزمەکان).
بەلام بەپێی پێوەری دووەم حزبە سیاسیەکان پۆلین دەکرێنە سەر:

١- لەڕووی پێکهاتەی کۆمەلایەتیەوە (بورژوازی، کرێکاری جوتیاری).
٢- لەڕووی ئایدیۆلۆژیاو ئامانجە سیاسیەکان (حزبە رادیکالیە فاشیەکان، حزبە بورژوازییە لیبرالیەکان، حزبەکانی سوسیالستی دیموکراسی، حزبە مارکسیەکان).
٣- لەڕووی فەرمان و پێگەی لەسیستی سیاسی، حزبە دەسەلاتدارەکان، حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان.
٤- لەڕووی پێکهاتەی ناوخۆیی (ئەو حزبانەی مۆرکێکی سەربازیان هەلگرتوو، حزبە ئۆتۆکراسیەکان، حزبە دیموکراسیەکان).

دووەم//

لەکتێبی - کۆمەلناسی سیاسی — پاش توێژینەوەیەکی ورد لەماوەی پەیوەندی کارەکە بەپرۆسەی هەلبژاردنەوەو، دەکرێت حزبە سیاسیەکان پۆلین بکرێنە سەر : حزبە کارگێڕییەکان و حزبە ئۆپۆزسیونەکان.

١) حزبە کارگێرییەکان : (٢٢)

ئەو حزبانەی نزیکن لەدەسەلات، بەو واتایەی ئامادەکراون تارادەیەك و بەپێی گۆڕانە دیموکراسیەکان کە زۆرینە پێك بهێنن یاخود بچنە هاوپەیمانیەتیەکی حکومەتیەوە.

کارپێکردنی ئەو حزبانە بۆ بەرپرسیارییەتیەکانی دەولەت بەوەرگرتنی کاروبارە گشتیەکان، کاریگەری بەسەر وتارو ستراتیژییەتیدا دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەگەر ئەو حزبانە پارێزگاربن یان چاکسازی، یاخود ئاراستەی چەپ یان مام ناوەندی، یان راستیان هەبێ.

٢) حزبە ئۆپۆزسیونەکان :

ئەو حزبانە کە لەناڕەزایی بوونەوە دێنە بواری کارکردن، هەوڵدەدەن بگەنە دەنگدەران لەکایەی کۆکردنەوەی ناڕەزاییەکان کەڕەنگە زمانە سیاسیەکای جۆرە هەلچونێکی پێوە دیار بێت.

حزبە کۆمونیستەکان لەرۆژ ئاوادا لەئاست چینی کرێکارو جوتیاران ئەو رۆڵە دەگێڕن.

سێیەم//

شارەزای ناسراو (موریس دوفرجیە) لەکتێبەکەی (دامەزراوە سیاسیەکان و یاسایی دەستوری سیستمە سیاسیە گەورەکان) دەربارەی پۆلین کردنی حزبەکان دەڵێت : (٢٣)

لەنێوان دوو جۆرە حزب جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە، ئەو دوو جۆرە حزبەش حزبی گەورە فەرمانبەران، حزبە جەماوەرییەکان.

١) حزبی گەورە فەرمانبەران:

بۆ یەکەم جار ئەم جۆرە حزبانە بە دەرکەوتن، ئەم پێکهاتەیە لەلایەن حزبە پارێزگارو لیبرالەکانی ئەو روپاو ئەمەریکا لەسەدەی نۆزدەدا باوەڕیان پێکرا حزبی گەورە فەرمانبەران (کادیران) ئامانجیان کۆکردنەوەی کەسایەتیەکانە، چەندایەتی لایان گرینگترە لەچۆنایەتی، ئەوانە لەکەسایەتیەکان دەگەرێن لەبەر چەندین هۆکاری مادی و مەعنەوی.

پەیکەری ڕێکخراوەیی ئەو حزبانە پێك دێت لە ئەنجومەنە ناوچەییەکان بەپێی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن.

شان بەشانی حزبە کلاسیکیەکان لەو جۆرە، حزبی زیاتر مودێرن پەرەی سەند لەسەدەی بیستەم، وەك حزبی کادیرانی ئەمەریکی کەگۆڕیانی بەسەرداهات،

بەکارتێکردنی سیستمەکانی هەڵبژاردن، هەروەها حزبی کرێکارانی بەریتانی جۆرێکی نوێی لەحزبی کادیران داهێنا.

٢) حزبە جەماوەرییەکان :

بوونیادگەری (ستراکتور) حزبە جەماوەریەکان لەلایەن حزبە سیاسیە سوسیالستەکان داهێنرا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەکی جیاواز حزبە کۆمۆنیستەکان و حزیە فاشیستەکان گواستیانەوە، هەروەها چەند حزبێکی پارێزگاری لیبرال لاساییان کردەوە کەلەحزبی کادیرانەوە خۆیان گواستەوە بۆ حزبی جەماوەری، چەند نموونەیەك :

نموونەی سوسیالستی : حزبی کرێکارانی بەریتانیا

نموونەی کۆمۆنیستی : حزبە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژئاوا

نموونەی فاشستی : حزبی فاشیستی ئیتالی و نازی ئەڵمانی

چوارەم //

لەداهێنانەکانی نووسەر (زیکموند نیومەن) حزبەکانی پۆلین کردۆتە سەر دوو جۆر : حزبی خاوەن بەرنامە، حزیی بەرژەوەند خواز. (٢٤)

حزبی بەرژەوەند خواز ، بەو حزبانە دەگوترێت کە بەرنامەو ڕەوشی خۆی بۆ تەریبوونی و گۆرانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە گۆڕیوەو لەگەڵ هەل و مەرجەکانی سەردەم دەیانگونجێنێت، ئەو حزبانە بەرنامەی تەواوو درێژ ماوەیان نیە بە ئاوردانەوە لەداواکاری شوێن و کات تێدەکۆشن کە ڕێگە چارە بۆ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بدۆزنەوە.

حزبی خاوەن بەرنامە : حزبێکە خاوەن بەرنامەی درێژخایەن و تەواو، ڕێگە چارەی بنەڕەتی بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو.

باسی پێنجەم
ئەرك و فەرمانی حزبی سیاسی

ئەو بوارو ژینگەیەی، حزبی سیاسی کارو چالاکیەکانی خۆی تیادا ئەنجامدا، هەندێ ئەرك و رۆڵی بەسەردا دەسەپێنی، دیارە دروست بوونی خودی حزبی سیاسی لەپێناو ئامانجێك یان چەند ئامانجێکدایە، لێرەدا دوو فاکتەری سەرەکی رۆلیان لەدیاریکردنی ئەو ئەرك و رۆلانە دەبێت ئەوانیش رێکخستن و ستراکتوری حزبەکەیە.

ئەو ئەرك و رۆڵانەی حزبی سیاسی پێی هەڵدەسێت دەگۆڕێ بەپێی جیاوازی هەل و مەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێك و بەپێی دیاریکردنی ئامانجەکان.

بەگشتی دەکرێت ئەو ئەرکانە لەچەند خاڵێك کورت بکەینەوە:

١) کارا کردنی ژیانی سیاسی لەوڵاتدا و گونجاندن لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵانی خەڵك، لەم رووەوە تیۆرە حزبیەکا دەبێ کاریگەریان بەسەر سیاسەتە گشتیەکاندا هەبێ .

٢- پێکهێنانی رای گشتی :

حزبەکان دەتوانن جەماوەر ئامادەو تەیار بکەن بۆ بەشداریکردن لەپرۆژەکانی بنیاتنانی وڵات، لەکۆمەڵگە فرەنەتەوەو فرە ئایین و کەلتور، حزبەکان رای

گشتی و هەڵوێستەکان دەربارەی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دروست بکەن، بەم کارەیان بۆ چوونی جەماوەر لەگەڵ پرۆسەی سیاسی بەیەکەوە گرێ دەدەن.

٣- پێگەیاندنی کادیری سیاسی:

حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان وەك خوێندنگایەکن بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندن و هۆشیاری سیاسی کەیەکێکە لەئەرکە بنچینەییەکانی هەر حزبێك، ئەمەش بەئامادە کردنی کادیرانی حزب کەتواناو لێهاتوویی هزری و هونەرییان هەیە، بۆ بەشداریکردن لەکاروباری سیاسی و گشتی وڵات.

٤- بەشداریکردن لەهێنانەدی سەقامگیری سیاسی:

حزبە سیاسییەکان لەڕێگای چەند فاکتەرێك وەك ئامادەکردن و ڕەخساندنی ئایدیۆلۆژیا یان بەشداری کردن لە پرۆسیەی سیاسی یاخود هەر دوولا بەیەکەوە دەتوانن شەرعیەت بۆ دەوڵەت بهێننەدی، هەروەها لەهەوڵ و پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی نێوان لایەنە سیاسیەکان.

حزب ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ لەبەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگە بەجۆرێك شێوازی دیموکراسیانە پێڕەو بکات و دوور بکەوێتەوە لەتوندوتیژی.

٥- بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی پالێوراوان.

یەکەم ئەرکە لەسەر حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، پێویست دەکات چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هان بدرێن و ڕێنوێنی بکرێن بۆ ئەوەی بەشداری دەنگدان بکەن.

٦- فەرمانێکی چاودێری:

حزبە سیاسییەکان هۆیەکن بۆ فشار خستنە سەردەسەڵات و چاودێریکردنی ڕەفتارو شێوازی بەڕێوەبردن، بەتایبەتی هەندێ کاروباری وەك بەڕێوەبردنی کارگێڕی و ئابوری، دیاردەکانی گەندەڵی، پەیوەندییە دەرەکیەکان.

٧- ئەرکە شاراوەکان : (٢٥)

أ) بەمرۆیی کردنی پەیوەندییە دەروونی و مادییەکان لەنێوان تاك و سیستمی سیاسی .

ب) دابینکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حزب و دامەزراوە ئابورییەکان.

ج) ڕێگا کردنەوە لەبەردەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن لەکارو چالاکیە سیاسیەکان و بەرەو سیستمی حزبایەتی.

د) بەکار هێنانی کەسانێك بۆ پرۆپاگەندەی حزبی.

٨- هوشیار کردنەوەی سیاسی : (٢٦)

یەك لەئەرکە گرینگەکانی حزبی سیاسی بریتیە لەپێگە یاندنی هۆشیاری سیاسی ئەم ئەرکە بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێتە سەر رادەی هێزو توانای حزبەکان لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکان و کارایی لەبواری کارکردندا.

ئەم کارە پێویستی بەلێهاتوویی هەیە بۆ کارتێکردن لەسەر جەماوەرو کاریگەری لەدامەزراوە سیاسیەکانی ناو کۆمەلگەو جەماوەر بەگشتی.

باسی شەشەم

توخمە سەرەکیەکانی حزبی سیاسی

پسپۆرانی بواری سیاسەت بەشێوازی جۆراو جۆر دیراسەی حزبیان کردووە، وەك: توێژینەوە دەربارەی چەند حزبێکی سیاسی دیاریکراو، توێژینەوەی بەراوردکارانە لەنێوانیان، تویژینەوە لەسەر پێکهاتەی کۆمەلأیەتیان، هەروەها توێژینەوە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان بەپەیکەری ڕێکخستن، سەرکردایەتیەکانیان، شێوازی گەشە کردن و وەرگرتنی ئەندامانیان.

هەردوو شارەزا لەبواری ڕێکخراوەکان (بروم) و (سلزنگ) لەکتێبەکەیان (کۆمەڵناسی) بەشێکی تەواویان تەرخان کردووە بۆ توێژینەوە دەربارەی ئۆرگانی کۆمەلأیەتی و پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانیان و کۆمەلأنی تر، هەوڵی ڕاڤەکردنی ئۆرگانیان داوە بەپێی ئاستەکانی پێکهاتنی. (٢٧)

بەراورد کردنە لەنێوان جۆراو جۆری حزبە سیاسیەکان بەو ئاراستەیەمان دەبات کە پشکنین لەسەر پەیوەندییەکان بکەین لەنێوان پێکهاتەی کۆمەلأیەتی وڕێکخستن و ستراتیژییەت، گونجاندن لەنێوان ئەوسێ توخمە گۆڕاوە ڕێگا خۆش دەکات کە بەباشترین شێوە خسلەت و ئاکاری حزبەکان ڕوون بێتەوە .

دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، حزبەکان هەندێکیان تارادەیەك بەئاشکرا جیاوازن، دەکرێت لێرەدا باس لەحزبە ئەمریکیەکان بکەین ئەوانی خاوەن بنکەی جەماوەرین و بەزۆری تێکەڵاو دەردەکەون تارادەیەکی گەورە.

حزبی کۆماری لایەنگرانی جیاوازن، هەڵگری ئاکاری و گوندنشینن بەڵام دیموکراسیەکان سیمایەکی رەگەزیان هەڵگرتووە، جەماوەری کۆمارییەکان بورژاوزیترن تا دیموکراسیەکان، هەر چەندە لەناوچەگوندنشینەکان دەنگدەری دیموکراسیەکانیش هەیە، خەڵکێکی خاوەن داهاتی مام ناوەندی و لاوازیش بۆ بەرژەوەندی کۆمارییەکان دەنگ دەدەن هەندێ لەرەش پێست و جولەکە دەنگ بەحزبی دیموکراسی نادەن.

توخمەکانی بچینەی کۆمەڵایەتی هەر حزبێك بەس نیە بۆ ناساندنی، حزبە کرێکاریەکان توانای پاوانکردنی نوێنەرایەتی کرێکارانیان نیە، تا ئەگەر ئەو دەنگانەی بەدەستی دەهێنن لەماوەیەکی دورو درێژدا لەئەورووپای رۆژ ئاوا دوو لەسەر سێی دەنگەکان بێت.

سەرەڕای ئەوە سەرکردە سوسیالستەکان بەتایبەتی لەفەرەنسا بەشی زۆریان سەر بەچینە مام ناوەندییەکانن (کارمەندان، فەرمانبەران، مامۆستایان) بەڵام ئەوی پەیوەستە بەخسلەتی کرێکاری بۆ زۆربەی سەرکردەکان لەحزبی کۆمۆنیستی فەرەنساوی، ئەوە بەهۆی رێبازێکی مەبەستدار نەبووە ئەوەندەی دەرئەنجامی کارێکی سەر پێی بووە.

بەڵام رێکخستن لەحزبە سیاسیەکان دەگۆڕێت بەپێی کات و شوێن، (فیبر) باوەڕی وابوە کە یاسایەکی بەڵگەداری دۆزیوەتەوە، رەنگەزاڵبوونی حزبە جەماوەرییەکان بەسەر گروپ و یانە پەرلەمانیەکان مسۆگەر بکات.

بەڵام ئەگەر لەخودی هەر سستمێك ورد بووینەوە، هەست بەوە دەکەین کە جۆرەها حزب و ڕێکخراون بەپێی بنەمای جیاواز.

ئەو لایەنەی پەیوەندارە بەو ئامانجانەی حزب هەوڵی جێ بەجێکردنی دەدات، دەکرێت هەموو شێوازێك لەڕێکخستن ئەگەر لەبازنەیەکی تەسکدا بێ یان لەئاستێکی سەرەکی هەوڵی هەڵبژاردنی پالێوراوان بدات و ئەندامانی ڕێك بخات و پارێزگاری لەبوونی ئایدیۆلۆژیا بکات لەناوەندێك کەلایەنگیر بێت یان دژ.

لەهەموو بارێکدا ناکرێت ڕێکخستن لەهەر حزبێکدا بەردەوام بێت تەنها ئەگەر گەیشتە ڕادەی ئەوەی هەست و سۆز بووروژێنێت و توانای هاندانی هەبێت، بۆ هاتنە ناو ڕیزەکانی و پارێزگاریکردنی ئەندامزانی بکات.

ستراتیژییەت لەحزبەسیاسیەکان پەیوەست نیە تەنها بەبنچینەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندامانی یان ئەو ڕێگایەی لەماوەیدا دەسەڵات و بەرپرسارییەتی سەرکردەکان ڕێك دەخات، بەڵکو گرێدراوە بەمەبەستەکانی سەرکردایەتی و پەیوەندی نێوان پرۆژەکانیان و ئەو ژینگەیەی کاری تیادا دەکەن.

ئەو حزبانەی ڕەوتێکی (تەوباویزم)ی بەهێزیان هەیە، پەرە بەستراتیژییەتێکی جیاواز دەدەن لەستراتیژییەتی ئەو حزبانەی باری دەروونی کۆمەڵگە کاریان تیادا دەکات و پەسندی دەکەن.

سەرەڕای ئەوەش دەکرێت جیاوازی لەنێوان ستراتیژییەتی حزبەکان بکرێت بەهۆی دووزنجیرەپێوەر: یەکەمیان پەیوەستە بەدەسگرتن بەسەر دەسەڵاتداو دووەمیان شێوەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات.

لەسیستمە فرەییە نوێیەکان دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا (جگە لەحزبە گشتگیرییەکان) بەمانای ئەوە دێت کە سەرەتای سەرکەوتنە لەهەڵبژاردنەکان،

مەبەست لە ستراتیژییەتی هەڵبژاردنیش، نوێنەرایەتیە بۆ چەند توێژێکی فراوانی گەل. (٢٨)

لێرەدا چەند وێنەیەك بۆ توخمە سەرەکیەکانی حزبە سیاسیەکان بەرچاو دەخەین بەپێی جیاوازی سەرچاوەکان:

١) کتێبی (حزبی سیاسی لەکۆمەڵگای سەردەم) توخمە سەرەکیەکانی حزبی سیاسی لەم چەند خاڵە کۆکردۆتەوە : (٢٩)

أ) ئایدیۆلۆژیا :

ئەو بنچینە هزرییەیە کە حزبێکی سیاسی پشتی پێدەبەستێ لە نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی و لەبەر ڕۆشنایدا ئامانج و بنەماو شێوازە جۆراو جۆرەکانی چالاکیەکان دیارییدەکات.

ئایدیولۆژیا ڕێبەری چالاکیەکانی هۆشیاری و ئاگادار کردنەوەیەو وەلام و ڕێگەی چارەسەری کێشە بنچینەییە کۆمەلایەتی و ئابووری رامیاریەکانی حزب دیاری دەکات لە ناو کۆمەڵگەدا .

ب) ئەندامیەتی :

حزب لەبنەرەتدا لەکۆمەڵە کەسانێك پێکدێن ژمارەیان کەم بێت یان زۆر لەیەك چین و توێژبن یان زۆرتر، هەر حزبێك لەهەوڵی فراوانبوونی بنکەی جەماوەرییەتی خۆیەتی .

ج) ئامانج :

ئەو ئامانجانەی حزب لەبەرنامەی خۆی دیاریکردووە ئەگەر سیاسی بێت یان ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری.

د) ئامرازو شێوازەکانی بەدەستهێنانی ئامانجەکان، دوو جۆری سەرەکی دەگرێتە خۆی: شێوازی دەستوری و شێوازی دیموکراسی.

ه) ڕێکخستن :

ئەو شێوازو پرەنسیپانەی پەیکەری ڕێکخستنی لەسەر پێکهاتوون، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ئەندام و ئۆرگان، نێوان ئۆرگانەکانی سەرەوەو خوارەوە.

٢) لەکتێبی (الاحزاب السیاسیه فی العالم المعاصر) (٣٠) توخمەکانی ڕێکخستنی بەم جۆرە دەست نیشان کرووە:

أ) سەرکردایەتی :

ب) ڕێکخستن.

ج) جەماوەر.

د) ئایدیۆلۆژیا.

ه) ئامانج

٣) لەکتێبی (مسألة الشخصية في كردستان – خصائص المناضل الثوري) (٣١) ئەم ڕەگەزانەی دیاریکردووە:

ا) ناوەندێتی دیموکراسی .

ب) سیستمی ڕاپۆرت و چاودێری .

ج) سەرکردایەتی بەکۆمەڵ.

د) کۆبوونەوە.

ه) دەست پێشکەری.

و) ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن.

ز) دیسپلینی حزبایەتی .

ح) خەبات لەپێناو ئامانجەکان.

٤) لەکتێبی (لینین وقضايا النضال التحرري)دا هاتووە: (٣٢)

حزب ئەو پۆلە پێشڕەوە ڕێکخراوەیە بۆ چینی کرێکار، توانای کۆکردنەوەی کرێکارانی هەیە، لەکەسانی زیاتر هۆشیارو شارەزاپێکدێن، بنەماکانی ڕێکخستن بریتیە لە: ناوەندێتی دیموکراسی.

ئەم دەستەواژەیە ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی :

أ) ملکەچی ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ ئۆرگانەکانی سەرووتر.

ب) ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆرینە.

ج) دیسپلینی خزبایەتی هاوبەش.

د) یەك سەرکردایەتی لەلوتکەدا.

ه) هەڵبژاردنی هەموو ئەنجومەنەکانی حزب لەخوارەوە تالوتکە.

و) ئامادە کردنی ڕاپۆرتی خولی دەربارەی چالاکیەکان.

ز) مافی ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن.

ح) دیاریکردنی ئامانجە هاوبەشە چینایەتیەکان.

٥) بەگشتی دەکرێت توخمە سەرەکیەکانی حزبی سیاسی لەم خاڵە سەرەکیانە کورت بکرێتەوە.

أ) بەرنامەی سیاسی و پێڕەوی ناوخۆ.

ب) پەیکەری ڕێکخستن.

ج) سەرکرداتی .

د) جەماوەر.

بەشی دووەم
تیۆرو چەمکەکانی ڕێکخستن

- یەکەم / تیۆرەکانی ڕێکخستن
- دووەم/ چەمکە پەیوەندارەکان بەزاراوەی ڕێکخستن

باسی یەکەم

سەرەتایەك دەربارەی هزری رێکخستن

١) رێکخستن لەشارستانیە کۆنەکان جۆرەها شێوازی هابووەو بۆتە هۆی دروستکردن و جێ بەجێکردنی چەندین پرۆژەی گەورە لەپێناو هێنانەدی ئامانجە جۆراو جۆرەکانی (٣٣) شارستانیەت.

نزیکەی پێش سێ هەزار ساڵ فیرعەونەکان لەوڵاتی میسر جۆرێك لەرێکخستنی کۆمەڵایەتیان دەزانی، وەك رێکخستنی سوپا یان رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان سوپاو دانیشتوان .

هەمان شت لەوڵاتی چین بەدی دەکرا لەبواری ئاودێری وپرۆژەی گەورە ئەنجامدراوە.

لای رومانیەکان بەهۆی ئەو شێوازە رێکخستنانەی کە رۆمای کۆن بە دەستی هێنا بوون توانرا چەندین پۆرژەی گەورە جێ بەجێ بکرێت کەتا ئەمرۆ ئاسەواری ماوە.

بەگشتی رێکخستنە کۆنەکان کەلەناو کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمەدا بەدەرکەوتن رێگا خۆشکەر بوون بۆ دەرکەوتنی رێکخستنە نوێیەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە، رێکخستنە کۆنەکان بەم دیاردانەی خوارەوە دەناسرێن:

أ- بایەخی بەدامەزراوە بنکەییەکان داوە لەشێوە سەرەتاییەکەی بەهۆی ناتەواو بوونی.

ب- ئـەو ڕێکخـستنانە ڕەنگدانـەوە بـوون بـۆ چـەند نموونەیـەکی وەك: سـوپا، جێگاکانی خواپەرستی، کەپشت ی بەمانـەوەو بەرنامـە تایبەتیـەکان دەبەسـتێت لەگەڵ زاڵبوونی تەواو بەسەرتاکدا.

٢) دەرکەوتنی ڕێکخستنە نوێیـەکان پەیوەسـتە بـە بزووتنـەوەی پیـشەسازی، کـە کاریگەری لەسەر زۆربەی بوارە ئابوری و کـەلتوری و سیاسـیەکانی نـاو کۆمەڵگـە هەبووە.

ڕێکخـستنە نوێیـەکان تـەنها چـەندین دروسـتکراوەی رووت نـەبووە کـە بڕێکـی گەورەی ئامێرو کەرەستەی زۆرو ئـاڵۆزو قـەبارە گـەورەی گرتبێتـە خـۆی، بـەڵکو جۆرە دامەزراوەیەك بوونە کە پەیوەندییەکانی کارکردنی تیادا یەکلانەبۆتـەوەو پەیوەندییـە مرۆڤایەتیـەکانیش لـەژێر کاریگـەری بـەردەوامی ئـەو شـێوازە ڕێکخستنەدا بووە.

ڕەنگـە بیرمەنـدی فەرەنـساوی (سـان سیمـسون) یەکـەم کـەس بـوو بـێ باسـی لـە ڕێکخستن کردبێت بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندی و ڕۆڵی بەکۆمەڵگانوێیەکان.

زۆر لەبیرمەنـدان بایـەخیان بەشـیکردنەوەی ئـەو کێـشەو بابەتانـە دەدا کـە دەرئەنجامی شارستانیەتی پیشەسازی بوون وەك (کارل مارکس) و (مـاکس فیـبر) و (روبرت میشلز). (٣٤)

لێرەدا گـرینگترین شت کەپێویـستە ئامـاژەی بـۆ بکرێـت ئەوەیـە کـە ڕێکخـستنە نوێیەکان هەڵگری ئاکارێك بوون پێیان دەوترێت جیاوازی یـان جیاکاری، ئەگـەر کۆمەڵگـە کۆنـەکان یـان سـاکارەکان ئـەو فەرمانانـەیان بەیەکگرتوییـەکی تـەواو ئەنجامـدا بێـت، ئـەوا هۆکارەکـەی ملکەچـی تـەواوی ئەنـدامانیان بـووە بـۆ پێوەرەباوەکانی نـاو خێـڵ، ئـەوەیش لـەجیاتی چڕکردنەوەی ئـەو فەرمانانـە لـە یـەك بازنـەی کۆمەڵایـەتی کەخێزانـە (وەك نموونـە)، ئێـستا ئـەو فەرمانانـە

لەیەکەی کۆمەڵایەتی زۆر جیاواز ئەنجامدەدرێت، ئەو جیاوازەیەش فاکتەرێکی گرینگ پێکدەهێنێ لەگەشە کردنی شۆڕشی نوێی ڕێکخستندا، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ڕێگا بەدروست بوونی یەکە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان دەدات بەمەبەستی بە جێگەیاندنی فەرمانە پسپۆریەکان بەتایبەتی ئەوانی پەیوەندارن بەبەرهەم و دابەشکردن، لەلایەکی ترەوە ئەو یەکانە بەشێوەیەکی ئەنقەست دروست دەبن ئەوەش وا دەکات کەکارەکانیان جۆرێك لێهاتوویی بالاتری تیادا بەدی بکرێت لەئەنجامدانی.

چەند فاکتەرێکی کاریگەر هەیە لەدەرکەوتنی ڕێکخستنە نوێیەکان، لەلایەن (٣٥) (ئیزن شرت) کۆ کراوەتەوە، لەوانە :

١- بوونی پلەیەکی بەرزی جیاوازی لەڕۆڵ و پێگەکاندا.

٢- بۆ چوون بەرەو دیاریکردنی ڕۆڵە سەرەکیەکان بەپێی پێوەرو بنچینە جێگرو گرینگەکان.

٣- جەخت کردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەپێش بەرژەوەندییەکانی هەر کۆمەڵێکی تر.

٤- زۆر بوونی ئاڵۆزی ژیان و تێکەڵاوی سیستمەکانی.

٥- بڵاوبوونەوەی ململانێ لەنێوان کۆمەڵەکان، ئەوی پەیوەندارە بە دیاریکردنی ئامانجەکان.

بەم جۆرە فاکتەرە کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکان ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی ڕێکخستنە نوێیەکان، هەروەها ئەو پێشکەوتنەی کەزانستە مرۆڤایەتیەکان بەدەستیان هێنا کاریگەری گرینگی هەبووە.

بۆیە ڕێکخستن بووە جێگای بایەخ پێدانی زانستەکانی کارگێری و دەروونناسی و ئابووری و کۆمەڵناسی.

باسی دووەم
تیۆرەکانی ڕێکخستن

تیۆر بنەمایەکی گشتیە بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێك ڕووداوی دیاریکراو، یان بریتیە لەچوار چێوەیەکی هزری کە کۆمەڵە ئەگەرێکی زانستیانە ڕوون دەکاتەوە لەماوەی شێوازێکی زانستیانەی گرێدراو بەیەکتر. (٣٦)

زاراوەی تیۆر (Theory) زاراوەیەکی ڕوون نیە، زانا ناتوانێت بەکاری بهێنێ بەکار هێنانێکی وردوو ڕاست لەنووسین و توێژنەوەکانی، ڕەنگە ئەو زاراوەیە ئاماژە بۆ سستمێکی رووت بکات کە هزرەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوەو یەکیان دەخات و لە دەقێکدا دایدەرێژێت و مانای ئەو چەمکانە بەرجەستە دەکات کە زانا دەیخاتە ڕوو، کۆمەڵناسان ئارەزووی بەکار هێنانی زاراوەی تیۆر دەکەن، وەك واتایەك بۆ ئەم وشانە:

١- میتۆد.

٢- بیروباوەڕە ئاراستەکراوەکان .

٣- شیکردنەوەی چەمکەکان.

٤- ڕاڤەپاشکۆییەکان.

٥- گشتاندنە ئەزمونیەکان (بەگشتی کردن)

٦- لێوەرگرتن و یاسادانان .

٧- تیۆر بەواتای تەسکی وشە. (٣٧)

مەبەست لەتیۆری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکەیەتی بەتۆژینەوە فەلسەفی و سیاسیەکان.
بۆ ئەوەی تیۆری کۆمەڵایەتی زانستیانە بێت و توانای راڤەکردنی دیاردەو پەیوەندی گۆڕانکارییەکانی هەبێت (ئەوی پەیوەستە بەبابەت و ناوەڕۆکەکان) پێویستە ئەم مەرجانەی تیادا بەدی بێت :

١) پێویستە هزرو بنەماو چەمکەکانی تیۆرە کۆمەڵایەتیەکە بەیەکەوە گرێدراوبن و تەواوکەری یەکتربن، هیچ دژو ناکۆکیان تیادا نەبێ.

٢) پێویستە تیۆرەکە گوزارشت لەبیرۆکەیەك یان بیروباوەڕە ئاشکراکان بکات، چڕ بێت و بەدووایەکدا بێت بەجۆرێکی سستمی و لۆژیکی .

یەکەم :

تیۆرەکلاسیکیەکان :

تیۆرە کلاسیکیەکان بەو تیۆرانە دەوترێت کەلەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە جیهانی رۆژئاوادا دەرکەتن، لەراستیدا هەڵدانی ناوی تیۆری کلاسیکی بەمانای ئەوە نیە کە ئەو تیۆرانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی مێژووی کۆن و کۆتاییان پێ هاتبێت و ئێستا بێ سوود بن، بەڵکو ئەو ناساندنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازە لەبیرکردنەوە کەتیۆرەکان چارەسەری کێشەکانی بواری رێکخستن پێڕەو کردوە بەشێوەیەکی گشتی.
لەراستیدا ئەو تیۆرانە لەکەش و هەوایەك سەریان هەڵدا کە فاکتەرە بابەتیەکان تێکەڵاو بەیەك ببوون لەسەروی هەموویانەوە پەرەپێدانی ئابوری سەرمایەداری و پەرەسەندنی پیشەسازییە جۆراو جۆرەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا.
لەم قۆناغەدا بیرکردنەوە گەیشتە پلەی راوێژکردن و شێوازی زانستیانەو رەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوەیە بەسەر رەفتارە مرۆییەکاندا بەجۆرێك کە

هەوڵە زانستیەکان ڕووی لەڕوونکردنەوەی ڕەفتاری تاکەکان کرد بەپێی چەمکی زانستە سروشتیەکان کەپێشکەوتن و پەرەپێدانی زۆری گرتە بەر لەو سەردەمەدا.

أ) بزووتنەوەی کارگێری زانستیانە : (**فردریك تايلور**) .

ئەم تیۆرە لەنێوان سالانی (۱۹۰۰ - ۱۹۲۰) لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەرکەوت، سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە ڕەنگدانەوەیەك بوو بۆ بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەمریکا لەوماوەیەدا لەبواری پەرەپێدانی پیشەسازی و هۆیەکانی بەرهەم هێنان.

ب) تیۆری ماکس فیبر، دەربارەی بیروکراسیەت : (۳۸)

بیروکراسیەت لەچەمکە زمانەوانیەکەیدا لەدوو وشەی لاتینی وەرگیراوە، بەزمانی فەرەنسی وشەی (بیرۆ) بەمانای نووسینگە دێت، ووشەی (کراسی) بەمانای دەسەلات.

وشەکە لەچەمکە زانستیەکەیدا بۆ جۆرێکی دیاریکراو لەجۆرەکانی ڕێکخستن بەکار دەهێنرێت لەماوەیدا تاکەکان ملکەچی بنەماو یاسا نوسراوەکان دەبن و پشت بەگروپێك لەپرەنسیپەکان دەبەستن گرینگترینیان دابەشکردنی پسپۆرییەو دیاریکردنی بەرپرسیاریە تیە هەروەها بەزنجیرەکردنی دەسەلاتەکانە لەپێناو چاککردنی چالاکی ئۆرگانەکەو زۆر بوونی تواناکانی لەجێ بەجێ کردنی کاروبارەکان.

تیۆری (ماکس فیبر) دەسەلاتی کردە جێگای بایەخ پێدانی خۆی، چونکە ڕێکخستن لای ماکس ڤیبر بەچەمکە بیروکراسیەتەکەی پشت بەشەرعیەت دەبەستێ، هەر ڕێکخستنێکی بیروکراسی بۆ ئەوەی فەرمانەکانی بەجێ بگەیێنێ و بە ڕۆڵی خۆی هەستێت بەشێوەیەکی یەکگرتووانە دەبێ پشت بەشەرعیەت ببەستێ ئەوەش باوەڕی ئەندامانی ڕێکخستنەکە دەگەیێنێ.

ج) تیۆری ڕوبرت میشلز :

ڕوبرت میشلز توێژینەوەکانی ئاراستەی کرداره سیاسیەکانی ناو ڕێکخراوه گەورەکان کردووە، بۆیە هەوڵی داوه کە میتۆدەکەی مارکس سەر لەنوێ دروست بکاتەوە، بەڵام لەدەروازەیەکی زیاتر گشتگیر تر، چونکە تێروانینێکی تەواو بۆ شتەکان بەرهەمی کارێکی بەهێزی فرەیی سروشتی جیاواز دەبێت.

بێگومان گەشەپێدانی ئابوری فاکتەرێکی سەرەکیە لەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوی مارکس لەبیری کردووە ئەوەیەکە هێزی تر هەیە لەبەدیهێنانی دیموکراسیەت و سوسیالستی بۆیە بەو جۆرەی کەمارکس وێنای کردووە کارەکە زۆر دژوار دەبێت.

ئەو خێزانەش هەر وەك میشلز بۆیان دەچێت بریتیە لە :

١- سروشتی بوونەوەی مرۆڤایەتی.

٢- سروشتی ململانێی مرۆڤایەتی .

٣- سروشتی ڕێکخستنی مرۆڤایەتی.

یەکەم بەرهەمی ئەو دۆخە ئەوەیە دیموکراسیەت دەبێتە هەڵگری دیاردەی ئۆلیگاریشیەت بەم جۆرە میشلز داکۆکی لە سەر ڕاستگۆیی میکیاڤیلی دەکات ئەوەندەی پەیوەندارە بەسەروەری دەستەی بژاردە، هەروەها لاوازی دەرفەت لەبەردەم دیموکراسیەت، چونکە دژوارە، بوونی کۆمەڵگەیەك دووربێت لەدابەش بوونی نوێی چینایەتی.

لەماوەی توێژینەوەی بۆ حزبی سوسیالستی ئەڵمانی هەروەك پێویستی دەکرد کە ڕێکخستنەکانی لەسەر بنچینەی دیموکراسیەت دامەزرابێ زیاتر لە هەر ڕێکخستنێکی تر، میشلز گەیشت ئەنجامێکی گرینگ کە بریتیە لەوەی ئەو سیستمە پیادەکراوە لەو حزبەدا ئاکارەکانی دیاردەی ئۆلیگارشیەتی هەڵگرتووە، دیموکراسیەت تەنها دروشمێکە لەڕاستیدا بوونی نیە.

د) تیۆری کرداری کارگێری: (٣٩)

(هزری فایول) زانایەکی فەرەنسیە، رابەرێکی هزرییە لەدانانی چەمکی تیۆری کرداری کارگێڕی، هەر خۆی دامەزرێنەری نزووتنەوەی کارگێری زانسیتە لەفەرەنسا، بیروباوەڕەکانی دەکەوێتە هەمان ڕێرەوی بیروباوەڕەکانی تایلور لەئەمەریکا لەگەڵ هەندێ جیاوازی لەنێوانیاندا.

(فایول) جەختی لەسەر لایەنی کارگێری و کاری بەڕێوەبەرەکان دەکرد لەسەر ئاستە کارگێرییەکان، لەهەمان کاتدا جەختی لەسەر لایەنی مادی و هونەری و کرێکاریش دەکرد لەبنەمای پەیکەری ڕێکخراوەیی.

بیروباوەڕەکانی (فایرل) بەوەناسرا کەهەستی پێ ناکرێت و بەرجەستە نابێت هەروەها دژوارە پێواندنی ئەنجامەکانی، بەپێچەوانە بیرو بیروباوەڕەکانی تایلور هەست پێکراوو ماددی بوون و دەکرێت پێوانە بکرێن.

ئەم تیۆرو جەختی لەسەر ئەوەدە کردەوە کەکارگێری کردارێکە لەچەند رەگەزێکی بنچینەیی پێکها تووەو بریتیە لە : (پێش بینی کردن، پلان، ڕێکخستن، دەرکردنی ڕێماییەکان، چاودێری، گونجاندن.

ئەم کردارە خەسڵەت و مۆرکی بەگشتی کردنی هەیە، بەواتای ئەوەی کە رەگەزەکانی لەلایەن بەڕێوە بەرێکەوە کاری پێدەکرێت و هەرچۆنێك بێت جۆرو سروشتی چالاکی ڕێکخراوەکەی کاری تیادا دەکات.

هەروەها ئەو کردارە هەموو بەڕێوەبەرەکان لەهەموو ئاستەرێکخراوەییەکان دەگرێتەوە بەو هەندەی کەکاری کارگێریەکە لەبەر ئەوەی لەلایەن کەسانی تر جێ بەجێ دەکرێت. .

دووەم:

تیۆری رەفتاری لەرێکخستن : (٤٠)

ئەو تیۆرانەی پاش تیۆرە کلاسیکیەکان هاتوون لەبواری توێژینەوەی رێکخستن و بیروکراسیەت پێیان دەوترێت تیۆرە رەفتاریەکان لەرێکخستن، ئەو تیۆرانە وەك کاردانەوەیەك بوون لەرووی تیۆرەکۆنەکان کەبایەخیان بەکێشەی رێکخراوە ئامێرییەکان داوەو لایەنی مرۆیی و فەرمانی رێکخستنیان پشت گوێ خستووە، بەرچاوترین ئەو تیۆرانە:

أ) تیۆری پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان: (ئەلتون مایو) :

ئەلتون مایو، یەکەم کەس بوو بانگەوازی بۆ ئاراستەی رەفتاری کردووە لەبواری رێکخستن و کارگێری، هەروەها یەکەم کەسە لەپێشەنگانی ئەم تیۆرە سەر کردایەتی تیپێکی لێکۆلینەوەو توێژینەوەی کردووە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاراستەو کاردانەوە دەروونیەکان لەرێگای سەرنجدانی هەڵس و کەوتی کرێکاران لەماوەی رەفتارە جیاوازەکان لەکار کردندا.

بێ گومان بەهۆی هەوڵی (مایو) و هارێکانی لەو توێژینەوانەدا ئاراستەی رەفتاری لەکارگێریدا بلاوبۆتەوە لەبەر رادەی گرینگی و کاریگەری ئەو ئاراستە کەهەمووانی گەیاندە رادەی سەلماندن بەتایبەتی خاوەن کاروبارەکان.

بۆیە دەکرێت بوترێت کە (مایو) بەدانەری یەکەم خشتی ئەو تیۆرە دابنرێت .

ب) تیۆری رێکخستنی کۆمەلایەتی (وایت باك) : (٤١)

ئەم تیۆرە لەلایەن (وایت باك) وە دانراوە دەربارەی رێکخستن، تیۆرەکە لەسێ خاڵی بنچینەیی کۆدەبێتەوە کەبریتین لە :

لەئۆرگانەکــەی، لێــرەدا ناتــەبایی ڕوو دەدات لــەنێوان ئامانجــەکانی تــاك و ئامانجەکانی ئۆرگان.

بۆیـە خـۆ بەسـتنەوەی تـەواو بـەبیرو باوەڕەکـانی تیـۆری کلاسـیکی، نـاکۆکی و ئاسەواری نەگەتیڤانە دروست دەکات لای تاك، ناکۆکیش لەکۆتاییدا دەبێتە هـۆی ململانێ، چونکە تاك لەهەوڵی ئەوەدایە ئارەزووەکانی تێـر بکـات و ئامانجـەکانی جێ بەجێ بکات لەماوەی کارەکانی لەناو ئۆرگانـدا، ئەگـەر تـاك (ئەنـدام) بـەکار هێنراو سوود لەڕەنجی وەرگیرا بێ بەرامبەر ئەوا دەبێتە هۆی ناکۆکی و ململانێ و لەئەنجامدا هەڵپەساردنی پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکەی نێوان هەردوولا.

د) تیۆری تێکەڵاوی و توانەوە (وایت باك – کریس ئوجیرس) :

ئـەم تیـۆرە درێـژە پێدانێکـە بـەتیوری پێـشوتر (تیـۆری نـاکۆکی نێـوان تـاك و ڕێکخـستنی فـەرمی) هـەوڵی ڕوونکردنـەوەی هۆیـەکانی ڕوودانـی ناکۆکیـەکان دەدات، هــەروەها چــۆنیەتی نەهێــشتنی و هێنانــەدی تــەواو کــاری لــەنێوان ئامانجەکانی هەردوولا و چۆن تاك تێکەڵاو بەڕێکخـستنی فـەرمی دەکـەین، بۆیـە بیرۆکـەی بنـچینەیی کـە ئـەم تیـۆرەی لەسـەر بنیـاتنراوە بریتیـە لـە: کێـشەی بیچینەیی لەژیانی ڕێکخراوەکان، چۆن کۆمەڵێك تاکەکانی جیاواز دەبـن لـەڕووی تواناو ئامادەییان و تێکەڵاوی چالاکیە هەرەوەزیـەکان دەبـن، هـەروەها بەشـداری لەسەر کەوتنی ئۆرگانەکە دەکەن و ئامانجەکانی جێ بەجێ دەکـەن، لەگـەڵ ڕازی بوون و تێرکردنی ئاواتەکانیان.

تـاك هەوڵـدەدات ئامانجـە خودییـەکانی و لەهـەمان کاتـدا ئامانجـەکانی ئـەو ئۆرگانەی کاری تیادادەکات بهێنێتەدی، ئەگـەر ئامانجـەکانی ئۆرگانەکـە هاتـە دی ئامانجەکانی خـۆی نەهاتـەدی، لـەم بـارەدا تـاك خـۆی بـەقوربانی دەزانـێ، بـەڵام ئەگـەر ئامانجـەکانی تـاك هاتـەدی و ئـەو تاکـە وەك پێویـست ڕەنجـەکانی خـۆی

بەکار نەهێنا بۆ جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی ئۆرگانەکە، ئەوا تێکەلاوی و توانەوە لەهەر دوو باردا ڕوویندداوە، بۆیە ناکرێت بووترێت کەتێکەلاوی ڕوویداوە ئەگەر ئامانجەکانی هەر دوولا بەئەنجام نەگات.
ڕێکخستنی سەرکەوتوو ئەو ڕێکخستنەیە کە ئامانجەکانی خۆی و ئەندامانی جێ بەجێ دەکات.

٥) تیۆری کارلێکردن (ولیام هوایت) (٤٣)

بیرۆکەی بیچینەیی ئەم تیۆرە پێکدێت لەوەی : ڕێکخستن بریتیە لە سیستمێکی کارلێکردنی نێوان تاکەکانی، کەبەپێی پەیوەندییەکانی نێوانیان پەیدا دەبێ، ئەو سیستمە تارادەیەکی گەورە کاریگەر دەبێ بەڕێگاو شێوازو کارراییەکانی کاری فەرمی کە ڕێکخستن بەسەر ئەندامانی ئۆرگانەکە دەیسەپێنێ، ئەو پەیوەندییانە ڕۆڵێکی کاریگەری گەورە دەگێڕێت لەجۆری ڕەفتارو پەیوەندییەکانی تاك لەگەڵ کەسانی تر .
بۆ تێگەیشتن لەڕێکخستن پێویستە لێکۆلینەوە لەو جۆرە کارلێکردنانە بکرێت، واتا ڕەفتاری تاکەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تر، هەروەها سیستمی پەیوەندیکردن چیەو ئەنجامی کارتێکردن لەڕەفتاری لایەنی تر چۆنە؟
شیکردنەوەی سروشتی کارلێکردنەکان ورادەی کارتێکردنی لەئەندامان، جۆری پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات لەناو توێژە ئاستە جیاوازەکانی ناو خۆی ڕێکخستن و ڕادەی ڕێککەوتن و گونجاندن لەنێوانیان.
ئەم بارە پارمەتیدانێك دەبێ بۆ پێکهێنانی گروپەکانی کاری گونجاوو هێنانەدی تەبایی لەنێوان فەرمانە جیاوازەکان.

و) تیۆری ڕەنسیس لیکرت :

بیرۆکەی بنچینەیی ئەم تیۆرە کۆ دەبێتەوە لە:

هەموو ڕێکخستنێك دامەزراوەیەکی مرۆڤایەتیە سەرکەوتنی بەندە بەو هەوڵانەی کە ئەندامەکانی دەیبەخشن، ئەم دامەزراوەیە بەچەند خسلەت و ئاکارێك دەناسرێت، خاوەن پەیکەرێکە بەهۆیەوە پرۆسەکانی سەرنجدان و پێوەری کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەڕێوە دەچێت دەربارەی دۆخی ناوخۆی ڕێکخستن و ئەو ژینگەیەی کەکاری تیا دەکات، هەروەها پەیوەندی نێوان ڕێکخستن و ژینگەدا.

لەناو ئەو پەیکەرەدا تۆڕێکی پەیوەندییەکان هەیە بەهۆیەوە زانیارییەکان ئاڵ و گۆڕ دەکرێن لەهەموو بەشەکانی ئەو پەیکەرە، ئەو زانیاریانەش پێویستن بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان لەلایەن ئەو کەسانەی دەسەڵاتەکانیان بەدەستەوەیە.

ئەم ڕێکخستنە سوود لەدەرامەتە مرۆییەکان، ئامێرەکان، کەرەستەو کەل و پەل، هێزی بزوێنەر، وەردەگرێت، بەهۆی ئەو دەرامەت و سەر چاوانە بڕیارە ناوخۆییەکان جێ بەجێ دەبن، لەناو ئەو ڕێکخستنەدا کردارەکانی کارلێکردن لەنێوان ئەندامان بەدی دێت بۆ جێ بەجێکردنی ئامانجەکان.

ئەوکردارانە بەستراون بەیەکەوە هەندێکیان پشت بە هەندێکی تر دەبەستن، پلەی کارلێکردن لەسەر جۆری هێزەکانی هاندان دەوەستێت کە ڕێکخستنەکان بەکاری دەهێنن، ئەگەر نەگەتیڤانە بوو پشتی بەترس بەستی ئەوا ئەنجامەکەی دژایەتی دەخولقێنی، بۆیە دەبێ پرۆسەکانی پەیوەندیکردن و وەرگرتنی بڕیارەکان تایبەتمەندی دیاریکراویان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی دژایەتی و گومان و خۆ دوور خستنەوە بوەستن لەلایەن ئەندامانەوە، پێچەوانەکەشی ئەگەر هێزەکانی وروژێنەر لەباربوون ئەنجامەکانی ئاراستەی لایەنگیری و هاوکاری دەبێ لەلایەن ئەندامانی ڕێکخستنەوە.

ڕێکخستن لەم بارەدا دەتوانێ پەیوەندیکردنی کارا بەدی بهێنێ و بڕیارەکانی دروست بێ و تەبایی و گونجاندن لەنێوان بەشەکانی و ئەندامانی دروست بکات.

ز) تیۆر X (دوگلاس ماکریجور) : (٤٤)

ئەم تیۆرە لەسەر ئەم ئەگەرانە دامەزراون :

تاکی ئاسایی بەسروشت حەزی لەکارکردن نیە، هەوڵدەدات بەپێی توانای دوور بکەوێتەوە لێی، بۆیە دەبێ ناچار بکرێت کە کاربکات تا ئامانجەکانی ئۆرگانەکە جێ بەجێ بێت، بۆیە تیۆری (X) ئاماژە بۆ سزادان دەکات وەك کارێك بەمەبەستی هاندانی تاك لەسەر کارکردن، لە هەمان کاتدا پاداشت بەکار دەهێنێ بۆ ئەوانەی بەرهەمیان هەیە.

مرۆڤی ئاسایی پێویستی بەئاراستەکردنە بۆ جێ بەجێکردنی کارێك لە بڕی ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێ، لەدوایدا وابەچاك دەزانێ کە ڕابەرایەتی بکرێت و بەخۆیی ئەرکی بەرپرسیاریەتی هەڵنەگرێ، هەروەها خواست و ئارەزووەکانی کەمە، پێش هەموو شتێ دڵنیایی و ئاسوودەی لاگرینگە.

ح) تیۆری y (دوگلاس ماکریجور)

لەم تیۆرەدا بۆ چوونی ماکجریجور بریتیە لە : پێویست دەکات ڕێکخستن هەلی گونجاو دروست بکات بۆ ئەو ئەوەی ئەندامانی توانای جێ بەجێکردنی پێداویستیەکانیان هەبێ لە ماوەی جێ بەجێکردنی ئامانجەکان، بەوە دەوترێت بنەمای (تەواوکاری لەنێوان ئامانجەکانی تاك و ئامانجەکانی ڕێکخستن) بۆ ئەوەی ئەم تیۆرە بەتەواوی جێ بەجێ بکرێت، ئەم پێش نیازانە دەخرێتە ڕوو:

١- دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی پێداویستیە فەرمانیەکان.

٢- تاك ئازاد بێت لەکارکردن وبڕیار و دیاریکردن.

٣- دانانی ئامانجی ئاشکراو دیاریکراو، پێویست بەجێ بەجێکردن دەکات لەکاتێکی دیاریکراو.
٤- بەشداریکردن لەدانانی ئامانجەکان.
٥- بەشداریکردن لەبەدوواداچوونی ئەنجامە جێ بەجێکراوەکان.
٦- یارمەتیدانی کارمەندانی (ئەندامان) لەلایەن سەرکردەکان بۆ جێ جێکردنی ئامانجەکانیان.

گ) تیۆری سیستمی هەرەوەزی، (شستر بارنارد) : (٤٥)

مرۆڤ بەسروشت بوونەوەرێکی کۆمەلایەتیە، دوور لەمرۆڤی تر توانای ژیانی نیە، هەر بەخۆی بەشێکە لەسستمێك و توانای گونجاندن و بەردەوام بوونی هەیە، پێویستە هانبدرێت لەسەر هاوکاری بۆ ئەوەی کارەکەی بەرهەمدار بێت. مرۆڤ گرینگترین توخمەکانی رێکخستنە پێویست دەکات خواست و ویستی هاوکاری لا دروست بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی (بارنارد) ئاشکرای کرد کە هاوکاری کردنی تاك پێویستە لەباوەرپێکردن و خواستەوە بێ، لەبارێکدا ئەگەر:

١. هاوکاری گرینگ بێ و مۆرکی گرینگی هەلگرتبێ.
٢. بەبۆ چوونی (بارنارد) هاوکاری لەبەرژەوەندی رێکخستندایە لەگەڵ ئامانجەکانی یەك دەگرنەوە، هەروەها لەگەڵ بەرژەوەندی کەسایەتی.
٣. ئەگەر زانراکە هەولی هاوکاری کردن پێویستی بەدەنگەوەهاتن هەیە لەناو خودی توانافسیۆلۆژی و دەروونیەکانەوە .

ی) تیۆری وەرگرتنی بڕیارەکان (هربرت سیمون) :

بەتێروانینی (سیمون) رێکخستن پێك دێت لە :

پەیکەرێکی فەرمی پەیوەندی و کارلێکردنەکان کەلەنێوان ئەندامان روودەدات لەماوەی کردارەکانی پەیوەندیکردنی بەردەوام، بەهۆی ئەو کار لەیککردنەوە هەر ئەندامێك رادەیەکی گەورەی زانیاری و بۆ چوونەکان بەدەست دێنێ و یاریدەدەری دەبێ لەوەرگرتنی بڕیار.

لەناوپەیکەری رێکخستنی ئۆرگانەکەو لەماوەی ئاستە کارگێرییەکانی کە لێی پێکدێت، چەندین ناوەندی هەیە بۆ بڕیار دانی فەرمی کەمافی وەرگرتنی بڕیاری هەیە، ئەو دەسەلاتە پێی دەوترێت دەسەلاتی جێ بەجێکردن و بڕیارەکانی پابەند دەبێ بۆ ئەوانی تر، هەروەها لەشان دەسەلاتی فەرمیەوە دەسەلاتێکی راوێژکاری هەیە، بڕیارەکانی ناچاری نین کە پابەندی پێوەبکرێت، بەڵکو بڕیارەکانی لەسەر شێوەی رێنماییٚ و ئامۆژگاری دەبێ.

(سیمون) داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە روودانی کارلە یەککردن لەنێوان ئەندامانی رێکخستن پێویستی بەهاوکاری نێوانیان هەیە، بۆیە بەهۆی پەیوەندی و هاوکاریکردن کار لە یەککردن روو دەدات.

سێیەم
تیۆرەکانی ڕێکخستنی نوێ

ئەم سەردەمە بەشەپۆلی گۆڕانکاری ناسراوە، کەپێشتر وێنەی نەبووە، هێزەکانی گۆڕان سیستم و پەیکەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی داپۆشیوە، هەروەها بەکۆمەڵ داهێنانی تەکنۆلۆژی بەدەرکەوتن کە بەکۆبوونەوەیان شۆرشێك لەزانیارییەکانی پێشکەش بەجیهان کردووەو بووەبە هۆی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگەی پیشەسازییەوە بەرەو کۆمەڵگەی زانیاری.

گرینگترین فاکتەرەکانی گۆڕان بریتین لە :

١- گۆڕان لەتەکنۆلۆژیای ساکارەوە بۆ تەکنۆلۆژیای ئاڵۆز.

٢- گۆڕان لەئابوری نیشتمانیەوە بۆ ئابوری جیهانی.

٣- کردنەوەی دەرگا لەلایەن وڵاتانەوە لەبەردەم ڕێکخراوە فرەرەگەزەکان.

٤- بەرزبوونی بەهاو چەمکە باوەکان لەسیاسەت و ئابووری و کۆمەڵناسی لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی تری نوێ هەڵگری بەهاو داب و نەریتی پەرەسەندوو.

هەموو ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و تەکنۆلۆژیانە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر ئاراستە هزرییەکانی کارگێری و ڕێکخستن:

ا) تیۆری سیستم: (٤٦)

تێڕوانینی ئەم تیۆرە بۆ ئۆرگان بەم جۆرەیە: سیستم پێکهاتەیەکە لەچەند بەشێکی بەستراو و کار لەیەککردوو، هەندێکیان پشت بەهەندێکی تریان دەبەستن، هەموویان هەوڵدەدەن ئامانجی ئەو سیستمەی لەبازنەیدا کاردەکەن بێتەدی، دەکرێت بەشەکان بناسرێن ودیاری بکرێن بەهۆی پەیوەندییەکەی بەو ئامانجەی کە سیستم هەوڵی جێ بەجێ کردنی دەدات، ئەو سیستمە لەبازنەی سیستمێکی گەورەترو فراوانتر کار دەکات و پێی کاریگەر دەبێت کە ئەویش کۆمەڵگەیە.

ب) تیۆری هەڵوێست : (٤٧)

هیچ تیۆرێك یان شێوازێکی کارگێڕی نموونەیی نیە، یاخود سەرکردایەتیەك چاکتر بێت لەوانی تر، کە بکرێت بەکار بهێنرێت لەهەموو هەڵویست و دۆخەکاندا، ئەوەی بڕیار لەسەر بەکارهێنانی چەمکێ یان شێوازێك یان تیۆرێکی دیاریکراو دەدا نەك ئەوانی تر، سروشتی ئەو هەڵوێستە یان دۆخەکەیە، بۆیە بەڕێوەبەرەکان ئازاد نین لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانیان، هەموو کارگێڕییەك بەندە بە سروشتی ئەو بارودۆخە یاخود ئەو هەڵوێستەی هەیە لەو کاتەدا.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کارگێڕی بەپێی هەڵوێست دەبێت و لەسەر بنچینەی نەبوونی جێگیری لەم بوارانەدا: (٤٨)

١- نەبوونی جێگیری لەکەسایەتی مرۆڤدا.

٢- نەبوونی جێگیری لەرەفتاری مرۆڤدا.

٣- نەبوونی جێگیری لە رەفتاری کۆمەڵدا.

٤- نەبوونی جێگیری لە فاکتەرە ژینگەییەکان کە ئۆرگانەکەی تیادا دەژی.

٥- نەبوونی جێگیری لەکارلەیککردنی سیستمە لاوەکیەکانی ناو سیستمی گشتی.

ئەو هەل و مەرجەی لەو خاڵانە دیاریکراون دەبێتە هۆی ئاشکرا کردنی ئەوەی کە هەر هەڵوێستێك یان بارێك، دەبێ دۆخی تایبەتی و خەسڵەتی دیاریکراوی هەبێ، بۆیە پێویست دەکات کەهەموو ئۆرگانێك ئامرازو شێوازی تایبەتیەکانی بەکاربهێنێ بۆ گەیشتن بەچارە سەرکردنی کێشەکان لەبەر ڕۆشنایی دۆخەتایبەتیەکانیان، بۆیە کاریگەری ڕێگاو شێوازە کارگێرییە جیاوازەکان بەندە بە دۆخەکانەوە لەبەر ئەوەی تیۆرێکی دیاریکراو نیە بنەمای دوروو درێژ پێشکەش بکات و گونجاو بێ لەگەڵ هەموو هەڵوێستێك یان بارو دۆخێك و لەهەموو کاتەکاندا.

ج) تیۆری کارگێری لەژاپۆن : (٤٩)

ئەم تیۆرەی وڵاتی ژاپۆن لەکارگێریدا بەپیتی (j) ئاماژەی بۆ دەکرێ و کورتکەرەوەی وشەی (Japanese)ە، جۆرێك لەگونجاندنی کۆمەڵایەتی دەنوێنێ لەناو ئۆرگاندا بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بەها باوەکانی ناو ئەندامانی ڕێکدەکەوێت و دەگونجێت.

ئەم تیۆرە بەخسلەت و ئاکاری سەقامگیری و لەیەك چوون دەناسرێ تارادەیەکی گەورە، هەروەها بەسەلماندنی کارو ڕەنجی هەرەوەزی و بەکۆمەڵ کە جۆرە ڕەفتارەکانی تاکی تیادا تێکەڵ دەبێ لەقەوارەیەکی کۆمەڵایەتی تەباو گونجاو.

تیۆری (j) تێڕوانینی بۆ کارگێری ئۆرگان بەشێوەیەکی خۆکار دەنوێنی وپشت بەچەمکی تیۆری (Y) دەبەستێ کەلەلایەن بیرمەندی ئەمەریکی (ماککریگور) وە دانراوەو لەماوەیدا کرداری ڕووداوەکانی تەواوکاری و گونجاندن و وێنا دەکات لەنێوان ئامانجە ئۆرگانیەکان و ئامانجی ئەندامانی، هەروەها بەدیهێنانی ملکەچی بۆی و خۆشەویستی کارو مەترسی لێی، هەموو ئەوانە لەماوەی تێروانینی ئۆرگانەکە بۆ ئەندامانی بەدی دێ تێروانینێکی بابەتی و مرۆڤانەی

بەڕێز، لەگەڵ پێڕەو کردنی شێوازێکی دیموکراسیانە بۆ سەرکردایەتی لەسەر بنچینەی بەشداریکردن و کاری بەکۆمەڵ.

خەسڵەتە گشتیەکانی ئەو تیۆرە:

١- خەسلەتی عەشائری.

٢- خۆشەویستی و تەبایی.

٣- متمانە بەیەککردن.

٤- بەرژەوەندی گشتی.

٥- دادوەری .

٦- پارێزگاریکردنی کەل و پەلی ئۆرگان.

د) تیۆری (Z) . (ولیام ئۆتشی) (٥٠)

فەلسەفەی ئەم تیۆرە بریتیە لەتێگەیاندنی بەڕێوەبەرەکان لەوەی کە سەرکەوتنیان لەجێ بەجێکردنی هاوکاری نێوانیان لەماوەی کاردا سەرچاوە دەگرێ بەهۆی تواناداریان لەسەر ڕێککەوتن دەربارەی کۆمەڵ ئامانجێکی بنچینەیی پەیوەندار بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی.

هەروەها لەبەر ئەوەی پرۆسەی وەرگرتنی بڕیارەکان لە تیۆری (Z) بە زۆری بەبەشداری و کۆدەنگیەوە بەدی دێت، بۆیە لەکۆتاییدا بەرپرسیاریەتی تاك هەر دەمێنێتەوە.

پرۆسەی ئاراستە کردن لەئۆرگانی (Z) پشت نابەستێتە سەر دەسەڵاتی قوچەکی و چاودێرییەکی راستەو خۆو رەفتارێکی دیاریکراو، بەڵکو پشت دەبەستێتە سەر دەسەڵاتی نافەرمی و لەسەر بنەمای چاو دێرییەکی بەکۆمەڵ و بەتاك.

ئۆرگـان لـەجۆری (Z) وەك عەشـیرەت وایــە چـونکە گوزارشــت لەکۆمەڵــە مرۆییــەکی گونجـاو دەکـات کـە چـالاکی ئـابوری دیـاریکراو بـەکار دەهێنــی و ئەندامانی لەماوەی چەندین بوارەوە بەیەکەوە دەبەستێت.

باسی سێیەم

چەمکە پەیوەندارەکان بەزاراوەی ڕێکخستن

واتای ڕێکخستن :

ڕێکخستن بەمانا گشتیەکەی لەوە دەرناچێت کەبریتی بێت لەکارێك لەلایەن مرۆڤەوە لەماوەی مامەڵەو پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر ، یاخود لەکاتی بەکار هێنانی کەل و پەل و کەرەستەکان بەرەچاوکردنی کات و شوێن پێداویستیەکانی ئەرك بەجێ گەیاندن و کارکردن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرو ڕایانە چاکترین شێوازە بەکاردەهێنرێ بەباشترین بەکارهێنن یان پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامان و بابەتەکان دەستەبەر دەکات بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی لەسەری ڕێککەوتوون.

ڕێکخستن لەکۆمەڵگەپێشکەوتووەکان دیاردەیەکی شارستانیە پەیوەستە بە فەلسەفەو تێروانینی ئەندامان بۆ ژیان و جیهان.

گۆڤاریی بڕیاری ژمارە (١٢) بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی ڕێکخستن دەکات لەچەمکە گشتیەکەی. (٥١)

ڕێکخستن (Organization) بریتیە لەشوێن و هەرەم و پرۆسەو ئامراز :

١- ڕێکخستن وەك شوێن:

ئەو شوێنانەی کە ڕێکخستنیان پێدەگوترێت جۆراو جۆرن: کارگە، کۆمپانیا، نووسینگە، زانکۆ، سوپا هەموو ئەو شوێنانەی مرۆڤ کاری تیادا دەکات

٢- ڕێکخستن وەك پەیکەر :

هەموو ڕێکخراوێك پەیکەرێکی هەیە وەك پەیکەری مرۆڤ، تیادا رووکاری گشتی ڕێکخراوەکەی دەست نیشان کراوە و پەیوەندییە سەرەکیەکانی روونکراوەتەوە .

٣- ڕێکخستن وەك پرۆسە :

دەتوانین سەیری ڕێکخستن بکەین وەك پرۆسەو بەجێهێنان بەمەبەستی روونکردنەوەی جوولەی ڕێکخستن، بەواتای ڕێکخستنی کۆمەڵی کاری بەرفراوان،

٤- ڕێکخستن وەك ئامراز :

بەکار هێنانی ڕێکخستن وەك شوێن و پەیکەرو پرۆسە، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەڕێکخستن بەدانانی ئەوەی کە ئامرازێکە بۆ هاوەڵانی ڕێکخراو بەمەبەستی تێکەڵکردنی سەرچاوەکان بۆ دروستکردنێکی نموونەیی و بۆ گەیشتن بەئامانج.

دەرکەوتنی ڕێکخستن و ئۆرگانەکان بەڕاستی گرینگترین پەرەپێدان و گەورەترین دەسکەوتی هۆشیارییە کەمرۆڤی سەردەم دایهێناوە بۆ دامەزراندنی چاکترین ئایندە بەمەبەستی روو بەڕوو بوونەوەی کێشە و بەرەنگارییەکان کە هاوەڵە لەگەڵ ڕێرەوی پەرەپێدان و پێشکەوتندا لەهەموو بوارەکان.

مەبەست لەڕێکخستنی سیاسی : (٥٢)

بریتیە لە کۆمەڵە کەسانێك خاوەن یەك ئاراستەو بنەمای هاوبەش و یەك ئامانج کەرێککەوتوون لەسەر جێ بەجێکردنی، پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر چەندبنەمایەکی ڕێکخراوەیی پەسندکراو دروست بووە.

هەر ئەو بنەمایانە پەیوەندییەکانیان لەماوەی کارو چالاکیەکاندا دیاری دەکات لەگەڵ دیاریکردنی شێوازی هێنانەدی ئامانجەکان.

ڕێکخستن لەسەر شێوەی حزب یان یەکێتیەك یاخود ئەنجومەنێك دادەمەزرێت لێرەدا دوو مەرج پێویست دەکات:

١. ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە هەلگری یەك ئاراستەو بۆ چوون بن (ئایدیۆلۆژیا) .

٢. بنەیەکی ڕێکخستن کۆیان بکاتەوە بەیەك.

پرۆسەی ڕێکخستن :

پرۆسەی ڕێکخستن لەهەر ئۆرگانێکدا یەك لەکردارەکان یان فەرمانەکارگێرییەکان پێکدێنێ، بوارەکانی دیاریکردنی پەیوەندیەکان دەگرێتە خۆی لەناو ئۆرگانەکەدا، وەك دابەشکردنی کاروبارەکان، دیاریکردنی چالاکیەکان، دروستکردنی یەکەو ئاستەکانی دەسەلات و بەرپرسیاریەتی، بواری سەرپەرشتی کردن و سنوری ئەرك و فەرمانەکانی، پەیوەستی نێوان ناوەندە جۆراو جۆرەکان..هتد.

بنەماکانی ڕێکخستن : (٥٣)

بنەماکان پێناسەی زۆریان بۆ دانراوە بەپێی قۆناغەکانی ڕۆژگارو قوتابخانە هزرییەکان کەلەماوەی سەدەی بیستەمدا بەدوایەکدا هاتوون.

(یورك) پێناسەی بنەما دەکات:

بنەماکان بریتین لەو گوتەزانستیانە کەدەردەهێنرێن یان پێی دەگەن لەڕێگای ساغ بوونەوەیان لەکاتی توێژینەوە لەئەزموونە مرۆییەکان لەو ئۆرگانانەی کەئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان دەگرنە ئەستۆ بۆ ئەو ئەندامانەی کەکاری تیادا دەکەن لەگەڵ جیاوازی ئاستەکانیان.

هەندێکی تر وای دەبینن کەبریتیە لەو بابەتە و کێشە هونەریانەی بڕیار لە چالاکی تاك و ئۆرگانەکان دەدا، سەرەڕای جیاوازی و چالاکیەکانیان.

پەیکەری ڕێکخستن : (٥٤)

پەیکەری ڕێکخراوەیی (Structure) بریتیە لەچوار چێوەیەکی دامەزراوەیی لەپێکهاتە ئۆرگانیەکان لەلق و بەش و ئاستەکانی، هەروەها ئەو پەیوەندییانەی کە دەبێ بەهۆیەوە کاریگەربن لەگەڵ ئەو چالاکیانەی کەپێی هەڵدەسن سەرەڕای بەرپرسیاریەتی و ئەو دەسەڵاتانەی پێیان دەدرێت.

پەیکەری ڕێکخراوەیی بنکەیی بەستنەوەی نێوان ئەو پێکهاتانەیە، لەماوەیاندا کاروبارو ئەرکە جیاوازەکانی جێ بەجێ دەکرێت.

بەم پێیە پەیکەری ڕێکخراوەیی چالاکی و کارو فەرمانە سەرەکیەکانی ئۆرگان دیاری دەکات لەگەڵ فەرمانەکانی سەرشانی هەر ئەندامێك و پرۆسەکانی بەستنەوەو ڕێکخستن و تەواو کاری نێوان ئەو فەرمانانەو هەرکارێکی پەیوەستی تر، وەك پێداویستیەکانی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی و زانیاری و پەیوەندییەکان و ...هتد.

پەیکەری ڕێکخراوەیی دروست دەکرێت بۆ مەبەستەکانی:

١. دابەشکردنی بەرپرسیاریەتی و دیاریکردنی ئەرکی ئەندامان و ئەنجومەنەکان بۆ هێنانە دیی ئامانجەکان.
٢. دیاریکردنی ئاستە حزبیەکان و سنوری سەرپەرشتیاری و لەدوواییدا ئاستەکانی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیان.
٣. دیاریکردنی شێوازەکانی ڕێکخستن و ئەرکە حزبیەکان لەگەڵ یەکترو بەدیهێنانی پەیوەستی نێوانیان بۆ ئەوەی ئۆرگان وەك یەکەیەك کاربکات.

٤. دیـــاریکردنی کەناڵـــەکانی پەیوەنـــدیکردن و گەیـــشتنی زانیاریـــەکان و چالاکیەکانی ناو ئۆرگانەکان.

گرینگی پەیکەری ڕێکخراوەیی : (٥٥)

١. پەیکـەری ڕێکخراوەیـی لـەپێناو جـێ بـەجێ کردنـی ئامانجـەکانی ئۆرگـان دروسـت بـووە، ئـەویش لـەماوەی نەخـشەو پلانـەکان بـەو ئاراسـتەیەی کەلەخزمەتی ئامانجدا بێت.

٢. پەیکەری ڕێکخراوەیی یارمەتی و کارئاسانی پێشکەش دەکات بـۆ جـێ بـەجێ کردنی بەرنامەکانی ئۆرگانەکە.

٣. پەیکـەری ڕێکخـستن دۆزریـەوە بـۆ ڕێکـسختنی ئـەرکی ئەنـدامان و جـێ بـەجێکردنیان لـەماوەی دیـاریکردنی فـەرمان و ئـەو ئەرکانـەی پێیـان سپێردراوە.

٤. پەیکـەری ڕێکخراوەیـی ئامرازێکـە بـۆ ڕێکخـستنی چالاکیەکانی نـاو ئۆرگـان لـەماوەی ڕێـك و پێـك کـردن و بـەجێهێنانی پرۆسـەی ئەرکـەکان لەسـەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی.

٥. پەیکەری ڕێکخراوەیی بنکەی کارپێکردنی دەسەلاتەکە بەپێی ئەو بڕیارەکان وەردەگێرێن و چالاکیەکان لەئۆرگانەکاندا جێ بەجێ دەکرێن، چونکە ئاستە کـارگێری و ڕێکخراوەییـەکان لەگـەڵ دەسـەلات و بەرپرسـیاریەتیان دیـاری دەکات.

٦. پەیکـــەری ڕێکخـــستن بەمەبەســـتی ڕێکخـــستنی یـــان کەمکردنـــەوەی کارتێکردنـەکانی تـاك لـە ئۆرگانەکـە پەیـدابووە، ئـەویش لـەماوەی دانـانی دیسپلین سیستم وبنەماکانی جێ بەجێ کردن کەرێگا لەهەوڵە تایبەتیـەکان دەکرێت.

٧. پەیکەری رێکخراوەیی ئەو شێوازانە دیاری دەکات کەلەماوەیدا کردارەکانی چاودێری کاری پێدەکەن لەئۆرگانەکە بەهۆی دەس نیشانکردنی ئاستە چاودێرییەکان و دەزگاکانی.

٨. پەیکەری رێکخراوەیی بۆ دەستە بەرکردنی مانەوەی بەردەوامی ئۆرگان بەدیهات چونکە بنچینەی دروست بوونی ئۆرگان دەنوێنێ کە بزوێنەرو پاڵنەری مانەوەو بەردەوام بوونە.

٩. پەیکەری رێکخراوەیی دۆزرایەوە بۆ روو بەڕووبوونەوەی شاراوەیی و ئاڵۆزی و گۆران لەژینگەی ئۆرگاندا بە رێگای خولقاندنی گونجاندن لەنێوان ئەرك بەجێگەیاندنی ئۆرگان و جوڵە و پێداویستیەکانی ژینگە.

١٠. پەیکەری رێکخراوەیی جیاوازییەکانی نێوان ئۆرگانەکان دیاری دەکات لەماوەی دیاریکردنی بنچینەکانی جیاوازی ناو رێکخراوەکان بەشێوەو ناوەرۆك.

ئۆرگان : (٥٦)

بەشێوەیەکی گشتی ئۆرگانەکان جۆرە پێکهاتەیەکن، پێناسەکردنیان جیاواز دەبێت بەپێی جیاوازی پێناسە کەران و بنەماو پسپۆرییان.

بەلاّم لەماوەی ئەو توێژینەوە جۆراو جۆرانە توانرا چوار ئاراستەی سەرەکی دیاری بکرێت بۆ پێناسە کردنیان ئەوانەش :

١- ئاراستەی کۆمەلاّیەتی Social Approach

بەپێی ئەم راستەیە ئۆرگان بریتیە لە : پێکهاتەیەك یان رێکخستنێکی کۆمەلاّیەتی، ئەم پێناسەیە وەك چوار چێوەیەکی کۆمەلاّیەتی گوزارشت لەئۆرگان دەکات، لەماوەی بایەخ پێدانی بەرێکخستنی کۆمەڵ و تاکەکان ویەکخستنی هەول و رەنجەکانیان، بەم جۆرە ئۆرگان بریتی دەبێ لە

ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی چالاك و سیستمە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوو پسپۆڕەکان.

٢- ئاراستە ڕەفتاری Behavioral Approach

ئەم ئاراستەیە بەچاوێکی ڕەفتاریانە تەماشای ئۆرگان دەکات و پشت بەبنچینەی ڕەفتارەکانی تاك و کۆمەڵان دەبەستێت لەگەڵ کار لەیەکردنی نێوان ئۆرگان و رفتاری کۆمەڵان.

ئۆرگان گوزارشت لەکۆمەڵە ڕەفتارێك دەکات کەپەیوەندییە ناوخۆییەکانی سنوردار دەکات و بڕیار لەسەر ئاراستەکانی کاروجێ بەجێکردنی ڕۆڵی ئۆرگانەکە دەدات.

٣- ئاراستەی پەیکەری : Structural Approach

ئۆرگان بەپێی ئەم ئاراستەیە بریتیە لەپەیکەرێکی ڕێکخراوەیی بەیەك بەستراوە بنیات نراو لەسەر بنچینەی پەیوەندییە ئاڵ و گۆڕە ناوخۆییەکان، بەم پێیە ئۆرگان بریتیە لەرێکخستنی پەیکەرێك کەبەشێوەیەکی ورد جێگای کاری ئەندام و گروپەکان دیاری دەکات لەناو ئۆرگانەکە.

٤- ئاراستەی فەرمانی Functional Approach

ئەم ئاراستەیە لەو گۆشەیەوە تەماشای ئۆرگان دەکات کەبریتیە لەدەزگایەك، کۆمەڵە فەرمانێکی جۆراو جۆرو ڕێکخراو ئەنجام دەدات، بۆیە ئۆرگان بریتیە لەبەڕێوەبردنی ئەو فەرمانانەو بایەخ پێدانیان.

بەشێوەیەکی گشتی ئۆرگان ئەو کارانەی تیادا کۆ دەبێتەوە : (٥٧)

١. لەناو چالاکیە ئالۆزە مرۆڤایەتیەکانیدا چەندین ئامانج کۆدەبێتەوە.
٢. کار لەیەککردنی ئەندامان لەماوەی تۆزێك لەپەیوەندییەکانی دوور لەکەسایەتی.
٣. چەندین ئامانجی دیاریکراوو تایبەتمەندی هەیە.

٤. لەناو بازنەی سیستمە کۆمەڵایەتیە گشتیەکە چەندین سیستمی تر دەوری داوە.

٥. خزمەتگوزاری پێشکەش بەکۆمەڵەکەی دەکات.

٦. لەئەرك و بەجێگەیاندن پشت دەبەستێتە سەر ئالۆگۆڕکردنی ئەو توخمانەی دێنە ناوی و ئەوانی دەڕۆنە دەرەوە لەگەڵ ئۆرگانەکانی تر .

ڕەفتار لەناو ئۆرگاندا: (٥٨)

ڕەفتار لەناو ئۆرگاندا (٥) ڕەگەزی بنچینەیی هەیە، بازنەییەکە بۆ دیاریکردنی بوارو ڕەهەندەکانی، ڕەگەزەکانیش بریتین لە:

١. ئەندام (تاك) : کردارە خودییەکانی، وزەو هاندەرەکانی، ڕەفتاری تاك ئاراستە دەکات و کاری لێ دەکات.

٢. کۆمەڵ : کردەوە کارلەیەککردووەکانی، پەیوەندییەکان، فشارەکانی گروپ بەسەر تاکدا.

٣. ئۆرگان : دەوروبەروو ژینگەو گۆڕانکراییە ناو خۆییەکان کە تاك و کۆمەڵ کاری تیادا دەکەن، ئەو دیسپیلن و شێوازە ڕەفتاریانەی بەسەر ئەندامان دەیسەپێنێ.

٤. ژینگە : بارو دۆخەکەی، هێزی ڕووداوەکانی و داواکاری و بەهاو دەرامەت و پالپشتی کردنەکانی، تایبەتمەندییکانی و لایەنە پۆزەتیف ونێگەتیڤەکانی کارو تێکردنی بەسەر ڕەفتاری تاك و کۆمەڵ.

٥. کارتێکردنەکانی نێوان ئەو ڕەگەزانەی سەرەوە بەگشتی، دەرئەنجامەکانی لەڕووی تەبایی و گونجاندن و یان ئاراستە کردن و گۆڕانکاری و پەرەپێدانەوە.

سیستم : (٥٩)

دەستەوازەی سیستم وشەیەکی یۆنانیەو بەواتای گروپ یان کۆمەڵ دێت، لەبوارە جۆراو جۆرەکانی فەلسەفی کۆمەلایەتی و سیاسیدا واتای تایبەتی خۆی هەیە.
لەڕووی فەلسەفیەوە بەکۆمەڵەبنەمایەکی جێگەی پەسندی مەزهەبێکی فەلسەفی یان زانستی دەوترێت، یان کۆمەڵە بنەمایەك کەلەلایەن زانایەکەوە پەسند کرابێ.
لەهەندێ زماندا سیستم بەمانای پێکهاتەی بەشەکان دێت، لەزانستی سیاسەتدا سیستم بەواتای ئاکاری حکومەت، لەڕووی ڕێکخراوەییەوە بەمەبەستی ڕێکخستن کاروباری ناو ڕێکخراوەکەوە دێت.

پرۆگرام :

بریتیە لەبەرنامەی حزبێکی سیاسی بۆ قۆناغێکی مێژووی دیاریکراو بەرەچاو کردنی بارودۆخی کۆمەڵگە لەو قۆناغە، بەرنامەکە لەکاتی گۆڕانکارییە گەورەکان یان جێ بەجێکردنی ئامانجەکان پێویست بەگۆڕان دەکات.
بەرنامەی هەر حزبێکی سیاسی بریتیە لەئامانجە گشتی و کاتیەکان، بیرو بۆچوون لە بوارەکانی سیاسی ئابوری کۆمەلایەتی، رۆشنبیری کە حزب لەپێناو بەجێهێنانی خەبات دەکات.
ئەو ئامانج و بیرو بۆ چوونانە رەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای حزبەکەیە کەلەبەر رۆشنایی کار دەکات.

پێڕەوی ناو خۆ:

بریتیە لەکۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپ کە پێناسەو دروشم و پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی حزب ڕووندەکاتەوە و پەیوەندییەکانی ناوخۆ دیاری دەکات،

بنیاتنانی هەیکەلی ڕێکخستن دەس نیشان دەکات، ئەرك و دەسەلاتی ئۆرگانەکان و مافی ئەندامانی حزب و شێوازی چارە سەرکردنی کێشەکان دیاری دەکات.

کۆبوونەوە :

کۆبوونەوەی ئەندامانی ئۆرگانێکی حزبی لە جێگایەکدا، کۆبوونەوەکان جیاواز دەبن بە پێی پلەی ڕێکخراوەیی ئۆرگانەکەو ژمارەو پلەو پایەی ئەندامەکانی لەکۆبونەوە حزبیەکان بەرنامەی کار ئامادە دەکرێت کە ئەو باس و کێشانە دەگرێتەوە پەیوەندی بەکارو باری ئۆرگانەکەوە هەبێ.

کۆنگرە :

کۆنگرە بەرزترین و بالاترینی ئۆرگانی حزبە، ئەو ئۆرگانە یان ئەو دەسەلاتە هیچ ئۆرگانێکی دیکەی حزب ناتوانێت سەرپێچی بکات، کۆنگرە لەکۆمەلێك ئەندام پێکدێت، ئەندامانی لیژنەی ناوەندی (سەرکردایەتی) و نوێنەرەکانی ڕێکخستن لەناوچەو هەرێمە جیاجیاکان لەخۆ دەگرێت، لەهەندێ حزبدا ئەندامانی لیژنەی چاودێری و پشکنین و هەروەها ئەندامانی حزب لەپەرلەماندا دەگرێتەوە بەشداربوون لەکۆنگرەو ئەندام بوون لەکۆنگرە بێ مەرج نیە، بەلکو لەزۆربەی حزبەکان پێرەوی ناوخۆ یان چەندمەرجێکیان داناوە بۆ ئەو ئەندامانەی بەشداری دەکەن.

ئەرکەکانی کۆنگرە زۆر و جۆراو جۆرن هەموو بوارەکانی کارو چالاکی و ژیانی حزب دەگرێتەوە.

ئەندام :

ئەندامی حزب ئەو کەسەیە کەپەیوەندی کردووە بەیەکێك لەئۆرگانەکان، ئابوونە دەدات و بڕوای تەواوی بەبیروباوەڕو سیاسەتەکانی هەیە، ئەرك و مافەکانی خۆی بەجێ دەهێنێ، مەرجەکانی ئەندامیەتی لەحزبێکەوە بۆ حزبێکی تر جیاوازە بەپێی ئایدیۆلۆجیایەکەی.

ڕاپۆرت :

ئامرازێکی گرینگە بۆ خستنە ڕووی ڕاستی و ڕووداوەکان، شیکردنەوەیان، پێش نیازەکان بۆ چارەسەرکردنیان.

ڕاپۆرتی حزبی ئامرازێکی سەرەکی پەیوەندی نێوان ئۆرگان و دەزگا حزبیەکانە، جەخت لەسەر پەیوەندییەکی زیندووی ئەندام بەحزبەکەی دەکات.

ئابوونەوە:

بەشداری کردنی ئەندامی حزبە بەبڕێك پارە، ئەمە وەك ئەرکێکی ئەندامیەتی لەحزبدا، دەبێتە یەکێك لەسەرچاوەکانی داهات بۆ ئەو حزبە.

ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن :

ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن، بنەمایەکی گرینگە لەژیانی ناوخۆی حزب، مەبەست لەو هەڵوەێستە هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و لایەنە لاوازەکانە، کەئاراستەی ئەندامان یان ئۆرگان دەکرێت.

ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن شێوازێکە بۆ فێربوون، فێربوونی سەرکردەو کادیران، ڕێکخراو ئۆرگان و ئەندامان، شێوازێکی پەروەردەییە، بۆ پێشختنی کاری حزبایەتی.

بەشی سێیەم
تیۆری رێکخستن و رەهەندەکانی

یەکەم/ تیۆری رێکخستن و رەهەندەکانی

دووەم/ کار لەیەککردنی نێوان ئەندام و ئۆرگان

سێیەم/ پەیکەری رێکخراوەیی و جۆری سەرکردایەتی .

چوارەم/ رۆشنبیری لەناو ئۆرگان

پێنجەم/ بریار وەرگرتن لەناو ئۆرگان

شەشەم/ ململانێیەکان و یەکلاکردنەوەیان

حەوتەم/ پەیکەری نیزامی و پەیکەری نانیزامی

هەشتەم/ کارلێکردن لەنێوان ئۆرگانەکان

باسی یەکەم

تیۆری ڕێکخستن و ڕەهەندەکانی

لەکتێبی (المعجم الحدیث للتحلیل السیاسی) پێناسەیەکی کورتی چەمکی تیۆری ڕێکخستن دەخاتە ڕوو بەم دەقەی خوارەوە : (٦٠)

تیۆری ڕێکخستن (Organization Theory) چوار چێوەیەکی چەمکەکانە بۆ لێکۆڵینەوە لەئۆرگانەکانە، دەربارەی ئاکارەکانی، ڕەفتارەکانی، ئەندامانی لەگەڵ ئەو لایەنە سەرەکیانەی جێگای بایەخ پێدانیەتی.

کارلێکردن لەنێوان ئەندامانی ئۆرگان و شێوازەکانی، پەیکەری ڕێکخراوەیی و جۆرەکانی سەرکردایەتی، پێوەرەکانی ئۆرگان و ڕۆشنبیریان، بڕیارەکان و یەکلاکردنەوەی مللانێیەکان، پەیوەندی نێوان پەیکەرە سیستەمیەکان و ناسیستەمیەکان لەناو ڕێکخراوەکان، کارلێکردن لەنێوان ئۆرگانەکان.

تیۆری ڕێکخستن لەزانستی سیاسیدا بەکارهاتووە بەتایبەتی بەمانای لێکۆڵینەوە لەلیژنەکان، کۆمەڵە بچووکەکان و حزب و دەستە پاسادانەرەکان.

بەورد بوونەوە لەو دەقەی سەرەوە بۆ چەمکی تیۆری ڕێکخستن، دەکرێت ڕەگەزە سەرەکیەکان بەم شێوەی خوارەوە بخەینەڕوو :

١- کارلێکردن لەنێوان ئەندامانی ئۆرگان و شێوازەکانی.
٢- شێوازەکانی پەیکەری ڕێکخراوەیی و جۆرەکانی سەرکردایەتی.
٣- ڕۆشنبیری لەناو لەناو ئۆرگان (ئایدیۆلۆژیا).

٤- بڕیار وەرگرتن

٥- مللانێیەکان و یەکلاکردنەوەی.

٦- پەیوەندی لەنێوان پەیکەرە سیستەمیەکان و ناسیستەمیەکانی ناو ڕێکخراو.

٧- کارلێکردن لەنێوان ئۆرگانەکان.

ئۆرگان یەکەیەکی بنچینەییە لەهەر ڕێکخراوێکی سیاسی بەپێی ئاستە جیازازەکانیشی لەچەند ئەندامێك پێکدێت و سیمای بەردەوام بوون و درێژە پێدانی چالاکی هەیە، ئامرازی بەدیهێنانی ئامانج و داواکاریەکانە.

لەراستیدا کاری ڕێکخراوەیی، بەئەنجام گەیاندنی پەیوەندییەکانە، ئەو پەیوەندییانەش ئەم بوارانە دەگرێتەوە.

١- پەیوەندی نێوان تیۆروپراکتیك، بەجۆرێك کەهیچ پسانەوەی لەنێوان لایەنەکانی ئەم هاوکێشەیە روو نەدات و بکەوینە داوی زۆروتنی بێ ئەنجام.

٢- پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی ڕێکخستن بۆ دەربڕینی هەست و ویستی هاوبەشیان.

٣- شێوازی پەیوەندییەکانی ناوڕێکخستن، سەرکردایەتی، کادیران.

٤- پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخستن لەگەڵ چین و توێژە جۆراو جۆرەکانی جەماوەر.

ئەم پەیوەندیانە لەیەك کاتدا بابەتی ئایدیۆلۆژی و تەکنیکی و رۆشنبیری دەخاتە روو لەسەر هەردوو ئاستی ستراتیزی و تەکنیکی، ئەم بابەتانە یەکلاکردنەوەیان لەبەر رۆشنایی پابەندبوون بەئایدیۆلۆژیاو بنەماکانی ڕێکخستن دەبێ، واتا بەهۆی رەفتاری زانستیانەی دوور لەکاری سەرپێی و

ئەزمونگەری، ڕێکخستنی سیاسی پرۆسەیەکی ئامێری نیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی بیرو باوەڕەکانە.

ڕێکخستن ئامرازی تیۆرە بۆ جێ بەجێکردن، کاتی هزری سیاسی باس لەکاری جەماوەری دەکات، ئەوا ڕاست نیە ڕێکخستن دوور بێت لە جەماوەر، کاتێ هزری سیاسی باس لەهەڵسەنگاندنی قۆناغەکان دەکات و دیموکراسیەت و فرەیی بەگونجاو پێویست دەزانێ، ئەوا بنەمای ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن دەبێتە کارێکی پێویست.

لەم بوارەدا ئەگەر سەرنجێ لەگرینگی ئەرکی ڕێکخستن بدەین لەئاست حزب، دەبێ ئاماژە بۆ ئەم لایەنانە بکەین:

١- پەروەردەکردنی سیاسی و هۆشیارکردنەوەی ئۆەگانەکان و جەماوەر.

٢- ئاگادار کردنەوەی ئەندام و لایەنگران بەبڕیارو ڕێنمایی و بەرنامەکان.

٣- ئەرکەکانی لەبواری هەلبژاردنە جۆراو جۆرەکان .

٤- ئەرکی دەسەڵات گرتنە دەست و پاراستنی سیستمی سیاسی.

٥- ئەرکی پەیوەندیکردنی نێوان گروپ و لایەنە سیاسیەکان.

٦- ڕێکخستنی سەقامگیری و بەردەوامی دەستەبەر دەکات، بەمە حزبی سیاسی ئەزموونێکی گەورە لەکاری سیاسی بەدەست دێنێت.

٧- ڕێکخستن ڕەگەزی ڕێك و پێکی و پێکهاتنە، لەئەرکەکانی زاڵبوونە بەسەر پێکنەهاتن و ڕەفتاری بەرەڵلایی.

٨- پارێزگاریکردنی یەکبوونی ناوخۆیی حزب و یەك ریزی ئەندامانی، لەڕووی بیروباوەڕو ئاراستە کردنی بەرهەڵستی و دەستە گەری و دوو بەرەکی و ناحەزان.

٩- پەیداکردنی پشتگیری جەماوەری کەزەمینەی کۆمەلایەتی پتەو پێکدێنی بۆ حزب.

١٠- ڕێکخستن ئامرازی سەرەکی حزبە بۆ جێ بەجێکردنی ئامانج و بیروباوەڕەکانی و کەبەهۆیەوە ململانێی سیاسی لەگەڵ لایەنی ڕکابەر بەڕێوە دەبات .

حزبە سیاسیەکان بۆ بەجێهێنانی سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانجەکانیان پێویستیان بەدوو مەرج هەیە. (٦١)

١- ئاست و باری هزری و ئایدیۆلۆی و پەیکەری ڕێکخراوەیی و بەرنامەی سیاسی و دەستەی بژاردەی سەرکردایەتی، هەروەها یەکگرتوویی ناوخۆیی و هۆیەکانی پەیوەندیکردن، قەبارەی ئەندامیەتی و کاریگەرییە ناوخۆییەکان.

٢- ژینگەی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتوری سەرچاوەی هزرو بنەماکانی سیستمی حزبن، کۆدەبنەوە لەسروشتی ئەو کۆت و پێوەندە یاسایی و سیاسی و کارگێرییە سەپێنراوانە بەسەریدا.

ئۆرگان یەك لەگرینگترین ڕەهەندەکانی حزبە سیاسیەکان پێکدەهێنێ، زۆر لە توێژەرانی حزبەکان بەتایبەتی نووسەرانی کلاسیك، ئۆرگان بەگرینگترین خاڵی جیاکەرەوەی حزبەسیاسیەکان (بەواتا نوێیەکەی) دەزانن لە ڕێکخراوەکانی تر.

(مورس دوفرجیە) لەو توێژەرانەیە کە گرینگی لەرادە بەدەری بەڕێکخستن و پێکهاتەی دەدا، ئۆرگانی حزب بەبگۆڕێکی سەربەخۆ دەزانێ بۆ ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی حزب.

پێکهاتەی هەر حزبێك بەشێوەیەکی خۆ کرد بەدی نایێت، بەڵکو پێویستی بەدیرێکی ڕوون و هەوڵدانێکی ئامانجدار هەیە، بەپێی ئاراستەی ئەو دیدە، کاری خۆ کردی لەڕێکخستن بەکردەوە دەبێتە هۆی زاڵ بوونی چین و توێژە هەڵپەرستەکان و دەس ڕۆیشتووەکان.

(روبــرت میفلــز) لەکتێبــە بەناوبانگەکــەی کەلەســاڵی (١٩١١) نووســیویەتی، لێکۆلینەوەییەکـە دەربـارەی کـاری ڕێکخراوەیــی لـەحزبی سوسـیال دیمـوکراتی ئەلمانیا. (٦٢)

ئــەو لەکتێبەکەیــدا ڕێکخــراوی حزبــی بــەئامرازێك دەزانــێ بــۆ دەســەڵاتداری تاکرەوانەی حزب بەسەر ئەندامەکانیداو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە (ئۆلیگارشـی) ئاسنینی حزبی سوسیال دیموکراتی ئەلمانیا لەئۆرگان و ڕێکخستنی ئـەم حزبـەوە سەرچاوەدەگرێ.

(میفلــز) لــەوە باوەڕەدایــە کــە ئۆرگــان و ڕێکخــستنی بــەهێزو توکمــە جگــە لـەتاکرەوی هـیچ ئـەنجامێکی تـری نیـە و ئـەو دووانـە بەپێویـست و گرێـدراوی یەکتر دادەنرێن.

لەڕووانگــەی (میفلــزەوە) هــۆی ئــەم دیاردەیــە زۆر ڕوونــە چــونکە هــەموو ڕێکخراوەکــان و تەنانــەت ڕێکخــراوە دیموکراتیــەکانش بەئاراســتەی جــۆرە ئاریــستوکراتیەك دەڕۆن لەهــەموو ئۆرگانەکانــدا بەناچــار ژمارەیــەکی کــەم ڕێبەرایەتی و ڕێنمایی ڕێکخراو لە ئەسـتۆ دەگـرن ڕێکخـراو بـەخێرا بەسـەر دوو بەشی : باڵا دەسەڵاتداو ژێر دەست، دابەش دەبن.

(ویـل هـوفێر) ڕەخنــە لــە (میفلــز) دەگــرێ دەربـارەی تێگەیـشتنەکەی لەسـەر ئۆرگان، (ویل هو فێر) ئۆرگان بەئارمرازێك بۆ کۆکردنەوە دەزانـێ و ئـەم جـۆرە پێناسەی دەکات.

ئۆرگــان بریتیــە لــەئامرازێك بــۆ کۆکردنــەوەی ئەنــدامان لەگروپــە جــۆراو جۆرەکاندا، بەمەسەتی ڕێکخستنی چالاکیەکانیان.

بنیادنانی ڕێکخراوەیی پشت بەسێ ڕەهەندی بەیەك گرێدراو دەبەستێ : (٦٣)

یەکەم // ئاڵۆز بوون :

ئەو زاراوەیە ئاماژە کردنە بۆ رادەی جیاوازی یان ئەو جۆراو جۆریەی کە هەیە لەناو رێکخستندا ئەم جیاوازییە دابەش دەبێتە سەر سێ جۆر:

أ) جیاوازی ئاسۆیی: پلەی جیاوازی لەنێوان ئەو یەکە رێکخراوەییانەی کە لەسەر یەك ئاستی دەسەڵاتن، ئەم جیاوازییەش بەپێی ئەم رەگەزانە دیاری دەکرێت.

١- پاش خان و بیرو بۆ چوونی ئەندامان.

٢- ئەرکە سنوردارەکان لەرێکخستن.

٣- ئاستی راهێنان و فێربوون.

ب) جیاوازی ستوونی : مەبەست لەم جۆرە جیاوازییە، رادەی قوڵایی زنجیرەی پەیکەری رێکخراوەییە، یان رادەی فرەیی ئاستەکانی دەسەڵات لەناو رێکخراوەکە، چەندی ماوەی نێوان بنکەی پەیکەری رێکخراوەکە لەگەڵ لوتکەکەی فراوان بوو، ئەوەندە ئەگەرەکانی ئاڵۆزی وشێواندن لەپەیوەندیکردن و دژواری رێکخستن و وەرگرتنی بڕیارەکان زۆرتر دەبێ.

ج) جیاوازی ناوچەیی (شوێن)

لێرەدا مەبەست رادەی بڵاوبوونەوەو دابەش بوونی جوگرافیە بۆ ئەندام وئۆرگانەکان، واتا چەندی دابەشبوونی جوگرافی کاروبارو ئەندامانی رێکخستن فراوان بوو، ئەوا پلەی دابەش بوون زۆرتر دەبێ، زۆربوونی ژمارەی کادیران و فراوانبوونی ماوەی نێوانیان دەبێتە هۆی ئاڵۆز بوونی زیاتر .

دووەم // فەرمیەتی :

واتا بوونی پێوەرێك بۆ دیارکردنی کاروبارو چالاکیە جیاوازەکانی رێکخستن، لێرەدا پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان بەفەرمی کردن و ئازادی هەڵس و

کەوت، چەندی پلەی بەفەرمیکردنەکە زیاتر بوو ئەوا ئازادی هەڵس و کەوت کەمتر دەبێ، جێگای ئاماژە بۆ کردنە پلەی بەفەرمیکردن جیاوازە لەڕێکخراویکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر.

سێیەم // ناوەندێتی :

مەبەست لەناوەندێتی چۆنیەتی وەرگرتنی بڕیارەکانە لەناو ڕێکخستن، هەروەها پلەی دابەش کردنی دەسەڵاتەکان تیادا.

باسی دووەم
کار لەیەککردنی نێوان ئەندامانی ئۆرگان و شێوازەکانی

ئۆرگان چیە؟ ئاستەکانی، شێوازەکانی پەیوەندیکردن لەنێوانیان، ئەرك و دەسەلاتەکانیان، ئەندامانی، پێوەرەکانی وەرگرتنیان، ئەرك و مافەکانیان، پەیوەندییەکانی نێوانیان، ئاستی کاریگەری نێوانیان.

ئۆرگان یەك لەپێکهاتە بناغەییەکانی پەیکەری ڕێکخراوەیی هەر حزبێکی سیاسیە لەبنکەوە تا دەگاتە لوتکەی پەیکەرەکە بەپێی ئاستەجیاوازەکانیان لەئەرك و دەسەلاتەکان و جۆری پێکهاتنیان لەماوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرگانەکان و پلەی کارلەیەککردنیان، ڕادەی چالاکی و توانای حزبی سیاسی دەردەکەوێت.

ئەو چوار چێوەیەی شێوازی پێکهاتن و ڕێکخستن و پەیوەندییەکانی ئۆرگانەکان دیاری دەکات، پێڕەوی ناو خۆی حزبەکەیە.

پێڕەوی ناوخۆ کەبریتیە لەکۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپ، پەیوەندییە ناوخۆییەکان و ئەرك و دەسەلاتی ئەندام و ئۆرگانەکانی دیاری دەکات.

پێویست دەکات لەدانانی پێڕەوی ناوخۆی هەر حزبێکی سیاسی ڕەچاوی کۆمەڵە مەرجێك بکرێت :

١- پاراستنی یەکێتی حزبەکە :

٢- پیادەکردنی بنەماو هزرو ئایدیۆلۆژیای حزب.

٣- پابەند بوون بەدیسپلینی ڕێکخراوەیی.

٤- پەیوەندییە ناو خۆییەکان لەنێوان ئۆرگانەکان لەبنکەوە تا لوتکە، لەنێوان ئەندامان و ئۆرگان.

٥- شێوازەکانی بەڕێوەبەردنی کاروباری ناوخۆی حزب.

٦- بەهەند وەرگرتنی هەل و مەرجی کۆمەلایەتی و کەلتوری کۆمەلگە.

ڕۆلی پۆزەتیفانەی ئۆرگان بەسەر ئەندامان :

حزبی سیاسی بەهۆی ڕێکخستنەکانی، ئەندامانی لەناو ئۆرگان رادەهێنێ لەسەر پیادە کردنی بنەماکانی ڕێکخستن، شێوازەکانی پەیوەندیکردن و جۆرەها چالاکی و کاروباری حزبی وکۆمەلایەتی و سیاسی ڕۆژانە، هەموو ئەوچالاکیانە کارتێکردنی پۆزەتیفانەی دەبێ لەسەر ڕەفتارو تواناکانی ئەندامان، دەکرێت لەچەند خالێك کورت بکرێنەوە:

١- ئامادە کردنی ئەندامان بۆ ئەوەی بۆ چوونە سیاسیەکانیان دەربارەی کێشەکان دروست بکەن.

٢- ئامادەکردنی کاندید بۆ هەلبژاردن.

٣- ئامادەکردنی کادیر بۆ کاری سیاسی.

٤- دیاریکردن و خستنەرووی بەرژەوندییەکانی گروپەکانی ناوکۆمەلگە.

٥- پێگەیاندنی سەرکردەو کادیرە سیاسیەکان.

٦- وەرگرتنی بیروڕای ئەندامان لەسەر بڕیارەکان.

٧- دەربارەی سیاسەت و بەرنامەو پلانەکان بەرچاو ڕوونی دەخاتە بەردەست ئەندامان.

ڕۆلی ئەندام لەناو ئۆرگان :

مەبەست لەم ڕۆڵە ئەو چالاکیانەی کە ئەندام پێی هەڵدەستێت وپێگەیەك دەنوێنێ لە پەیکەری ڕێکخراوەییدا، یان دیاریکردنی ئەو ڕەفتارە چاوەڕوانکراوەی کەئەندام پێی هەڵدەسێت بەپێی پێگەو پلەی لەو ناوەندەی کەکاری تیادا دەکات.

بۆیە دەگرێت لەماوەی بەکار هێنانی پێگەو ڕۆڵ پێش بینی ڕەفتاری ئەندامان بکرێت لەئۆرگانەکان.

ڕۆڵی ئەندام لەناو ئۆرگان بەپێی ئەرك یان ئەو دەسەڵاتە فەرمیانەی پێی سپێراوە دیاری ناکرێت، سیستمە فەرمیەکان گرینگی دەدەن بەو ڕۆڵەی کەئەندامان پێی هەڵدەسن.

شان بەشانی هەموو ئەو بیروڕیانە، ڕۆڵی ئەندام کاریگەر دەبێت بەپێش بینی و بۆ چوونەکانی کەسانی دەوروبەری دەربارەی هەلس و کەوتەکانی، واتە لەلایەن هەڤالان و بەپرسانی دەوروبەری .

پیرەوی ناوخۆی حزبی سوسیال دیموکراتی ئەلمانیا ڕۆلی ئەندامی لەچەند خالێك باس کردووە:

١- هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە لەچوار چێوەی پێرەوی ناوخۆی حزبدا لە دروستکردنی ئیرادەی سیاسی و لەهەلبژاردن دەنگداندا بەشداری بکات، هەروەها ئەرکی سەرشانیەتی کە پشتگیری لەئامانجەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات بکات، لەکۆبوونەوەی ئەندامانی شوێنی ڕێکخستنەکەی مافی هەلبژاردن و دەنگدانی هەیە، کۆبوونەوەی ئەندامانی ڕێکخستنی شوێنگە پێویستە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و بەلای کەمەوە هەر شەش مانگ جارێك سازبکرێت.

٢- ئەو ئەندامانەی کەساڵانێکی زۆر لەریزی حزب ئەندامن ڕێزیان لێدەگیرێت، سەرۆکایەتی حزب دەتوانێت ماوەی ئەو کاتە دیاری بکات کە بۆ بڕیاری بەخشینی ڕێزگرتن لەئەندامان پێویستە.

٣- ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندی بەئەندامەوە هەیەو بۆ کاروباری حزب پێویستن بەپێی یاسای پاراستنی داتەکان و ڕێساکانی حزب پارێزگارییان لێ دەکرێت، ئەو زانیاریانە تەنها دەخرێنە بەردەم هاوکارە سەرەکیەکانی حزب، سەرۆکایەتیەکان، لێپرسراوانی دارایی ئەگەر پێویست بوو بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ داتەکان، سکرتێری گشتی حزب ڕێنمایی پارێزگاری داتەکان دیاری دەکات.

پسپۆڕە سیاسیەکان و سەرکردە جەماوەریەکان بایەخ بەرۆڵی ئاراستەکان دەدەن، زانینی چۆنیەتی گەشەکردنی ئەو ئاراستەو بۆ چوونانە، هەروەها تاچ رادەیەك دەکرێت جەختی لەسەر بکرێت و گۆڕانی و بەسەردابێت، لەبەر ئەوەی ئەو هەڵوێستانە گوزارشت لەپەیوەندیکردن و کارلەیەککردنی نێوان کۆمەڵانی خەڵك دەکات، کە هەندێ جارمۆرکی هاوکاری هەڵدەگرێت و هەندێ جاریش ململانێ.

بۆیە پێویست بەتۆێژینەوە دەکات لەو کارلەیەککردنە لەڕووی ئاکارو خەسڵەتی گروپەکان، هەروەها ئاکارو هەڵوێستی ئەندامان، چونکە ئاراستەکان رۆڵی هێزێکی پاڵنەر دەبینێ کە ئەندامان بەرەو چالاکی و کارکردن دەبات بەشێوەیەکی دیار و ڕەنگە شێوازەکەش هاوکاری بێت یان رکاربەری بەکۆمەڵ بێت یان تاك.

زاراوەی ئاراستەکان پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە، بەکورتی مەبەست لەم زاراوەیە، حالەتێکە لەئامادەباشی ئەقلی و دەروونی لەلایەن تاکەوە کەلە ڕێگای ئەزموون و شارەزایی کۆبۆ تەوەو ڕێکخراوە. کار لەسەر ئەندام دەکات بۆ ئاراستەکردنی بەرەو هەڵوێست بابەت و شتەگرێدراوەکان بەو بارەوە.

لەماوەی لێ وردبوونەوەو توێژینەوە لەجۆری پەیوەندییە ناوخۆییەکانی زۆرینەی حزبەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی پەیوەستن بەپێکهاتەی ئۆرگانی و پەیوەندییەکانی نێوان ئەندام و ئۆرگانەکانی و مەرج بنەمای وەرگرتنی ئەندام و دروستکردنی ئۆرگان، دووئاراستەی جیاوازمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەهەر یەکەیان لەزۆر بواردا جیاوازن لەگەڵ یەکتر بە پێی ئەو ئایدیۆلۆژیای بناغەی هزری حزبەکە پێك دێنێت.

ئەو دوو ئاراستەیە بریتین لە:

١- ئاراستەی ناوەندێتی لەشێوازی پەیوەندیکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان.

ئەم ئاراستەیە زۆربەی حزبە مارکسی و ناسیونالستە توندرەوەکان پیادەی دەکەن.

٢- ئاراستەی ناناوەندێتی لەشێوازی پەیوەندیکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان کەحزبە دیموکراسی و لیبرالەکانی پیادەی دەکەن.

دەکرێت ئاراستەیەکی تر زیاد بکرێت کە ئەویش حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان دەگرێتەوە کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەم بوارەدا.

ناوەندێتی :

مەبەست لەناوەندێتی بوونی دەسەڵاتی بریاردان لەلایەن یەك کەس یان ئۆرگانێك بەمەش دەرفەتێك دەدرێت بەولایەنەی کەدەسەڵاتی لەدەست دایە توانای بەکار هێنانی ماف و سنورێکی بەرفراوانی هەبێ لەبریاردان، بەڵام لەئاستەکانی خوارووتر ئەم دەسەڵاتایان نابێ:

ئاکارەکانی ناوەندێتی :

١- ئۆرگانی باڵا توانای هەماهەنگی لەنێوان یەکە جیاوازەکان هەیە، ئەم کارە بۆ یەکەکانی ئەو ئۆرگانە دەگەرێتەوە کەخاوەن دەسەڵاتێکی گەورەن بۆ بەکار

هێنانی ئەو دەسەڵاتەی کەهەیەتی لەهەڵسان بەکرداری خێرا بۆ بەیەك بەستنەوەی نێوان یەکەکانی ڕێکخستن.

٢- لەکاتێکدا ئۆرگانی باڵا کەدەسەڵاتەکانی بەدەستە، توانای بەکارهێنانی ئەو کارزانی و زانینانەی هەیە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی وردو خێرا.

٣- ناوەندێتی دەبێتە هۆی دابین کردنی پلەیەکی بەرز لەچاو دێریکردنی ئاستەکانی خوارەوە، لەدوایدا زانینی هەر لادانێك یان دەرچوون لەئەرك بەجێگەیاندن.

٤- بڕیارەکانی ناوەندێتی زامنی کەمکردنەوەی هەوڵە ترسناکەکانە، ئەمەش بەبەراوردکردنی پێدانی دەرفەت بەئاستەکانی خواروو هەرکاتێك زانیارییەك یان زانینەك هەبێت.

٥- ناوەندێتی دەبێتە هۆی دەستەبەر کردنی جۆرێك لەیەکچوون و پابەندبوون بەسیستەم و ڕێنمایی و یاساو ڕێساکان، کەرەنگە لەلایەن ئاستەکانی خوارەوە پێشێل بکرێت.

لایەنە نەگەتیڤەکانی ناوەدێتی:

١- سەر قاڵ بوونی بەشەکانی ئۆرگانی باڵا بەکارە بچووکەکان بەهۆی گردبوونەوەی دەسەڵات لەدەستیان.

٢- بەرپرس لەئۆرگانی باڵا کەدەسەڵاتی بەدەستە ناتوانێت گرنگی بەکارە ستراتیژییەکان بدات.

٣- بەرپرس لەئۆرگانی باڵا کەمتر سەرنج دەداتە ئەو ڕووداوانەی کە دەرفەتە دەبێ بیقۆزێتەوە یان هەڕەشەیە کەدەبێ خۆی لێی لابدات.

نا ناوەندێتی :

مەبەست لە نا ناوەندێتی پێدانی دەسەڵاتی زۆرترو مافی بڕیاردان بۆ ئاستەکانی خوارەوەی ڕێکخستنە.

ئاکارەکانی :

١- خێرایی زیاتر لەجووڵەو بڕیاردان.
٢- توانای زیاتر لەسەرگونجان لەگەڵ بارودۆخی دەوروبەرو گۆرانکارییەکانی.
٣- گرینگی دانی زیاترو گەرم و گوڕی لەلایەن ئاستەکانی خوارەوە بەهۆی بەشداری کردنیان .
٤- ئۆرگانی باڵاکاتی زیاتری هەیە تاوەکو گرینگی بدات بەکاری تایبەت و پلاندانانی ستراتیژی.

یەکەم :

ئاراستەی ناوەندێتی

أ) پەیوەندی نێوان ئەندام و ئۆرگان :

زۆربەی ئەو حزبە سیاسیانەی ئەم ئاراستەیەیان پێرەو کردووە، بنەمای (ناوەندێتی دیموکراسی) یان وەك بنەمایەکی بنچینەیی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانیان دیاریکردوە، ئەم بنەمایە ئەم خاڵە سەرەکیانە دەگرێتە خۆی:

١- ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆرینە، لەکاتی هەربڕیارێك .
٢- ملکەچی ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ ئۆرگانەکانی سەرەوە.
٣- دیسپیلنی حزبایەتی هەموو لایەك دەگرێتەوە.

٤- یەك سەرکردایەتی لەلوتکەدا.
٥- ئەنجومەنی هەموو ئۆرگانەکان لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەهەڵبژاردن پێکدێت.
٦- ئۆرگانەکانی خوارەوە راپۆرتی خولیان دەبێ بۆ ئۆرگانەکانی سەرەوە.
٧- مافی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن بۆ ئەندامان لەماوەی کۆبوونەوەکاندا.
٨- بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرووتر جێ بەجێ دەکرێت پاشان رەخنەوپێش نیازو پرسیاریان ئاراستە دەکرێت.

ب) شێوازی وەرگرتنی ئەندام، ئەرك و مافەکانیان، جۆری ئەندامان:
١- پێویست دەکات ئەندام بەپلەی پالێوراو تێپەڕ بێت کەماوەیەکی درێژدەخایەنێت.
٢- بۆ وەرگرتنی پلەی ئەندامیەتی پێویستە لەلایەن چەند ئەندامێکی کۆنتر پشتگیری بکرێت.
٣- ئەندام پێویستە لەکۆبونەوەکان ئامادە بێت و ئابوونەوە بدات و لەناو ئۆرگان ڕێك بخرێت.
٤- ئەندام هەر پێش نیازو داواکارییەکی هەبێ پێویست دەکات لەڕێگای بەرپرسی ئۆرگانەکەی بەرزی بکاتەوە .
٥- پێویستە ئەندام پابەند بێت بە بنەماو بڕیارەکانی حزب و هەوڵی تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژیاکەی بدات.

ج) پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرگانەکان :
ئەم پەیوەندییانە دوو شێواز وەردەگرێ بەگشتی، کە بریتین لە :

١- پەیوەندیکردنی ئاسۆیی: لەنێوان دوو ئۆرگان یان زیاتر کە لەیەك ئاستی ڕێکخراوەیی بن، (وەك پەیوەندییەکانی نێوان دوو مەکتەب یان دوو مەڵبەند لەڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

ئەو پەیوەندییانە زیاتر بۆ ئاڵ و گۆڕ کردنی بیرورا یان ڕاپەڕاندنی کاروباە ئاساییەکان دەبێ :

٢- پەیوەندیکردنی ستوونی : لەنێوان ئۆرگانەکانی سەرەوە لەخوار خۆیان یاخود بەپێچەوانە، وەك پەیوەندیکردنی مەکتەبی ڕاگەیاندن لەگەڵ لق و ناوەندی پارێزگاکان لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئەم جۆرە پەیوەندییانە زیاتر مۆرکی فەرمی و جێ بەجێکردنی بڕیارەکان وەردەگرێت.

دووەم :

ئاراستەی ناناوەندێتی :

أ) پەیوەندییەکانی نێوان ئەندام و ئۆرگان (چەند بڕگەیەك لەپرنسیپەکانی ئەم جۆرە حزبانە :

١) بەئەندام وەردەگیرێت ئەوانەی دان بە بنەما ڕێکخراوەییەکانی حزبدا دەنێن. (لەهەندێ لەحزبەکان لەتەمەنی ١٤ ساڵیەوە بەئەندام وەردەگیرێت)

٢- کۆمیتەکانی سەرۆکایەتی بڕیاری وەرگرتنی ئەندام دەدەن، لەماوەی یەك مانگدا پێویستە بڕیاری وەرگرتنی ئەندام یەکلابکرێتەوە، پاش مانگەکە ئەگەر وەلامیش نەدرێتەوە، ئەو ئەندامە بەوەرگیراو دەژمێر درێت.

٣- کۆتایی هاتنی پەیوەندی ئەندام بەئۆرگانەوە بەهۆی مەرگ، وازهێنان دەرکردن دەبێ.

٤- هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە لەچوار چێوەی پێرەوی ناوخۆی حزبدا لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی و لەهەلبژاردن و دەنگدان بەشداری بکات.

٥- ئەو ئەندامانەی سالانێکی زۆر لەڕیزی حزبدا ئەندامن، ڕێزیان لێدەگیرێت .

٦- کۆمیتەکانی حزب دەتوانن کۆبوونەوەکانیان بەکراوەیی سازبکەن.

ب) پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرگان و ئۆرگان.

پەیکەری ڕێکخراوەیی لەو جۆرە حزبانەی کە بنەمای ناناوەندێتی پێرەو دەکەن دەکرێتە چەند بەشێك، هەروەك نموونەی.

هەر دوو حزبی کۆماری و دیموکرات لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو حزبی سوسیال دیموکرات لە ئەلمانیا.

بۆیە شێوازو میکانیزمی پەیوەندییەکان زۆر کراوەو سەربەستانە دەبێت و ئەندام و ئۆرگان ڕۆلی گەورەو بەرچاویان دەبێ لەتێکڕایی کاروبارو سیاسەتەکانی حزب.

بۆ نموونە پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی سوسیال دیموکراتی ئەلمانیا بەم شێوەیە داڕێژراوە. (٦٤)

أ) لەگەڕەکەکان : ئۆرگانەکان بریتین لە :

شوینگە، بنەگەڕەك، گەڕەك

ب- لەسەر ئاستی ولات :

١- کۆنگرەی حزب : کە ئەم دەزگایانەی لێ هەلدە بژێردرێت:

أ) دەستەی سەرۆکایەتی .

ب) ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری.

ج) کومسیۆنی کونترۆلکردن.

ئاکارەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان ئەم جۆرە ئۆرگانانە بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەوێ:

١- ئاراستەی دورستبوونی ئیرادەی سیاسی لەژێرەوە بەرەو سەرەوە دەبێ.

٢- لەهەر گەڕەکێك حزب بۆی هەیە پیرەونامەیەکی تایبەتی بەخۆی دابێ

.

٣- کۆمیتەکانی سەرۆکایەتی (رێکخستنی شوێنگە)کان بڕیاری وەرگرتنی ئەندام دەدەن.

٤- ئەو هەرێمانەی کە پتر لەگەڕەکێکی لێیە، گەڕەکەکان (ئۆرگان) دەتوانن بەپێی پێویستی سیاسی خۆیان هاوبەندیتی هەرێمی لەنێوان خۆیاندا وەك یەکگرتنێکی ناوچەیی پێك بێنن.

٥- ئەو هەرێمانەی کە تەنیا یەك گەڕەکی لێیە، ئەوا بەپێی پێرەوی ناوخۆی گەڕەك، دەکرێت هاو بەندیی ناوچەیی لەنێوان کۆمەلێك لەبنگەڕەکەکان پێك بهێنرێت.

٦- رێکخستنی شوێنگەکان دەتوانن کەکەرتی رێکخستن بۆ خۆیان دروست بکەن، بەمەش ئەندامانی رێکخستن شوێنگەکان ئەرك و مافەکانیان بەپارێزراوی وەك خۆی دەمێنێتەوە .

٧- پالێوراوان بۆ نێنەرایەتی حزب و هەلبژاردنی راستەو خۆ بۆ پایەی پارێزگار لەلایەن رێکخستن شوێنگەکان دەس نیشان دەکرێت.

٨- ئۆرگانی حزب لەسەریەتی پابەند بێت بەبڕیاری ئەندامان، لەوپرسەی کە بڕیاری لەسەر دراوە.

٩- کۆمیسیۆنەکانی بڕیار لەلایەن بنگەڕەك و گەڕەك و سەرۆکایەتی حزب پێکدێت، ئەرکی سەرەکی ئەم کۆمیسیۆنە چاودێری چۆنیەتی پیادەکردنی پێرەوی ناوخۆیە لەکاتی کێشەکان.

پیادەکردنی هەر ڕێکخستنێك بۆ بنەمای ناوەندێتی یان ناناوەندێتی، چەند فاکتەرێك کاریگەری دەبێ لەدیاریکردنی، گرینگترین ئەو فاکتەرانە :

١- ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ چالاکی و تواناو ئاراستەکانی.
٢- قەبارەی ڕێکخراوەکەو ڕادەی بڵاوبوونەوەی.
٣- ڕادەی باری سەقامگیری لەناو ڕێکخراوەکە یان گۆڕان و فراوان بوونی چالاکیەکانی.
٤- سروشتی ئەو کەش و هەوایە ڕێکخراوەییەی باوەو ڕادەی گۆڕان لە بەهاو هزرەکانی ناورێکخراو.
٥- هەل و مەرجی ناوچەیی و بیروباوەری ئەندامان، ڕادەی بەدەست هاتنی پێداویستە مادییەکان بۆ ژیانی ڕێکخراوەکە.

سێیەم :

شێوازی پەیوەندیکردنی نێوان ئەندام و ئۆرگان لەناو کۆمەڵەکانی ئیسلامی سیاسی : (٦٥)

١- شێوازی بەکار هێنانی ئەندام لەرێکخراوە تایبەتیەکەی (الاخوان المسلمین) ڕەنگە هەڵگری حەسلەت و ئاکاری ئالۆزییەکی توندو لێ ورد بوونەوەی زیادە ڕۆیی بێت.

ئەندام پلەی ئەندامیەتی تەواوی پێ نادرێت تاپاش ماوەیەکی دورو درێژ لە پێگەیاندن کەچەندین ئەزموونی ورد دەگرێتە خۆی.

٢- پرۆسەی پێگەیاندنی ئەندام چەندین لایەنی گیانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەگرێتە خۆی دەربارەی کەسی پالێوراو بۆ ئەندامیەتی، بەجۆرێك کە ئەندام تێکەڵاوییەکی تەواوی هەبێت لەگەڵ ئەم کۆمەڵە، هەروەها لەم

قۆناغـەدا پێویـست دەکـات ئەنـدام چـەندین کارامـەیی لـەبواری ژیـری و سەربازی و کۆکردنەوەی زانیاری و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان پەیدا کردبێ.

ئـەم قۆناغـە ماوەکـەی نزیکـەی (٦٠) هەفتـە درێـژە دەکیـشێت پـێش ئـەوەی بـە قۆنـاغی تاقیکردنــەوە تیپـەڕ بێـت کەماوەکـەی (٨) هەفتـە دەخایـەنێت، واتـە بەگشتی (٦٨) هەفتە دەبێت.

لــەم مــاوە دوورو درێــژەدا کەســی پــالێوراو لــەژێر چــاودێری و چــەندین تاقیکردنەوەی ورد دەبێت لەرووی (تیوری پراکتێکی)یەوە.

٣- پالێوراو پێویست دەکات نهێنی پارێز بێت و لای کەس هیچ نهێنیەك ئاشکرا نەکات بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەگەر نهێنی ئاشکرا بکـات ئـەوا ڕەنگـە ئـەو کەسـە بـەرەو ڕووی سـزای کوشـتن ببێتـەوە، هـەروەها لەڕێکخـستنی کۆمـەڵ دوور دەخرێتەوە لەهەر پلەو پایەیکدا بێت، یاخود بەهەر هۆیەکەوە بێت.

ســـەرەرای ئەوانـــە پێویـــستە پـــالێوراو متمانـــەو بـــاوەڕی تـــەواوی بەســـەر کرادایەتیەکــەی هــەبێ، ناکرێــت بــۆ هــیچ کێــشەیەك راســتەوخۆ پەیوەنــدی بەسەرکردایەتی بالآبکات تەنها لە ڕێگای بەرپرسـەکەی نـەبێ، ئـەم کارە تووشـی لێپرسینەوەی دەکات.

بەکورتی :

حزبە سیاسیەکان بەشێوەیەك ڕێکدەخرێن کـە هـیچ جیاوزییـەکی نـەبێ لەگـەڵ شێوازی ڕێکخستنی ڕێکخراوە سەر کەتووەکانی ترو بە ڕێوەبردنیـان، مەبەسـتیش لــەوە لەســەر ئاســتی بنــەڕەتی ئەوەیــە کــە دەبــێ حزبــی ســەرکەوتوو خــاوەن ڕێکخستنێکی باش و ئیدارەو پەیوەندییەکی ئەو تۆ بێت کـە لەلایـەن ئەنـدامانی ئەو حزبەوە ناسراوو ئاشکرا بێت.

پابەندبوونی حزبی سیاسی بەبەهاوبنە مارێکخراوەییەکان لەناو ئۆرگانەکانی ڕێکخستن، پێکهاتەی ناوخۆی حزب نیشان دەدات ستراکتوری ناوخۆی هەر حزبێك ناکرێت بەشێوەیەکی خۆکردنی پێك بێت بەڵکو پێویستی بەدیدێکی ڕوون و هەڵسەنگاندنێکی ستراتیژیانە هەیە.

پێویستە بەرپرسانی حزب لەسەر ئاستی پێگە ناخۆییەکان هەروەها ئەندامانی لەبارێکی ئەو تۆدابن کە بتوانن هەرچی گونجاو لەبارە لەبەرنامەکاندا ئامادەی بکەن، وەك ڕێکخستنی کۆڕو کۆبوونەوە گشتیەکان و ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕاکێشانی ئەندامانی نوێ بۆ ناو حزب و دەرفەتی ئازادی و ڕادەربرین .

لێهاتووی و ئازایەتی سەرکردەی حزبەکان بەتەنها بەس نیە بۆ کاری ڕێکخراویی و سیاسی ئەگەر جەماوەریان بۆ ئاراستە نەکرێت و ڕێکسختنی توندو تۆڵ و شارەزایان نەبێت و ئەندامانیان بۆ هان نەردێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکان.

بەڵام دەبێ ئەو چالاکیە ناو خۆییانە لەگەڵ سیاسەتە بنچینەییەکانی حزبدا بگونجێت، بوونی هاوسەنگی لەنێوان ئەرك و تواناکان، لەنێوان ماف و دەسەڵاتەکان لەناو ئۆرگانەکاندا (لەهەموو ئاستە جیاوازەکان) دەبێتە هۆیەك بۆ سەقامگیری و پەرەپێدانی ڕێکخراوەکە، بەپێچەوانە تووشی ململانێ و سەر لێشێواندن و دوور کەوتنەوە دەبێ لەپابەند بوون بەبنەماکانی ڕێکخستن.

سەرکردەو کادیرو ئەندامانی حزب بەرپرسیارن لەسەر ئاستی ناوخۆیی لەبەشداریکردنیان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی و بنەماکانی حزب لەسەر ئاستی نەتەوەیی.

باسی سێیەم

پەیکەری ڕێکخراوەیی و جۆری سەرکردایەتی

لەهەموو حزبێکی سیاسی پەیکەری ڕێکخراوەیی پێکدێت لەکۆی ئۆرگانەکان (واتا هەموو یەکە ڕێکخراوەییەکان) لەخوارەوەکە بنکەی فراوانی حزب لەناو جەماوەر پێکدێنێت تالوتکەی سەرەوە کە بەرزترین دەسەڵاتە.

پێوەری ناوخۆی هەر حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی ئاماژەی بۆ ئەو شێوازو بنەماو دیسپلینە تایبەتیانە کردووە کە میکانیزمی کارکردنیان دیاری دەکات، ئەم پەیکەرە بڕبڕەی پشتی هەر حزبێکی سیاسی پێکدێنێت و هۆکاری مانەوەو درێژە پێدانی تێکۆشانیەتی .

ئۆرگانەکان لەناو حزبە سیاسیەکان بۆ ئەوەی کاراو چالاك بن پێویستە ئەم ئاکارانەیان تیادا بەدی بێت:

١- تێگەیشتنی باشیان هەبێ بۆ سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای حزبەکە.

٢- پابەندبوونی هۆشیارانە بۆ بەرنامەو بنەماکانی ڕێکخستن.

٣- بوونی بەرنامەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی گونجاو لەگەڵ هەل و مەرجی کۆمەلگە.

٤- ڕۆڵی کاریگەری سەرکردایەتی و کادیرانی بەرچاو بێت.

ئۆرگانەکان زیاتر ئامرازو کەرەستەی ئاراستەکردن و ژێر دەستەیی حزبەکەن بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەبنە هۆی ئەوەی کە دەستەیەك لەسەرکردەو سیاسەتمەدارانی حزب ببنە خاوەن دەسەڵات و بڕیار.

حزب بۆ ئەوەی چالاکیەکانی و ڕۆڵی خۆی باشتر ڕاپەڕێنێت لەهەموو پلەو دۆخێکدا ئەوا هەوڵی ئەوە دەدا کە پەیکەری ڕێکخراوەیی خۆی (بەهەموو شێوازەکان) توندو تۆڵ و بەهێز بێت و کارەکانیان بەرێك و پێکی ئەنجام بدەن.

لەو نووسینانەی دەربارەی ڕێکخستن و ڕێکخراوەکان دەنووسرێن، زاراوەی (٦٦) (زنجیرەی پەیکەر یان پەیژەی پەیکەری ڕێکخراوەیی) باوەو دێتە روو، کەبەسیمایەکی گشتی بۆ هەموو ڕێکخراو حزبە سیاسیەکان دادەنرێ.

ئەم زاراوەیە دەکرێ پێناسەبکرێ بەوەی سستمێکە ڕۆڵی فەرمی بەسەر ئەندام و کادیرانی ناو ئۆرگانەکان دابەش دەکات، یان دەکرێ بووترێ کەسیستمی پلەو پایەکانە، مەبەست لەو پلەو پایانە ئەو کۆمەڵە ئەرك و مافانەیە کە پێویستە کادیر خۆی بۆ تەرخان بکات.

ئەم سیستمە بەهەموو شێوازەکانی هەندێ خاڵی لاوازی تیادا بەدی دەکرێ، وەك : پەککەوتوویی لە کەم کردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە هەیە لە نێوان ڕۆڵە فەرمیەکەی کە خۆی دەنوێنێ لە بەرپرسیارێتی و دەسەڵات و نێوان ڕۆڵە کردەییە ڕاستیەکە کە بەستراوەتەوە بەهێزو توانای ئەرك بەجێ گەیاندن، بۆ نموونە زۆرێك لەوانەی پسپۆرو لێهاتوون و توانای ئەرك بەجێگەیاندنی گرینگ و بالایان هەیە بەڵام خۆیان لەخواروی یان ناوەڕاستی ئەو پەیژە ڕێکخراوەییە دەبیننەوە، لەهەمان کاتدا چەندین ئەندام و کادیری بێ توانا هەیە کەلە ئاستە بالاکانی ئەو پەیکەرەن.

قسەکردن دەربارەی زنجیرەی پەیکەری ڕێکخراوەیی رامان دەکێشێتە سەر باسکردنی ئاستەکانی، چەندین پرسیار لەم بوارەدا دێتە روو، گرینگترینیان

ئەوەیەکە لەکاتی دارشتنی پەیکەرەکە دەخرێتە ڕوو، ئاستە ڕێکخراوەییەکان کە ئەو پەیکەرە دەیگرێتە خۆی ژمارەیان چەندە؟

هەروەك باوە هەرئاستێك کۆمەڵە ئۆرگانێك (یەکە)ی جۆراو جۆر و لەیەك چوو دەگرێتە خۆی.

توێژینەوەی زۆر کراوە لەم بارەوە، دەربارەی کاریگەری پەیکەری ڕێکخراوەیی بەپێی ژمارەی ئاستەکانی، ئەنجامەکان دەریان خستوەو جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو ڕێکخراوانەی کەمترین ئاستی ڕێکخراوەییان هەیە کاریگەرتر دەبن.

نموونەی پەیکەری ڕێکخراوەیی چەند حزبێکی سیاسی:

یەکەم //

پارتی دیموکراتی کوردستان : (٦٦)

پەیکەری ڕێکخراوەیی لەبنکەوە بەرەو لوتکە :

- شانە : پێکدێت لەچەند ئەندامێك لەنێوان (٣ — ٧) ئەرکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیە بەجەماوەرەوە.
- شانەی سەرەکی: پێکدێت لە چەند شانەیەك کەبەرپرسەکانیان لەیەك شانە کۆدەبنەوە.
- ڕێکخراو : بریتیە لەچەند شانەیەکی سەرەکی لەسنوری گەڕەکێك یان دامەزراوەیەك یاخود چەند گوندێك.

- لیژنەی ناوچەی : چەند رێکخراوێك دەگرێتە خۆی لەسنوری ناوچەیەکی جوگرافی یاخود لەرووی پیشەییەوە ئەندامانی سەربە چەند پیشەیەك دەبن.
- لق : سنوری چالاکی چەند لیژنە ناوچەیەك دەگرێتە خۆی.
- مەکتەبی ناوەندی رێکخستن : دەزگای سەرەکی حزبەکەیە بۆ رێکخستن.
- مەکتەبی سیاسی : دەستەی کارگێری کۆمیتەی ناوەندییە .
- کۆمیتەی ناوەندی : لە (٣١) ئەندام و (٩) ئەندامی یەدەگ پێکدێت، لەلایەن کۆنگرەوە راستەو خۆ هەڵدەبژێردرێن.
- سەرۆك : سەرۆکی حزب و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەری سیاسیە لەلایەن کۆنگرەوە راستەوخۆی هەڵدەبژێردرێت.
- کۆنگرە : بەرزترین دەسەلاتە لەحزبدا، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ (٤) ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەسترێ.

دووەم //

یەکێتی نیشتمانی کوردستان : (٦٨)

پەیکەری رێکخراوەیی لەبنکەوە بەرەو لوتکە :

- شانە : یەکەم بازنەی رێکخستن و ئۆرگانی ناوکۆمەلانی خەلکە ژمارەی ئەندامانی (٣ — ١١) ئەندام دەبێ.
- پۆل : سەرپەرشتی شانەکانی سنوری چالاکی خۆی دەکات ژمارەی ئەندامانی لەنێوان (٥٠ — ٧٥) ئەندام دەبێ.
- کەرتی رێکخستن : سەرپەرشتی پۆلەکانی سنوری چالاکی خۆی دەکات، لاینی کەم لە (٣) پۆل پێکدێت.

- کۆمیتەی ڕێکخستن : لەسەرجەم کەرتەکانی ڕێکخستن پێکدێت لەسەر بنچینەی جوگرافی بەلەبەر چاوگرتنی حاڵەتی پیشەیی، لانی کەم لە (٥) کەرت پێکدێت.
- مەڵبەندی ڕێکخستن : لەسەر بنچینەی جوگرافی دیاریکراوو چڕی دانیشتوان و هەل و مەرجی سیاسی ناوچەیی دادەمەزرێت.
- مەکتەری ڕێکخستن : ئۆرگانێکی سەرکردایەتە بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەموو ڕێکخستنەکان.
- کۆمیتەی سەرکردایەتی : ڕاستەو خۆ لەلایەن کۆنگرەوە ئەندامانی هەڵدەبژێردرێت لە (٣٥) ئەندام و (١٠) ئەندامی یەدەگ پێکدێت.
- مەکتەبی سیاسی: لەلایەن کۆمیتەی سەرکردایەتیەوە هەڵدەبژێر درێت، ژمارەی ئەندامانی بەسکرتێری گشتیەوە لەنێوان (٩ — ١١) ئەندام دەبێ.
- کۆبوونەوەی فراوان (پلینۆم) : لەکاتی هاتنەپێشی ڕووداوێکی گرینگ، یان لەسەر داوای (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی سەرکردایەتی یان سکرتێری گشتی دەبەسترێ.
- کۆنگرە : بەرزترین دەسەڵاتە بەپێی پێرەوی ناخۆ هەر دوو ساڵ جارێك دەبسترێ.
- لەتێروانین بۆ بەشی زۆری پەیکەری حزبە سیاسیەکانی کوردستان ئەوەی بەدی دەکرێت کەخاڵی هاوبەشان زۆرە وەك:

١- هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان پەیکەری ڕێکخراوەییان شێوەیەکی قوچەکی وەرگرتووە، بنکەیەکی فراوانی ناوجەماوەر تابەرەو سەرەوە هەڵکشێین ژمارەی ئۆرگانەکان زۆر کە مترە دەبنەوە .

٢- شێوازەکانی پۆلینکردن و دابەشکردنی ئەندامان بەگشتی لەسەر بنەمای جوگرافی یان پیشەیی دەبێ.

٣- دەسەڵاتەکان تابەرەو سەرەوە هەڵکشێین بەهێزو زۆرتر دەبێ.
٤- لەناو بەشی زۆری حزبە گەورەکان دەستەی بژاردەی دەسەڵاتدار دروست بووە.
٥- پەیوەندیکردنی نێوان ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ سەرکردایەتی ئاڵۆزبوون و دژواری تیادا بەدی دەکرێ.

سێیەم //

حزبی کۆمونیستی عێراقی : (٦٩)

پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبی کۆمونیستی عێراقی لەبنکەوە بەرەو لوتکە :

- شانە : ئۆرگانی بنکەیی حزبە لەناوجەماوەر، ژمارەی ئەندامانی دیاری نەکراوە.
- ڕێکخراو : کۆی شانە حزبیەکانە، بەپێی ناوچەی جوگرافی یان شوێنی کارکردن.
- لیژنەی پارێزگا: هەموو ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتە خۆی کە لەسنوری پارێزگایەکدا ئۆرگانێکی سەرکردایەتی ناوچەییە.
- کونفراس (ئەنجومەنی گشتی حزب) : لەسەر داواکاری کۆمیتەی ناوەندی دەبەسترێ لەماوەی (١,٥) یەك ساڵ و نیودا جارێك، لەکاتی هەر ڕووداوێکی دەرەکی یان ناو خۆیی گرینگ.
- کۆمیتەی ناوەندی : ئەنجومەنی سەرکردایەی و جێ بەجێکردنە لەنێوان دووکۆنگرە لەلایەن کۆنگرەو ئەندامانی دیاری دەکرێن.
- مەکتەبی سیاسی: نووسینگەی کۆمیتەی ناوەندیە، بڕیارەکانی جێ بەجێ دەکات.

- سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: نوێنەرایەتی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەکات بەرپرسی یەکەمە لەجێ بەجێکردنی بڕیارەکان.
- لێژنەی چاودێری ناوەندی: چاودێری جێ بەجێ کردنی بریارو بەرنامەی ناوخۆی حزب دەکات.
- کۆنگرەی گشتی حزب : بەرزترین دەسەلاتە، هەرسێ ساڵ جارێك دەبەسترێ، لەسەرداوای کۆمیتەی ناوەندی.

چوارەم //

پارتی سوسیا دیموکراتی سوید : (٧٠)

پەیکەری ڕێکخراوەیی پارتی سوسیال دیموکراتی سوید لەبنکەوە تا سەرەوە :

- کەرتی ڕێکخستن : بنکەی ڕێکخستنی جەماوەری ئەم پارتەیە.
- کۆمیتەی ڕێکخستن : سەرپەرشتی کەرتەکانی ڕێکخستن دەکات لەسنوری شارەوانیەك.
- مەڵبەند : مەڵبەند لەسەر ئاستی هەرێمێك دەکرێتەوە، سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی چەند شارەوانیەك دەکات.
- کۆمیتەی سەرکردایەتی : لە (٣٣) ئەندام پێکدێت، چوار ساڵ جارێك لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.
- ئەنجومەنی راوێژکاران : پێکدێت لە (١٢٠) ئەندام لەلایەن کرنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.
- لیژنەی بەڕێوەبردن (مەکتەبی سیاسی) لە (٧) ئەندام و (٧) ئەندامی یەدەگ پێکدێت.
- مەکتەبی ناوەندییەکانی پارتی سوسیال دیموکراتی سوید :

- مەکتبەی ڕێکخستن : مەکتەبی کاروباری پەیوەندیکردن، مەکتەبی دارایـی و کارگێری، مەکتەبی پەیوەندییەکانی,
- سکرتێری حزب: لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دیاری دەکرێت.
- سـەرۆکی حـزب : لـەکۆی ئـەو (٧) کەسـەی کەمەکتـەبی سیاسـی پێکـدێنن، بەرپرسە لەتەواوی کارەکانی حزب و حکومەت و پەرلەمان.
- کۆنگرە : بەرزترین دەسەڵاتە، هەر (٤) ساڵ جارێك دەبەسترێ

(٧١) هێلکارییەك بۆ پەیکەری حزبی سوسیال دیموکراتی سوید

پێنجەم //
پەیکەری ڕێکخراوەیی حزبە سیاسیەکان لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا (٧٢)

بەگشتی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حزبە سیاسیەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دابەش دەکرێتە سەر (٣) بەش کە بریتین لە :

پەیکەری ڕێکستنی ناوچەیی.

پەیکەری ڕێکخستنی ویلایەتەکان

پەیکەری ڕێکخستنی فیدرالی

جۆری ڕێکخستنەکانیش لەویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی تر دەگۆڕێت.

أ) پەیکەری ڕێکستنی ناوچەیی :

١- بازنە Precinct

بەویەکە بنەڕەتیە دەوترێت بازنە، کە حزبە سیاسیەکانی لێ پێکدێت، لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی هەیەو لەشارە گەورەکانداو بەلای کەم لە (٢٠٠ – ١٠٠٠) دەنگدەر پێکهاتووە، بەڵام لە گوندەکان لەبەرفراوانی ناوچەکان و دووری گوندەکان لەیەکتر لە (٥٠ – ١٠٠) دەنگدەر لەخۆ دەگرێت.

٢- ئەندام لیژنەی بازنە :

بەو کەسە دەوترێت کە سرۆکایەتی بازنەیەکی حزبی دەکات و کار دەکات بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ حزبەکەی.

٣- ناوچە : Ward

هەر ناوچەیەك لە (٦ – ٢٠) بازنەی هەلبژاردن پێکدێت و لەناو ئەندام لیژنەی بازنەکاندا کەسێك هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی ناوچەکە.

٤- شار : City

ڕێکخستنی شار لەچەندین ناوچە پێکهاتووە کەسەرۆکی شارولیژنەی ناوەندی بەڕێوەدەبەن، ئەندامانی لیژنەی ناوەندی لە (١٠ - ٦٠) کەس پێکهاتووە، هەر ناوچەیەك نوێنەرێك یان دوو نوێنەری تیادا هەیە کەبەهەلبژاردن هەموویان سەرۆکی شار هەڵدەبژێرن.

٥- کەرت – قەزا County

لەناو گوند نشینەکاندا دوای بازنەی کەرت دێت، ئەگەر چی هەندێ جار ناوچە دێت بەلام بەگشتی کەرتەکان (قەزاکان) دێن کە لە (٥ – ١٠٠) کەس پێکهاتووە، سەرۆکی بازنەکان ئەندامن لەلیژنەی کەرتەکان.

٦- هەرێم The District

دووابەشی هەرەمی حزبیە لەخوار ویلایەت، سنوری جوگرافیای بریتیە، لەسنوری بازنەی هەلبژاردنەکانی کۆنگریس و هەرکەرتێك دوو نوێنەری لەلیژنەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هەیە.

ب) ڕێکخستنی ویلایەتەکان :

١- لیژنەی ویلایەتەکان :

بۆ هەرکەتێك یان ناوچەیەك هەیە نوێنەرێك یان دوو نوێنەری هەبێت کە یەك دەنگیان دەبێ لەلیژنە ناوەندییەکانی ویلایەتەکاندا، ئەمانە خەڵکانی دیارو بەرچاو دەبن و لەلایەن خەڵکەوە ناسراون لەلیژنە ناوەندییەکانی ویلایەتەکان و ڕێکخراوێکی تەواو پێکدەهێنن، لەسەرۆکی ویلایەت و جێگرەکەی و سکرتێری و خەزنەدار لەگەڵ لیژنەی تەنفیزیدا کە ساڵانە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجامدەدەن و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا چالاك دەبن.

٢- بنکەی سەرەکی حزب لەویلایەتەکاندا :

هەردوو حزبی گەورە بنکەی سەرەکیان هەیە کە دەکەونە پایتەختی ویلایەتەکان یان گەورەترین شاری ویلایەتەکە، هەڵدەستن بەکاری حزب لەماوەی هەڵمەتەکانی هەلبژاردنیشدا زۆر چالاك و بەرچاو دەبن و ژمارەیان زۆر زیاد دەکات بۆ پێشوازیکردن لەخەڵك.

٣- کۆنگرەی ویلایەت :

حزبە سەرەکیەکان لەزۆربەی ویلایەتەکاندا دوو ساڵ جارێك کۆنگرەی ویلایەت دەبەستن و ئەندامانی کۆنگرە لەو ئەندامانەی حزب پێکهاتوون کە لەکۆنگرە ئامادەکارییەکاندا سەرکەوتون و جاری وا هەیە نزیکی هەزار کەس لەکۆنگرەی ویلایەتێکدا بە شداری دەکات کە ئەوانیش لە فەرمانبەرانی حزب و پالێوراوان و سەرۆکی ئۆرگانەکانی حزب و ڕۆژنامە نووسان پێکدێ و (٢ – ٣) ڕۆژ دەخایەنێ و دەسەلاتی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی فیدرالی و ئامادە کردنی لستی پالێوراوانی بۆ پۆستە حکومیەکان هەیە.

ج) ڕێکخستنی ئەهلی :

١- لیژنەی ئەهلی :

هەریەکە لەدو حزبە گەورەکە چەندین لیژنەی ئەهلیان هەیە کە ژمارەی ئەندامانی هەر لیژنەیەك (١٠٠)کەس دەبیٚ و هەر لیژنەیەك لەلایەن (٢) کەسەوە بەڕێوەدەچێت (ژنێك — پیاوێك).

سەبارەت بەحزبی کۆماریخواز سەرۆکی حزب لەو یلایەتەکاندا ئەندامە لەلیژنەی ئەهلیدا هەروەك ئەندامانی لیژنەی ئەهلی هەلدەبژێردرێن لەکۆنگرە فیدرالیەکانی حزبدا کە هەر چوار ساڵ جارێك دەبەسترێن، هەر ویلایەتێك لستی پالیۆراوەکانی دەدا بەلیژنەی فیدرالی بۆ هەلبژاردنیان لەکۆنگرەی فیدرالیداو سالانەش کۆبوونەوەی خۆیان دەبەستن.

٢- ناوەندی سەرۆکایەتی ئەهلی :

هەریەکە لەدوو حزبە گەورەکە بارەگای تایبەتی خۆیان لەواشنتۆن هەیە و لە کاتی هەلبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەسەدان کەس کاری تێدا دەکەن و چەندین لقیشی لیٚ دەبێتەوە.

بەلام لەکاتە ئاساییەکاندا وەك بارەگایەکی سادە دەبینرێت، کاری ئەم ناوەندەش سەرۆکایەتیکردن و بەڕێوەبەردنی سەرجەم ڕێکخستنەکانی حزبە لەسەرانسەری ولاتدا لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ هەلبژاردنی سەرۆك، بەلام هەرکە هەلبژاردنی سرۆك کۆتایی هات ئەمیش تەنها چەند فەرمانبەرێکی تیادا کار دەکات.

شەشەم //

خەســـلەتەکانی پەیکـــەری ڕێکخراوەیـــی گروپـــە ئیـــسلامیە سیاسیەکان لەمیسر : (٧٣)

گرینگترین خەسلەتەکانی پەیکەری ڕێکخراوەیی ئەم گروپانە بریتین لە :

١- خەسلەتەکانی پەیکەری ڕێکخراوەیی ئەم گروپانە جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت لەنێوان ئالۆزی توند و ساکاریدا، لەکاتێکدا کۆمەڵەی – الاخوان المسلمین – سستمێکی پەیکەری ئالۆزو توندی پێڕەو کردووە چ لەباری کاری گشتی بە ئاشکرا بێت یان لەسیستمی تایبەتی نهێنی، دەبینین ڕێکخراوی – التفکیر والهجریة – پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی ساکاری هەیە، ئەمیری ڕێکخراوەکە لە لوتکە دایە پاشان ئەمیری گروپەکانی دێت و دواتر ئەندامانی گروپەکان، هەمان شێوە بۆ گروپی هونەری سەربازی، لەناو هەردوو گروپ کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی ڕاستەو خۆ لەنێوان ئەندامان و ئەمیری گروپ زۆرە.

بەڵام ئەم دیاردەیە بەدی ناکرێت لەبازنەی سیستمی تایبەت بۆ کۆمەڵی (الاخوان المسلمین) کەرێگا لەم جۆرە پەیوەندیکردنە دەگرێت تەنها لەڕێگای ئەمیری گروپە بچووکەکەوە دەبێ.

بەڵام ڕێکخستنی (الجهاد) نموونەیەکی مام ناوەندیانەی خستۆتە ڕوو، لەنێوان ئالۆزی و ساکاریدا، ئەم ڕێکخستنە پێکدێت لە (ئەمیر) کەسەرۆکایەت ئەنجوومەنی شورا دەکات و لە (١١) ئەندام پێکدێت هەروەها سێ لیژنەی لاوەکی دێن هەر یەکەیان ئەمیرێك سەرکردەیانە، لیژنەکانیش (لیژنەی ئابوری – لیژنەی بانگەواز – لیژنەی ئامادەکاری)، سەرەڕای ڕێکخستنی (٦) بەشی تر لەسەر ئاستی پارێزگاکان لەراستیدا ئەو جیاوازیانە لەنێوان ئالۆزی و سادەییدا لەپەیکەری ڕێکخراوەیی بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، گرینگترینیان، دۆخی

پێکهاتنی کۆمەڵکە، ئەو یەکەمایەتی بۆ چالاکیەکان دیاریکردووە، ئەو ماوەی لەبەر دەستی دایە پێش بەرەنگار بوونەوەیان لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایش، هەروەها شارەزاییە ڕێکخراوەییەکانیان.

٢- سەرەرای ئەو جیاوازیانە لە ئاڵۆزی و سادەیی پەیکەری ڕێکخراوەییان، بەڵام هەموویان بە خسلەتی زاڵبوونی دەسەڵاتی تاکرەوانە ناسراون لەسەر هەموو ئاستەکانی ڕێکخستن، زۆر بەروونی ئەو دیاردەیە دەبینرێت لەزۆربەی ئەو کۆمەڵانە، بگرە لە (حسن البنا) وە یەکەم رابەری گشتی (اخوان المسلمين) تا (صالح سرية) و (شكر مصطفى) و عبدالسلام فرج) وە پێوەری پێشکەوتن لەپلەو پایەکانی دەسەڵات لەناو ئەو کۆمەڵانە پەیوەستە بەپێوەری ملکەچی ئەندام بۆ سەرکردەی تاك رەو، بۆیە خسلەتی بنچینەیی لەپەیوەندی نێوان ئەندام و سەرکردەی تاکرەو خسلەتی ملکەچیەکی رەهایە.

هەرچەندە کۆمەڵی (الاخوان المسلمين) بەشێوەیەکی ڕێژەیی نموونەیەکی زیاتر پێشکەوتووی پێشکەش کرد بەڵام رابەری گشتیان پابەند نەدەبوو بە بڕیاری شورا، ئەو جۆرە پەیوندییانە تەنها ئاستی سەرکردایەتی نەگرتبۆوە بەلکو درێژەی کێشابوو بۆ ئاستەکانی خوارەوەش، بۆیە پێویست دەکات ئەندام لەئۆرگانەکانی خوارەوەش ملکەچ بێت ملکەچیەکی تەواو بۆ ئەمیری گروپەکەی، ئەو ئەمیرەش ملکەچی ئەمیری ئاستی بەرزتربێ، بەم جۆرە تادەگەینە لوتکەی پەیکەری دەسەڵات.

تەوەری بنچینەیی ملکەچی لەئاستەکانی خوارەوەدا ملکەچیە بۆ سەرکردایەتی باڵای تاك رەو لەکۆتاییدا.

ئەم دیاردەیە خەسلەتی بنچینەیی پەیوەندییەکانی بەدەسەڵاتەوە (وە دەسەڵاتێکی ئۆتۆکراسی) دەخاتە روو لەپاکترنی وێنەکانی.

٣- پەیکەری ڕێکخراوەیی ئەم کۆمەڵانە بە فەرمیەتی و خۆگونجاندن ناسراون لەگەڵ بارو دۆخەکەدا ، باشترین نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە کۆمەڵی (الاخوان المسلمین) لەزانکۆدا، کەزۆر سادەو لەسەر ئاستێکی بەرزی لێهاتوویدایە.

سەرۆکی بەشی زانکۆ بەرپرسیاری ڕاستەو خۆی سەرۆکی کۆلیژەکانە، هەر کۆلیژێك دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێك، تایبەت بەکاروباری یەك ساڵ خوێندن، سەرۆکی بەشەکانی کۆلیژ بەرپرسن لەرەفتاری ئەندامیان لەبەردەم ئەمیری کۆلیژ، ئەم جۆرە دابەش بوونە ڕێگا بەرێکخستنی (الاخوان المسلمین) دەدا لەناو زانکۆدا لەیەکەی بچوکدابن و بەخێرایی کۆ ببنەوە، هەروەها لەگەورەییدا بەو ڕادەیەی کە ڕێگای کارتێکردنی کارای پێدەدا لەناو کۆلیژەکان. بەلام پەیوەندیکردن لەنێوان کۆلیژەکان لەرێگای ئەمیری زانکۆوە ئەنجام دەدرێت.

٤- زۆربەی ئەم کۆمەڵانە شێوازی ڕێکخستنی هێشوویان پێرەو کردووە، کە لەسەر بنچینەی کۆمەڵەی بچوك بچوك پێکهاتوون، هەندێکیان هەندێکی تر نەناسن بۆ پاراستنی نهێنی زۆرترین ژمارە لەئەندامانی ڕێکخستن تایبەت لەکۆمەڵەی (الاخوان المسلمین) یەکتر بناسن لە (٨) کەس تێپەڕ ناکات، ئەم شانە هێشووییانە بەستراونەتەوە بە سەرکردایەتی بالای کۆمەڵەوە، ئەم کارە ڕێگا خۆش دەکات بۆ جولەی خێراو بەپەلە، هەروەها جێ بەجێکردنی ئەو ئامۆژگاریانەی لەسەر کردایەتیەوە پێیان دەگات بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و کارا.

جۆری سەرکردایەتیەکان لەناو پەیکەری ڕێکخراوەیی : (٧٤)

لەسەر ئاستی ستراکتوری ڕێکخراوەیی هەر حزب وڕێکخراوێکی سیاسی چەندین سیستمی ناوخۆیی جۆراو جۆریان هەیە، بەپێی ئەو شێوازە پێرەوەی زیاتر باوە لای زۆرینەی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی جیان، سێ ئاستی ڕێکخراوەیی بەدی دەکرێت:

ئاستی یەکەم //

بریتیە لەبنکەکانی ڕێکخستن، شانەکان (کە جۆراو جۆرن لەرووی ژمارەو دەسەڵات و ناوچەی جوگرافی)، بڵاو بوونەتەوە لەگوندو گەڕەك و ناوچەکان، ئاستی سەرکردایەتی و دەسەڵات لەم چوار چێوە ڕێکخراوەییە بەگشتی لاوازە، تەنها بوارەکانی جێ بەجێکردنی ڕێنمایی و بڕیارەکان دەگرێتە خۆی.

ئاستی دووەم //

بریتیە لەئاستی لق و مەکتەبە ناوەندییەکان، ئەرکی سەرشانیان بەڕێوەبردنی ئەو ئۆرگان و ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیانە لەچوار چێوەی سیاسەتی گشتی حزب و پێرەوی ناوخۆ حزبەکە.

ئاستی سێیەم //

بریتیە لەئاستی نیشتمانی کەئەنجومەنە باڵاکانی حزب دەگرێتەوە، وەك کۆمیتەی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی.

لەم ئاستەدا دوو جۆرە نموونەی سەرکردایەتی بەرچاو دەکەوێت، سەرکردایەتی بەکۆمەڵ کەخۆی دەنوێنێ لەراپەراندنی کاروچالاکیەکان لەناو مەکتەبی سیاسی حزبەکان.

سەرکردایەتی تاکڕەوی کە خۆی دەنوێنێ لەدەسەلأتەکانی سکرتێری گشتی یان سەرۆکی حزب.

زۆرترین لایەن بایەخی پێبدرێت لەو سیستمە ناوخۆییانە، پەیوەندییە ناوخۆییەکانە (پەیوەندییەکانی دەسەلأت) لەنێوان لایەنەکانی هاوکێشەی دەسەلأت، ئەو پەویەندییانە پەیوەستن بەدوو لۆژیکی جیاوازەوە:

١) کارتێکردنی بارو دۆخەکە :

لەراپەراندنی کاروباری رۆژانە لەناو حزب و رێکخراوە سیاسیەکان، بەزۆری پێویستیان بەبڕیاری خێراو دەستێوردانی بەپەلە هەیە، ئەم بوارە وادەخوازێت کە کەسەکان هەلگری زانیاری قولّ بن دەربارەی دەرامەت و کاروبارەکانی حزب سەرەڕای باری هۆشیاری و تێگەیشتنی ئەندامان.

هەروەها پێویست بەبوونی کەسانێك دەکات کە خۆیان بۆ کاروباری حزب تەرخان کردبێ، لەبەر ئەو هۆیانە دەسەلأتەکانی سەرکردایەتی لەبنکەکانەوە دەکشێت بەرەو لوتکەو لە لوتکەشدا لەناو ئەندامانی ئەنجومەنێك لەبازنەیەکی تەسکی نێوان چەند ئەندامێك دەمێنێتەوە.

٢- ململانێیەکانی نێوان ئاراستەکان، ناکۆکیەکانی نێوان ئەندام و گروپەکان لەماوەی توێژینەوەکان دەربارەی ژیانی حزبی و

شێوازەکانی سەرکردایەتی، بەشێوەیەکی گشتی، چەند شێوازێك یان چەند جۆرە سەرکردایەتیەك بەدی کراوە، گرینگترین ئەو جۆرانە :

أ) حزبی خاوەن سەرکردایەتیەکی کاریزمی :

لەم شێوازەدا دەسەلأت لەلوتکەوە شۆڕ دەبێتەوە، بەرپرسەکانی لەهەموو ئاستەکانی دەسەلأتیان لەسەرکردەی بالأوە وەردەگرن.

ب) حزبی جەماوەری خاوەن سەرکردایەتی دیموکراسی:

ئەوەی لێرەدا سەلمێنراوە بنکەکانی حزب ئاراستەو بۆ چوونەوەکانی حزب دیاری دەکەن، بەهەموو تواناو سەروەریەك سەرکردەکان دیاری دەکەن، لەم بارەدا پێویستە پێرەوی ناوخۆی حزب چەندین پرەنیسیپ و ڕێنمایی دابرێژێت لەپێناو هەلبژاردنی بەرپرسەکان لەهەموو ئاستە ڕێکخراوەییەکان، هەروەها دانان بە مافی بیرو بۆ چوونە جیاوازەکان و بنەمای سەرکردایەتی بە کۆمەڵ بەپێی هەل و مەرجی ناوچەیی.

ج) ئەو حزبانەی کەسەرکردە و بەرپرسەکانیان دیاری دەکرێت، ئەو حزبە سیاسیانەی کە بەرپرسە هەڵبژێراوەکان دەسەلاتیان بەدەستەوەیەو بەکاری دەهێنن لەڕووی ئۆرگانێکی حزبی کەم ژمارە.

باسی چوارەم

ڕۆشنبیری لەنێو ئۆرگانەکان (ئایدیۆلۆژیای حزب)

ئەگەرچی ئایدیۆلۆژیای حزبی لەم سەردەمەدا بایەخی ڕابردووی خۆی لەدەستداوە بەڵام هێشتا لەتۆژینەوەی حزبە سیاسیەکاندا باسی دەکرێ و دەکرێت بەپێی بنەمای ئایدیۆلۆژی باس لەجۆری حزبە سیاسیەکان بکرێت. (٧٥)

توێژەر (ئیدموندبۆرك) گرینگی بەڕۆڵ و پێگەی ئایدیۆژیا داوە لەپێکهاتەی حزبی سیاسی، ئەم توێژەرە بەم جۆرە پێناسەی حزبی سیاسی دەکات.

حزبی سیاسی کۆمەڵەی کەسانێکی ڕێکخراون لەسەر بنەمای (ئایدیۆلۆژیا)یەکی هاوبەش کە لەدەوری کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی بەئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان کاربکەن.

توێژەرێکی تر بەناوی (تیبۆلت) لەو باوەڕەدایە کە حزبە سیاسیەکان شتێك نین جگە لە (بیروباوەڕی هاوبەش) .

هەندێك لەتوێژەران دەربارەی گرینگی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا تا ئەو ئاستە چوونەتە پێشەوە کە بەبەڵێنی مانەوەو سەقامگیری حزبەسیاسیەکانیان دەزانێ.

(کلوس فۆنی بیمی) لەو باوەڕەدایە کە تەنها حزبە ئایدیۆلۆژییەکان دەتوانن هیوادارین بەژیانێکی سەقامگیر لەکۆمەڵگەدا، بەپێچەوانەی حزبەکان تەمەنیان

کورت دەبێ و ئەو حزبانەی کەئامانج و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراویان نییە لەبەردەم مەترسی نەمان و لەناو چووندان.

لەروانگەی ئەم توێژەرەوە بەدرێژایی رۆژگار ئایدیۆلۆژیا فاکتەری سەرەکی سەقامگیری حزبەکان بووە.

بەلام ئایدیۆلۆژیا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بایەخی پێشووی خۆی لەدەستداوەو ئەمڕۆ زۆرێك لەحزبە سیاسیەکان بۆی ئەوەی بتوانن لەناو توێژەجۆراو جۆرەکانی خەڵکدا دەنگدەر بۆ خۆیان پەیدا بکەن خۆیان لەپەسەنکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو دوور دەخەنەوە .

توێژەرو پسپۆری ئەمریکی (جاندا) ژمارەیەکی زۆری حزبەکانی خستۆتە بەرتۆژینەوەو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەنیوەی ئەو حزبانەی توێژینەوەی لەسەر کردوون هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتیان وەك ئامانجی حزبی خۆیان هەڵ نەبژاردووەو.

بەگشتی تائێستاش پسپۆرانی ئەم بوارە پێدادەگرن لەسەر رۆڵ و پێگەی ئایدیۆلۆژیا لەحزبە سیاسیەکان و لەو باوەڕەدان کە ئایدیۆلۆژیای حزبەکان تەنانەت کاریگەری لەسەر پێکهاتەو رێکخستنی حزبیشدا هەیە .

(کنیس جاندا) حزبە ئایدیۆلۆژییەکان بەکلێسا دەشوبهێنێ کە خاوەن دیسپلین و رێکخستنی ناوەدێتی و زنجیرەی بەرپرسیارێتی ڕاست و تەواون و ئەندامانی حزب لەسەریانە دیسپلینی حزبی لەبەر چاو بگرن.

بەسەر نجدان لەرۆڵ و گرینگی ئایدیۆلۆژیاو کاریگەرێتی لەسەر پێکهاتەو رێکخستنی حزبەکان گەلێك لەپسپۆرانی حزبە سیاسیەکان ئایدیۆلۆژیایان کردۆتە بنەمای پۆلینکردن بۆ حزبەکان.

(موریس دووفریچیە) لەم بارەوە حزبە سیاسیەکانی لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە بەسەردوو گورپی چەپ و ڕاست پۆلین کردووە. (٧٦)

لەو پۆلین کردنی گشتیدا هەندێ کەس حزبە سیاسیەکانیان بەسەر حزبە ئایدیۆلۆژیاکان و حزبەکانی رای گشتیدا پۆلین کردووە، حزبەکانی رای گشتی ئەو حزبانەن کە بەهیچ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەك رازی نابن و بایەخی سەرەکی بەدەنگ دان دەدەن بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنن.

لەکاتێکدا حزبە ئایدیۆلۆژییەکان هەوڵ دەدەن کە بەپەرەپێدانی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیای خۆیان بگەنە ئامانج.

حزبەکانی رای گشتی بەپێچەوانەی حزبە ئایدیۆلۆژییەکان پتر پشت بەدەنگدەران دەبەستن و کەمتر لەدوای ڕاکێشانی ئەندامانن، لەکاتێکدا حزبە ئایدیۆلۆژییەکان خاوەن ئەندامانی نەگۆڕن و لەڕووی بیرو باوەڕەوە وابەستەن بەحزبی سیاسی خۆیان.

حزبەکانی رای گشتی بەزۆری (بان چینایەتین) و خاوەن ڕێکخستن و ڕێکخراوی حزبی زۆر لاوازن و خوازیاری پاراستنی ئەو رەوشەن کە لەئارادایە.

حزبە ئایدیۆلۆژیاکان بەپێچەوانەی حزبەکان رای گشتی لەسەر چەند بنەمایەکی نەگۆری ئایدیۆلۆژی بنیاتنراون و بنەماکانی بیروباوەڕ، بۆ ئەم حزبانە لەپلەی یەکەمی گرینگیدایە، ئەم حزبە سیاسیانە بۆ بەرگریکردن لەهەندێ بەهای تایبەتی دروست دەبن و بەرگری لێکردنیان بەگرینگترین ئامانجی خۆیان دەزانن.

ئایدیۆلۆژیا....مێژوو چەمك : (٧٧)

یەکەم کەس زاراوەی ئایدیۆلۆژیای بەکار هێنا زانای فەرەنسی (ریستات تریسی) بوو کەلەسالانی (١٧٥٥ – ١٨٣٦ ز) ژیاوەو لەکتێبەکەیدا (Elements of idelogy) باسی کردووە.

مەبەستی تریسی لەزاراوەی ئایدیۆلۆژیا زانستی بیروباوەڕەکانە، یان ئەو زانستەی لەباری دروستی یاخود هەڵەی ئەو بیرو باوەڕانەی لای خەڵکن دەکۆڵێتەوە.

لەناو کۆمەڵگەکانداو بەهۆی ژیانی ئازاد هەل دەڕەخسێ بۆ دروست بوونی یاخود هاتنەکایەی بیروباوەڕی نوێ و جیاواز هەروەها بەهۆی فرەیی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ ئایدیۆلۆژیا و بیرو بۆ چوونی جیا جیا دروست دەبێت، بێ گومان ئەو ئایدیۆلۆژیایە یان بیروباوەڕە جودایە کارتێکردنی بەسەر چالاکی دەربڕینی بیرو بۆ چوونەکانیاندا دەبێ دەکرێت چەمکی ئایدیۆلۆژیا بەپێی ئەو بوارانەی تیادا بەکار دێت دابەش بکرێت بەسەر : (٧٨)

١- بواری ململانێی سیاسی.
٢- بواری سوسیۆلۆژی، ئەم بوارە کۆمەڵی بیرو بەهادەگرێتە خۆی لەئاست : مێژوو، سیاسەت، ژیان و پەیوەندییەکانی ناوکۆمەڵگە.
٣- بواری ئەپستۆلۆژی : کە خۆی وەك کارێکی مەعریفی دەنوێنێ.

ئایدیۆلۆژیا وەك ڕۆشنبیری بەزۆر ماناو لێکدانەوەی ناکۆك دەناسرێ، تێگەیشتن لەم چەمکە ئاڵۆزی پێوە دیار دەبێ بەهۆی ئەو ڕاستیەی کە زۆر جار بۆ باسکردنی ڕۆشنبیری یان لە جێگای خودی ڕۆشنبیری بەکار هێنراوە، ئەگەرچی هەر دوو زاراوەکە لەیەك ناچن.

پەیوەندی نێوان چالاکی ڕۆشنبیری و ڕێکخستن :

ئایدیۆلۆژیا ئەو بنەما هزرییەیە کە حزبی سیاسی پشتی پێدەبەستێ بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی و لەبەر ڕۆشنایدا ئامانج و شێوازە جۆراو جۆرەکانی چالاکیەکانی دیاریدەکات.

ئایدیۆلۆژیا ڕێبەری چالاکیەکانی هۆشیاری و ئاگادار کردنەوەیە هەروەها وەلام و ڕێگای چارەسەری کێشە بنچینەییە کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی حزب دیاریدەکات لەناو کۆمەلگەدا.

أ) لەخەسلەتە هاوبەشەکانی پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیاو کاری ڕێکخراوەیی:

١- پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیاو ڕێکخستن ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان تیۆرو پراکتیکە. (٧٩)

٢- ئایدیۆلۆژیا ئامرازی کارتێکردنی هزرە بەسەر هۆشیاری و ڕەفتاری ئەندامان و سەر بنکەکانی ڕێکخستن . (٨٠)

٣- بەبێ ڕێکخستنی هۆشیارانەو لەبار ناکرێت تیۆر بێتە دی. (٨١)

٤- پەیوەندیکردنی نێوان ئایدیۆلۆژیاو کاری ڕێکخراوەیی دوو شێواز وەردەگرێت:

أ) پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆ واتە کارتێکردنێکی ئاڵ و گۆڕی ڕاستەو خۆی نێوان هەردوولا .

ب) پەیوەندییەکی ناڕاستەو خۆ بەهۆی حزبەوە لەماوەی ئەرك و ئامانجە دیاریکراوەکان بەدی دێت.

٥- ئایدیۆلۆژیا بنەماکانی ڕێکخستن و پرەنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەیی و شێوازی چالاکیەکانی دەسەپێنێ، بەپێچەوانە ڕێکخستن تووشی گرفت دەبێت.

٦- هۆشیاری ڕۆلی خودی ئەندام، کارتێکردنی گەورەی دەبێت لەم پەیوندییە ، بازنەی پەیوەستی هۆشیاری و چالاکی ئەندامانی ڕێکخستن دەبێت.

ب) ئامانجەکانی چالاکی ئایدیۆلۆژی لەناو ڕێکخستندا:

چالاکی ئایدیۆلۆژی بۆ حزبی سیاسی چالاکیەکە هەموو ئۆرگان و ئەندامان پێی هەلدەستن و لەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیەکان و کارە ئاساییەکانی ڕۆژانەی ڕێکخستن کەباسی بابەتەکانی تیۆری و ئەرکەکان و بیرو بۆ چوون و لایەنەکانی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، ئەم چالاکیە بواری جۆراو جۆری

دەبێت وەك: ڕۆشنبیری، فێرکردن، تێگەیشتنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگە.

بۆیە پێویست دەکات ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت و گرینگی بە شێوازی بەڕێوەبردنیان بدرێت:

١- ڕادەی فراوانی ئەو چالاکیە، لەبەر ئەوەی ئەندام و جەماوەری ڕێکخستن دەگرێتەوە بەمەبەستی ڕاڤەکردنی سیاسەت و ئامانج و ئەرکەکان.

٢- جۆراو جۆری ئامانج ئەرکەکانی چالاکی ئایدیۆلۆژی کە ڕووداوەکانی چەندین قۆناغ لەژیانی حزب و کۆمەڵگەو ململانێ نێو دەوڵەتی دەگرێتەوە .

٣- بۆیە چالاکی ئایدیۆلۆژی چالاکیەکی فراوانەو ڕەگەزێکی سەرەکیە لە چالاکی گشتی حزب کە ئامانجی بنچینەیی ئەم چالاکیە چەسپاندنی بنەماکانی سیاسەتی حزب و بلاوکردنەوەی سەلماندنی ڕاستیەتی و پارێزگاری لێکردن و یارمەتی دانە بۆ سازدانی و ڕێکخستنی جەماوەر.

دەکرێت ئامانجەکانی چالاکی ئایدیۆلۆژی لە ناو ڕێکخستنی حزبی سیاسی لەم چەند خاڵانە کورت بکەینەوە: (٨٢)

١- باوەرپێهێنانی جەماوەر بەڕاستی و دروستی سیاسەتی حزب، (ڕەوا پێدان بەسیاسەتی حزب).

٢- کۆکردنەوەو پەروەردەکردنی ئەندام و دۆستەکانی و بەرزکردنەوەی ورەو باوەڕیان.

٣- ئەم چالاکیە کارتێکردنی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، دەروونی) دەبێت بۆیە جێگەیەکی گرینگ دەگرێتەوە .

٤- جیاکردنەوەو دابەشکردنی جەماوەر لەنێوان دۆست و ڕکابەر لەڕێگەی هاندان و خۆسازدان، هەڵوێست بۆ ئەندامان ئامادە دەکات.

ج) تایبەتمەندییەکانی چالاکی ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی لەناو حزبە سیاسیەکاندا :

١- لەدیدی سوسیالستیەوە، ئایدیۆلۆژیا بوارێکی ململانێی نێوان چینەکانە، لەجولانەوەی مێژوودا ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە.

٢- خەباتکردن دژی دوواکەوتن و پاشکۆیەتی و کۆنەپەرستی و داگیرکاری، ئایدیۆلۆژیاو تێکۆشکان و ململانێی کۆمەڵایەتی ئاوێتەن و لەگشت بوارەکانی سەرخانی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگ دەدەنەوە، ئایدیۆلۆژیا لەبڵاوبوونەوەی لەناو چینی زەحمەتکێش ڕەگ و ریشەی دادەکوتێت و دەبێتە هاندەرێك بۆ هێزی تێکۆشان. (٨٣)

٣- لەباوەرهێنان بەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان گۆڕانکاری بەسەر ڕۆشنبیریدا دێت بەڵام لەسەر خۆو درەنگتر.

٤- هەموو ئایدیۆلۆژیاکان لەیەك سیمادا هاوبەشن، ئەویش شێوازی سۆزدارانەی و سروشتە بزوێنەرەکەی بۆ بیرو هەستی جەماوەر، ئایدیۆلۆژیا ئامرازی کارتێکردنی هزرییە بەسەر هۆشیاری و ڕەفتاری جەماوەر.

٥- لە ئایدیۆلۆژیا کەسایەتی مێژوویی (کاریزما) ئەو سمبولەیە کە لەوەوە بەرژەوەندییەکان بایەخی پێدەدرێ، و بەجەستە دەکرێ. (٨٤)

د) ئەرکی سەرکردایەتی حزب لەئاست چالاکی ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیدا :

١- پێویستە کاری ئایدیۆلۆژی هاوسەنگبێت لەگەڵ سیاسەتی گشتی حزب و بەڵکو بەشێکی بێت.

٢- بەکار هێنانی شێوازی رۆشنبیری و زانستیانە لەچالاکیە جۆراو جۆرەکان.

٣- لەئامادە کردنی کادیران پێویست دەکات بەرنامەیەکی زانستیانە هەبێ لەبواری ئامادەکردن و شێوەی دابەشکردنیان بەپێی پسپۆری.

٤- پارێزگاریکردنی یەکگرتوویی هزری و ڕێکخراوەیی و پابەندبوون بە بنەماکانی.

٥- دەستەبەرکردنی زانیارییە پێویستیەکان دەربارەی هەڵسوراندنی کاروچالاکیە هزری و رۆشنبیرییەکان و ئەو کارو بارانەی مێشکی خەڵکی پێوە سەرقاڵ بووەو چۆنیەتی تێگەیشتنیان بۆ سیاسەتی حزب.

٦- بوونی چاو دێریکردن دەربارەی ڕادەی کارتێکردن و سەرکەوتنی چالاکیە رۆشنبیری و هزرییەکان و هەڵسەنگاندنیان.

٧- بەشداری پێکردنی هەمووان لەوچالاکیانە (ئۆرگان — ئەندام) و بەهەموو شێوازێك.

هـ) پەیوەندی لۆژیکی نێوان چالاکی هزری و ئایدیۆلۆژی لەگەڵ چالاکی ڕێکخراوەیی:

چالاکیەکان لەبواری ڕێکخستن دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی: یەکبوون و کاریگەرێتی چالاکیە هزرییەکان بەهەموو رەگەزەکانی وەك : چالاکی تیوری، چالاکی راگەیاندن، چالاکی ڕێکخراوەیی، چالاکیە سەرکردایەتیەکان، کارتێکردن لەسیستم و هونەرو رۆشنبیری .

ئایدیۆلۆژیا بەرۆڵی خۆی دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی چالاکی بۆرەگەزەکانی ڕێکخستن دابین بکات : ئەندامان، ئۆرگانەکان، سیستم و پرەنسیپەکان، بەرزی ئاست و توانای کارتێکردن بەجۆرێك کە توانای ئامادەکردن و سازدانی هێزو تواناکانیان هەبێت. (٨٥)

چەندی بیروباوەڕو ئەوچەمکە هزرییانەی ڕێکخستنی لەسەربنیات نرابێ زانستیانە بێت، ئەوا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی و تێگەیشتنی زیاترو باشتری دەبێ.

بەکورتی کاروچالاکیەکانی ئایدیۆلۆژیا یارمەتیدەری کاروچالاکیەکانی ڕێکخستن دەبێت لەم بوارانەدا :

١- بنیاتنان و دیاریکردنی شێوازە پێویستیەکانی ڕێکخستن و پێکهێنانی بەپێی سیاسەتی حزبەکەو دەستەبەرکردنی کاریگەرێتی.
٢- یارمەتیدان لەبواری پەروەردەو گەشەپێدانی کادیرانی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکان کارتێکردن لەپەروەردەی ئەندامان و بەرزکردنەوەی ئاست و تواناکانیان.
٣- کارتێکردنی بەسەر دەوروبەری ئۆرگانە حزبیەکان دەبێت، بەجۆرێك کار ئاسانی بۆ ئۆرگانەکانی دروست دەکات لەناو جەماوەر.
٤- یارمەتی دان لەماوەی ئامادەکردنی پلانەکان ودیاریکردنی سیاسەتی گشتی.
٥- کارتێکردنی دەبێت بەسەر پەیوەندییە حزبی و سیاسەتەکانی ناو خۆو دەرەکی.

باسی پێنجەم
بڕیار وەرگرتن لەئۆرگان

پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار لەهەربوارو دەربارەی هەرکێشەیەك بێت پرۆسەیەکی گۆشەگیر نیە، بەڵکو گرێدراوە بەکێشەو ناکۆکی و ململانێیەکان.
پرۆسەیەکی بەردەوامە بەمەبەستی دیاریکردنی ئامانجەکان بەباشترین شێوەی بەکار هێنانی دەرامەت و تواناکان لەچاکترین هەل و مەرجی پەیوەندار.
بوونی کێشە وەك مەرجێکی بنچینەیی بۆ هەر بڕیارێك، وای لەهەندێ کەس کرد کە ناو لەبریار بنێ بەچارەسەرکردنی کێشەکان.
وشەی بڕیار لەراستیدا بەمانای یەکلاکردنەوەی کێشەیەك یان ناکۆکیەك دێت، لەئۆرگانەکان و لەلایەن بەرپرسان ڕۆژانە چەندین بڕیاری جۆراو جۆر دەدرێت دەربارەی کێشەو بابەتی جیاوازو لەماوەی بارودخۆی جیاوازدا، هەندێ لەو بڕیارنە دژوارن و پێویستی بەرەنج و دەرامەتی زۆرو شیکردنەوەی زانستیانە هەیە، هەندێکیان ساکارن تەنها کاری ڕۆتینی دوبارەکراوە.
زانستی سیاسەت لای هەندێك بەزانستی بریاردان دەزانرێ وتیۆرسازی دەربارەی بڕیاردان دەکەن، بڕ یاردان بەمانای یەکلاکردنەوەی ئیرادەیەکی سنوردار، دەربارەی کە ئایا چی بکرێت لەئاست دۆخێکی تایبەت و گەیشتن بەئەنجامێکی دیاریکراوی کۆتایی. (٨٦)

وەك هاوكێشەیەك : كاریگەری بڕیار یەكسانە بەجۆری بڕیارەكە جاران رادەی پەسند كردنی

توێژەران بڕیاریان بەچەندین شێوە پۆلین كردووە، دەكرێت ئاماژە بۆ چەند جۆرێكی گرینگ بكەین : (٨٧)

١- بڕیارە تەكنیكی و بڕیارە ستراتیژییەكان.

٢- بڕیارە بنچینەیی و بڕیارە رۆتینیەكان.

٣- بڕیارە ڕێكخراوەیی و بڕیارە كەسایەتیەكان.

٤- بڕیارەكانی بەبەرنامەو بڕیارەكانی بێ بەرنامە.

٥- بڕیارە داهێنەرەییەكان. (كەدەبێتە هۆی گۆرانكاری).

٦- بڕیارە پرمەترسییەكان (كەدژوارو پركێشەیە).

چوار چێوەیەك بۆ دروستكردنی بڕیار : (٨٨)

ئەم باسە سێ بابەت دەگرێتە خۆی بریتین لە :

١- دیاریكردنی دروستكەرانی بڕیار :

یەكێك لەتەوەرەكانی میتۆدی دروستكردنی بڕیار بریتیە لەرۆشنایی خستنە سەر توێژی ئەو بكەرە سیاسیانەی پێیان دەوترێت دروستكەرانی بڕیار.

لەهەموو سیستمێكدا چەند دەروازەیەك یان چەند كەسێك هەن كە بڕیارەكان دروست دەكەن، ئەمەش پێویستی بەلێكۆلینەوەی پێكهاتە یان پێشینە یاخود خاسیەتە كۆمەلایەتیەكانی دروستكەرانی بڕیار هەیە.

٢- شێوازەکانی هەڵبژاردنی دروستکەرانی بڕیار :

هەموو سیستمێکی سیاسی شێوازی خۆی هەیە لەهەڵبژاردنی سەرکردە سیاسیەکاندا ئەم شێوازە لەسیستمێکەوە بۆ سیستمێکی تر دەگۆڕێت، لەهەندێ کۆمەڵگەی جەماوەری دەنگدەران بەهێزو کاریگەرن و دەنگدان قۆرخ نەکراوە بۆ کەرتێکی دیاریکراوی دانیشتوان، لەهەندێ کۆمەڵگەی تریشدا تەنها کەرتێکی دیاریکراو بەدەنگدەران دادەنرێن.

٣- ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەرپرۆسەی دروستکردنی بڕیار:

دروستکەرانی بڕیارکاری خۆیان لەچوارچێوەی واقیعێکی کۆمەڵایەتیدا لەلایەك لەگەڵ واقیعێکی سیاسی و دامەزراوەیی لەلایەکی ترەوە ئەنجام دەدەن، واقیعی کۆمەڵایەتی گۆڕاوەکان دەگرێتەوە، لەشێوەی رای گشتی و هێزە کۆمەڵایەتیەکان و شەپۆلە هزرییەکان دەگرێتەوە.

چوارچێوە سیاسیەکەش کۆمەڵێك بنەمای ڕێکخراوەیی دەگرێتەوە، ئەم دۆخە بەهەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کاریگەر دەبن لەسەر رەفتاری بریار دروستکەران هەیەو ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر بارودۆخەکە هەیە.

لەوەرگرتنی هەر بڕیارێك سێ فاکتەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن ئەوانەش :

١) رادەی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستن و دەکرێت سوودیان لێ وەربگرێت.
٢) هۆکارە دەروونی و مرۆڤایەتیەکانی لای کەسی بڕیار دەر.
٣) هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو کۆمەڵگەو ئەوی کارتێکردنی بەسەر ئۆرگان و کەسەکان هەیە.

هەنگاوەکانی دروستکردنی بڕیار :

لەهەموو سستمێکی سیاسیدا چەند ڕێوشوێنێك هەیە بۆ بڕیاردان، پرۆسەی دروستکردنی بریار ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگرێتە خۆی:

١- دیاریکردنی کێشەکان : (٨٩)

لەسیستمە سیاسیەکاندا ئەم کارە لەرێگای گفتوگۆو توێژینەوە ئەنجام دەدرێت، کەناڵەکانی راگەیاندن، پارتەکان، سەندیکاکا، زانکۆکان، سەنتەرەکانی لێکۆلینەوە....هتد بەشداری تیادا دەکەن.

٢- گەیشتن بەچەند بیروڕایەك :

لەئەنجامی گفتوگۆکاندا دروستکەرانی بڕیار چەند بیرو بۆچوون و ئایدیایەك بەدەس دەهێنن دەربارەی ئەوی پێویستە بۆ روبەروو بوونەوەی کێشەکە بکرێت.

لەهەندێ سیستمدا بیروکراسیەت ئامرازێکی گرینگە لەدابینکردنی زانیاریەکان بۆ دروستکردنی بڕیار، بەڵام رەنگە ئەو زانیاریانە بشاردرێنەوە، ئەو کارە دەبێتە هۆیەك بۆ دروستبوونی کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی دروستکردنی بڕیار.

٣- پۆلینکردن و لێکدانەوەی زانیارییەکان و خەملاندنی هەموو چارەسەرە بەدیلەکان، پێویستە لەسەر دروستکەری بڕیار ئاگای لەهەموو هەلبژاردنە شیاوەکان بێت، پێویستیش دەکات لەگۆشەنیگای ئەنجامە گریمانە کراوەکانەوە بیربکرێتەوە.

٤- جێ بەجێکردنی بڕیار :

دوای بریاردان، پرۆسەی جێ بەجێکردن دەست پێدەکات، ئەمەش پرۆسەیەکی ئالۆزەو وەك پرۆسەی دروستکردنی بریار وردەکاری زۆری تێدایە.

جێ بەجێکردن پێویستی بەزنجیرەیەك بڕیاری لاوەکی هەیە، پرۆسەی جێ بەجێکردن لەبنەڕەتدا پشت بەدەزگای ئیداری دەبەستێت، ئەم دەزگایەش هەندێ جار بەرچاوی روون نیەو ئامانجەکانی بڕیارەکە بەباشی نابینێت، بێ گومان ئەو کارە دەبێتە هۆی بێسەرو بەری پرۆسەی جێ بەجێکردن و شێواندنی ئامانجەکە.

٥- هەڵسەنگاندنی بڕیار :

ئەم لایەنەش بوارێکی گرینگە و پێویستە هەموو ئەوانەی پێڕەوی دروستکردنی بڕیار جێ بەجێ دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی ئاگاداربن، کاری هەلسەنگاندنیش چەند پێوەرێکی هەیە:

أ) دۆخی زانیاریەکان :

ئایا ئەو زانیاریانەی لەبەردەستی بڕیار دروستکەراندا هەیە تەواون یان ناتەواون و شێواون.

ب) پلەی راوێژکردن لەماوەی دەرکردنی بڕیارەکەدا:

ئایا بریارەکە دوای راوێژکردن و لێکۆلینەوە دراوە، لێکۆلینەوە لەگەڵ چەند و چ ئەندامێك، کادیرێك، ئۆرگانێك کراوە.

ج) گرینگی یان پێویستی بڕیارەکە.

د) ئاسەوارو ئەنجامەکانی بڕیارەکە، ئایا مەبەستی بریارەکە هاتۆتەدی؟

کارلێکردنەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار :

کارلێکردنەکان لەکاتی ئامادەکردنی بریاری سیاسی چەندین پرۆسەی تێدایە، گرینگترینیان ئەمانەن: دانوستاندن، کێبڕکێ، ململانێ، هاوکاری.

١- دانوستاندن :

ژیانی سیاسی پڕە لە دانوساندنی نێوان سیاسەتمەداران، لەنێوان سیاسەتمەداران و هاوڵاتیان، سیاسەتمەداران و گروپەکانی بەرژەوەندی، سیاسەتمەداران و بیروکراسیەکاندا، بەمەبەستی گەیشتن بەئال و گۆڕکردنی بیروڕای بەسوود بۆ هەرودوولایەنی دانوساندنەکە.
پێویستە ئەو کەسەی بەشداری دانوساندن دەکات تواناکانی خۆی و ئەوانی تر بزانێ چەندن، دەبێت سوود لەدۆخەکە وەربگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەروەها ئاگای لەئامانجە سەرەکی و لاوەکیەکانی دانوساندنەکان بێت.

٢- کێبڕکێ :

بەهۆی ئەم چالاکیە دوولایەن یان زیاتر تێدەکۆشن بۆ بەدیهێنانی هەمان ئامانج، ڕێژەی کێبڕکێ لەڕووی چەندێتی وچۆنیەتیەوە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر، لە ڕێکخراوێکی سیاسیەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر دەگۆڕێت، بگرە لەناوهەمان دامەزراوەی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یاخود ئابووری دەگۆڕێت، بەپێچەوانەی باری دانووساندکەرەوەکە هەوڵی ڕازیکردنی لایەنەکەی تر دەدات و ڕەوشتێکی سوود مەند بۆ هەر دوولا پەسند بکات، بەلاَم کێبرکێکەر هەوڵدەدات بەئامانجی خۆی بگات بێ ئەوەی هیچ سوودێك بەنایارەکەی بگەینێت، بەلاَم هەندێ جار ڕوودەدات کەدوولایەنە کێبرکێکەرەکە بۆ پاراستنی بوونی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ حالەتی دانوساندن.

٣- ململانێ :

ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە ئامانجەکانی هەردوو بکەرە سیاسیەکە ڕاستەو خۆ ناکۆك دەبن، لەبارێکدا کە سەرکەوتنی لایەنێکی ململانێکە بەبەزینی ڕاستەو

خۆی ئەوەی تریان تەواو دەبێت، زۆر جار ڕوو دەدات ململانێکان وێرانکار دەبن، بەتایبەتی ئەگەر لایەنەکان نکۆڵیان لەئامانجەکانی یەکتری کرد یان پشتگوێیان خست، زۆر جاریش لەبەر ئەوەی باجی بەردەوامبوون لەسەر ململانێ زۆرە، لایەنەکان تێدەکۆشن بەدانوساندن گرفتی نێوانیان چارەسەربکەن.

٤- هاوکاری :

هیچ سستمێکی سیاسی ناتوانێت نکۆڵی بکات لە ئاست ئەوەی کە ئامانجەکانی لایەنە جیاجیاکان ناکۆکن، بەلام ئەو ڕاستیەش هەیە کە ئامانجێکی هاوبەش هەیە هاولاتیان لەپێناویدا کار دەکەن، بۆ ئەوەی هاوکاری ڕووبدات پێویستە بەلایەنی کەم لایەك دان بەوە دابنێت کە ڕێککەتنێك لەسەر ئامانجەکان شیاوەو بەدیهێنانیان نابێتە هۆی زیان بۆ هیچ لایەنێکیان، ئەم بارە پێویستی بەرادەیەك گونجان و هەماهەنگی و ڕاوێژکردن هەیە.

<u>گرینگترین سەر چاوە ڕەفتارییەکان بۆ وەرگرتنی بڕیار لەناو ئۆرگاندا : (٩٠)</u>

١- بوونی ئیرادە لای وەرگری بڕیار : کارێکی بنچینەییە بۆ هەر کەسێ کەبیر لەچارەسەری کێشەیەك بکاتەوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجێك بەهۆی بڕیارێك، خاوەن ئیرادەو توانا بێت، کاتێ ئەو ئیرادەیە بزر دەبێ یان لاواز، ڕق و قین و و ناڕەزایی جێگای بگرێتەوە، ئەوا لێرەدا هەنگاوی دەست پێکردنی جێگای گومان دەبێت و ئەنجامەکانی دروست نابن.

٢- بەهاکان ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبێ لەجیاوازی بیرو بۆ چوونەکانی وەرگری بڕیار، یان بەشداربوونی بەهاکان لەهەموو قۆناغەکانی

وەرگرتنی بڕیار ئامادەن و لەر رۆشنایی ئەو بەهایانە تاك بڕیار دەدات کە ئایا ئەو هەڵوێستە یان دیاردەکە کێشەیەو پێویست بەبڕیار دەکات.

٣- ئاستی خواست و ئارەزووی تاك پەیوەستیەکی توندی بەرەفتارو بڕیارەکان هەیە، ئەو بریارانەی بەکۆمەڵ وەربگیرێت یان بەتاك، ئەوانی خواست بۆ چوونیان بەرزو دوورخایەنە لایەنگیری بریاری نموونەیی و بەرز خواستیان دەبێ کە گەورەترین دەسکەوتیان بۆ بهێنێتەدی.

٤- ئەو بڕیارانەی بەکۆمەڵ وەردەگیرێت بەشداری لەبەرز بوونەوەی ئاستی رەزامەندیان دەکات، بەبەراورد کردن لەگەڵ ئەو بڕیارانەی کەتاك وەری دەگرێت، هەر چەندی ئەو تاکە لێهاتوو بەتوانابێت.

٥- ئەو بڕیارانەی کە پلەیەکی بەرزی بەشداریکردنی تێدایە و لەهەمان کاتدا دەبێتە جێگای رەزامەندی، لەماوەی جێ بەجێکردندا و ردوو باشترو زیاتر کاریگەر دەبێت.

٦- یادەوەری (ذاكرة) ئەو جێگایەیە کە هەموو زانیاری و شارەزاییەکانی مرۆڤی تیادا پارێزراو دەبێ، ئەو یادەوەرییە بەشداری دەکات لەوەی کە مرۆڤ سەرکەوتووتر بەرنامە ڕیزی هەلس و کەوت و بڕیارەکانی بکات، وەك بەدەنگە هاتنێك بۆ ئەو بەهایانەی هانی دەدات و دەی وروژێنێت.

یادەوەری بەو هەموو بەهاو ئاراستەو خواست و زانیاریانەی تیادا کۆبۆتەوە کاریگەری کارای دەبێ بەسەر بڕیارەکانی تاك لەڕووی کەسایەتی و ڕێکخراوەییەوە بۆیە پێویست دەکات پەیوەندییەکانی نێوان هەموو بوارەکانی زانیاری (لە کارگێری و دەروونی) پێك بهێنرێت و هەموو ئەو زانیاریانەی بەنوێی لای مرۆڤ پەیدا دەبن بەکار بهینرێت بۆ تێگەیشتن لەرەفتارو بڕیارە ڕێکخراوەییەکان.

تایبه‌تمه‌ندی هه‌ندێ پرۆسه‌كانی دروست كردنی بڕیاری حزبی : (٩١)

تویژه‌ر (ئالان ویر) چوار هۆكار دیاری ده‌كات، كه‌ ده‌بێته‌ هۆی زاڵبوونی ده‌سه‌ڵاتی سه‌ركرده‌كان به‌سه‌ر حزبه‌كانیان و دوور كه‌وتنه‌وه‌یان له‌جه‌ماوه‌ری حزبی، ئه‌و هۆكارانه‌ی بریتین له‌ :

١- پێكهاته‌ی ڕێكخراوه‌یی حزب به‌تایبه‌تی له‌حزبه‌ بژارده‌كان (نخبوی) كه‌ به‌گرینگترین هۆكار داده‌نرێت له‌رێگرتن له‌به‌رده‌م ئه‌ندامان بۆ به‌شداریكردنیان له‌به‌ڕێوبه‌ردنی كاروباری حزب.

٢- هه‌ندێ جار خودی ڕێكخستن و شێوازی پێكهێنانی ده‌بێته‌ هۆی دروست بوونی ده‌سه‌ڵاتدارییه‌كی كه‌سایه‌تی.

٣- گه‌یشتن به‌حوكمرانی ده‌بێته‌ هۆی دووركه‌وتنه‌وه‌ی سه‌ركرده‌كان حزب، هه‌روه‌ها خواستیان بۆ درێژه‌ پێدان به‌حوكمرانی.

٤- ته‌كنولۆژیای نوێی هه‌ڵمه‌ته‌كانی هه‌ڵبژاردن، یارمه‌تیدانێكه‌ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ناوه‌نده‌وه‌ كونترۆڵ بكرێت، به‌ڵكو هه‌ندێ جار كه‌س ڕۆڵی سه‌ره‌كی له‌و هه‌ڵمه‌تانه‌ ده‌گێڕێت له‌جیاتی ئه‌وه‌ی پروپاگه‌نده‌ ئه‌و ڕۆڵه‌ بگێرێت.

له‌وڵاتانی جیهانی سێیه‌م پرۆسه‌ی دروستكردنی بڕیاری حزبی، هه‌ندێ سه‌رنج وتایبه‌تمه‌ندی خۆی هه‌یه‌ وه‌ك:

١) له‌زۆربه‌ی حزبه‌كان سه‌رۆكی حزب (ئه‌میینداری گشتی) پێگه‌یه‌كی جیاكاری ده‌بێت، ده‌رفه‌تی ده‌داتێ كه‌به‌ڕۆڵی سه‌ره‌كی هه‌ڵسێت له‌و پرۆسه‌یه‌دا، هه‌روه‌ها ڕێگر بێت له‌به‌رده‌م به‌شداریكردنی ئاسته‌ ڕێكخراوه‌ییه‌ جۆراو جۆره‌كان بگره‌ تائاستی سه‌ركردایه‌تی ئه‌گه‌ر سه‌رۆك ئاره‌زووی هه‌بێ.

٢) سنووردار بوونی ڕۆڵی سه‌ركردایه‌تی له‌پرۆسه‌ی دروستكردنی بڕیاری حزبی به‌ به‌راوردكردن له‌گه‌ڵ ڕۆڵی سه‌رۆك.

٣) هەروەك ئاشكرایە كەرۆڵی سەركردایەتی سنووردار دەبێ لەپرۆسەی دروستكردنی بڕیاری حزبی بەبەراورد لەگەڵ رۆڵی سەرۆك، كارێكی بەڵگە نەویستەكە رۆڵی هەردوو ئاستی ناوەڕاست و سەركردایەتی كەمتر دەبێت.

٤) حزبەكان لەوڵاتانی جیهانی سێیەم بایەخی گەورە دەدەنە بەستنی كۆنگرەكان.

زۆرینەی بڕیارەكانیش لەكۆنگرە گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، بەڵام یەكلاكردنەوەیان بەتایبەتی بڕیارە گرینگەكان دەمێنێتەوە بەدەستی سەرۆك، هەروەها دەست نیشان كردنی جێگرەكانی سەرۆك و سەركردایەتی و ئەندامانی مەكتەبی سیاسی حزب.

ئەو كۆسپانەی دێنە بەردەم و بەرگرتنی بڕیار لەتاوئۆرگان : (٩٢)

١- توانای ئامادەكردنی هەموو بەدیلی و ڕێگا چارەسەر بۆ هەموو كێشەكان و وەرگرتنی بڕیار دەربارەیان كارێكی زەحمەتە، چونكە دەكرێت زیاتر لەیەك بەدیل یان بەچەندین ڕێگا چارەسەر دیاری بكرێن، ئەگەر گفتوگۆرو توێژینەوە بەردەوام بوو دەربارەیان.

٢- رێ تێچوون بۆ جێ بەجێكردنی هەموو ئەو بەدیل و ڕێگاچارەسەریانەی پێی دەگەن و بیری لێدەكەنەوە لەهەموو بارێكدا و لەگەڵ ئەوی لەراستیدا روو دەدات وەك یەك نابێت، لەبەر ئەوەی كارەكە هەندێ جار پەیوەندی بەئایندەوە هەیە كە دەكرێت نەزانراو شاراوە بێت.

٣- ئەو بەرپرس و ئەندامانەی كە بەتەنیا بڕیار دەدەن و كۆدەبنەوەو بەیەكەوە بەشداری كاروبارەكان دەكەن، هەموو خاوەن پێش خان و جۆرەها بەهاو تایبەتمەندی خۆیانن، كاریگەری دەبێت بەسەر

تێڕوانینیان بۆ دەوروبەری خۆیان، ئەو حاڵەتەکارتێکردنی دەبێ لەماوەی وەرگرتنی بڕیارەکان.

٤- بارودۆخی ناو چەیی و زەمانی تایبەت بەسەر دەمی بریار یان تاکەکان یاخود ئەو لایەنانەی کاریگەر دەبن پێوەی یان کارتێکردنی لێی، هەروەها ئەو کەش و ڕێکخراوو سیاسیە باوەی هەیە لەگەڵ ڕێتکردنی پرۆسەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و سیاسی، ڕۆلێکی گەورەی دەبێ لەدروستکردنی بەدیل و ڕێگاچارەکان لەکۆمەلگە جۆراو جۆرەکان یان لەقۆناغە جیاوازەکان.

٥- بەشداریکردن لەوەرگرتنی بریارەکان پێویستە بۆ چاککردنی ئەرك بەجیگەیاندن، هەروەها نیشانەییکە لەسەر پەیوەندییە پۆزەتیڤەکان ئەگەر چی دژواری هەیە لەپرۆسەی جێ بەجێکردندا.

هەندێ ڕەفتاری هەڵە لەماوەی وەرگرتنی بریار لەناو ئۆرگانەکان:

١- سەرقاڵبوونی ئەنجومەنی بالای ئۆرگانەکان بەو بڕیارانەی پەیوەندی بەکاروباری رۆتینی و رۆژانە هەیە، پەککەوتنی لەروو بەروو بوونەوەو خۆتەرخانکردن بۆ بریارە گرینگ و مەترسیدارەکان، بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی کات و دابەش نەکردنی ئەرك و بەرپرساریەتی و دەسەلاتەکان بەپێی بنەما ڕێکخراوییەکان.

٢- ڕێك نەکەوتن و نارێکی لەسەر ئەو بریارانەی دەرچوونە لەنێوان چەند ئۆرگانێك، بگرە هەندێ جار لەیەك ئۆرگانیش لەماوەی چەندین کاتی بە دووای یەکدا.

٣- دەست تێوەردانی بەردەوام لەلایەن سەر کردایەتیە بالاکان بۆ کاروباری ئۆرگانە پسپۆرەکان لەدارشتن و دەرکردنی بڕیارەکان.

٤- بڵاو بوونەوەی چەند جۆرە ڕەفتارێکی نەگەتیڤانەی وەك دووزمانی و مەرایی و هەلپەرستی لای هەندێ لەکادیران.

٥- هەندێ لەبڕیارەکان لێڵ و ئاشکرا نین، زیاتر لەماناو بۆ چوونێك هەڵدەگرێ، یان بەخێرایی ناگاتە جێگای خۆی.

٦- تێنەگەیشتنی هەندێ لەئەندام و کەسانی تر بۆ بابەتەکاررایی و یاساییەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی کاروبارە جۆراو جۆرەکان و پێداویستیەکانیان لەگەل ئەو هەنگاوانەی پێویست بەپێرەوکردنن لەماوەی جێ بەجێکردنیان، بەهۆی نەزانین و تێنەگەیشتن لەشێوازی یاسایی و ڕێکخراوەیی.

چەند نموونەیەك لە پێرەوی ناو خۆی حزبەکان لەسەر شێوازی وەرگرتنی بڕیار :

یەکەم : حزبی کۆمونیستی عێراقی (٩٣)

وەرگرتنی بڕیار لە سەر ئاستە جیاوازەکان لەناو حزبدا بەرێککەوتنی تەواو یان زۆرینەی دەنگ دەبێت پاش گفتوگۆیەکی ئازادانە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی جێ بەجێکردنی بریارەکان و دەولەمەندبوونیان.

ئەم بنەمایانەی خوارەوە لەکاتی وەرگرتنی بریار پێویستە پیرەو بکرێت :

١) بریارەکانی کۆنگرە و کۆنفرانسەکان، سەرکردایەتی حزب، پێویستە هەموو ئەندام و ئۆرگان و ئەنجومەنە حزبیەکان پابەندی بن.

٢) ئەو بڕیارانەی کەلایەن ئۆرگان و ئەنجومەنە حزبیە جۆراو جۆرەکان وەردەگیرێن، دەبێ هەموو ئەندام و ئۆرگانەکانی خوا رووتر پابەندی بن، هەموو ئەونجوومەنێك بەرپرس دەبێت لە ئاست ئەو بڕیارانەو جێ بەجێکردنیان.

٣) کەمایەتی مافی گفتوگۆکردنی سیاسەت و کاروباری ناو خۆی حزبی هەیە، هەروەها ڕەخنەگرتن لەبەردەم ئۆرگانەکان مافی هەموو لایکە تا دەگاتە کۆنگرە .

دەربڕینی بیرورا دەربارەی کێشە هزری و سیاسیەکان و ڕاگەیاندنی لەرۆژنامەی حزبی، بەمەرجێ ئەو کارە ڕێگر نەبێت لەبەردەم پابەند بوونیان بەو بریارانەو زیان بەحزب نەگەیێنێت.

٤) ئەندام لەئۆرگانەکانی خوارەوە مافی ڕەخنە گرتنیان هەیە لەمەر بڕیارەکانی ئەنجومەنە باڵاکان لەگەڵ داواکردنی چاو خشاندنەوە بەو بڕیارانەو پێشکەشکردنی هۆیەکانی بەمەرجێك ئەو کارە ڕێگر نەبێت لەبەردەم پابەندی و جێ بەجێکردنیان بۆ ئەوبریارانە تاکاتی یەکلاکردنەوەی لەلایەن ئەنجومەنە بالاکان کەدەبێ پابەندی تەماشاکردنی ئەو ڕەخنە و داواکرایانە بن لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

دووەم // پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانیا: (٩٤)

١- بەپێی پێرەوی ڕێکخستن (م – ٣٤) بەندی ٢ ، کۆمیسیۆنەکانی بڕیار بەرپرسن لەبڕیاردان لەسەر :

أ) ڕێ و شوێنە نیزامیەکانی ڕێکخستن :

ب) کێشەو ناهاودەنگی لەسەر بەکار هێنان و لێکدانەوەی پێرەوی ڕێکخستن و پێرەوەکانی ناوخۆ، هەروەها بنەماکانی حزب و ڕێنماییەکانی کۆمەڵەکانی کار .

ج) ڕێ و شوێنەکانی بەتاڵکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن.

٢- بۆ ئەو پرسانەی کە بە بڕیارێکی چارەسەری دەمو دەست، بڕیاری هەناردنیان بۆ سەرەوەتر نادرێت، کۆمیسیۆنی بڕیاری بنگەڕەك، وەك

ئۆرگانێکی بەرپرس لەگرتنەبەری ڕێوشوێنە نیزامیەکان بەرامبەر ئەندامانی ڕێکخستنی ئەو شوێنگانەی کە دەکەونە بازنەی بەرپرسیاریەتی خۆی بریار دەدات.

٣- کۆمسیۆنی برپار لەگەڕەکەکان، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە برپار دەدەن :

أ) وەك ئۆرگانێکی بەرپرسی بۆ پیرەکردنی ڕێوشوێنە نیزامیەکان بۆ ئەو پرسانەی کە پێویست بەبرپارێکی چارەسەری دەم و دەست دەکات.

ب) بۆ ئەو پرسانەی کەبەبرپارێکی چارەسەری دەم و دەست نەنێردراون بۆ ئەوان، بەلاّم پەیوەنداران تێبینیان لەسەر برپاری کۆمیسیۆنی بنگەرەك هەبێت ئەوا وەك ئۆرگانێك بۆ پێداچوونەوە لەگرتنەبەری کاروبارە ڕێکخراوەییەکان بریاردەدات.

ج) وەك ئۆرگانێکی بەپرسی لەڕێوشوێنەکانی چارەسەری کێشە پێرەوییەکان لە ناو سنوری ڕێکخستنی گەڕەکەکان.

د) وەك ئۆرگانێکی بەرپرس، لەپرسەکانی بەتاڵکردنەوەی هەڵبژاردن، لەناو سنوری ڕێکخستنی گەرەکەکان ئەگەر پرسەکە پەیوەندی نەبێت بەکۆنفراسی حزب لەگەڕەك یان هەرێم.

٤- کۆمیسیۆنی فیدرالی برپار، لەمانەی خوارەوە بریار دەدات :

أ) وەك ئۆرگانێکی بەرپرس، لەگرتنەبەری ڕێوشوێنە سیستمەمیەکان، بۆ ئەو پرسانەی کەبەبریارێکی چارەسەری دەم و دەست نێردراون بۆ ئەوان :

ب) لەگرتنەبەری ڕێ و شوێنە سستمیەکان، بۆ ئەو پرسانەی کە بەبرپارێکی چارەسەری دەم و دەست نەنێردراون بۆ ئەوان، بەلاّم

پەیوەندیداران تێبینیان لەسەر بڕیاری کۆمیسیۆنی بنگەڕەك هەبێت، ئەوا وەك ئۆرگانێکی پێداچووەو بڕیار دەدات.

ج) وەك ئۆرگانێکی بەپرس بۆ چارەسەری کێشە پێرەویەکان، ئەوانەی لەدەرەوەی ڕێکخستنی گەڕەکەکان دێنەپێش.

د) وەك تاکە ئۆرگانێکی بەرپرس لەڕێوشوێنەکانی بابەتەکانی بەتالکردنەوەی هەلبژاردن و ساغکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن، کەلەناو سنوری گەرەکەکانی حزب دێنە پێش، یان پەیوەندییان بەکۆنفرانسەکانی گەرەکەکان یان هەرێمەکانی هەیە.

هـ) وەك دزگایەکی بەرپرس لەڕێوشوێنەکانی بابەتەکانی بەتاڵکردنەوەی هەڵبژاردن و ساغکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن، ئەگەر بەرپرس پێشتر داوای پێداچوونەوەی کرد سەبارەت بەوەی پرسەکە گرینگایەتیەکی بنچینەیی هەبێت، یان بڕیاری پێداچوونەوە لەبەرژەوەندییەکانی ڕێکخستنی هەلبژاردندا بێت.

باسی شەشەم

ململانێیەکان و یەکلاکردنەوەیان

مرۆڤ لەماوەی ژیانی کۆمەڵایەتیداو بەپێی تواناکانی چەندین داب و نەریت و بەهاو چالاکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دادەهێنێ.
لەماوەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە بازنەکانی ئینتمای مرۆڤ دیار دەبێت کەلەخێزان و کارو گەڕەك و خوێندنگاو حزبەوە دەس پێدەکات، ئەو بازنانە تێکەڵاوی یەکتر دەبن و دوورو نزیك دەکەنەوە لەسەرچەند مەرج و بنەمایەك کەمۆرکی شارستانی و کەلتوری کۆمەڵگە هەڵدەگرێت.
بەم بۆ چوونە مرۆڤ کاتێ جۆری پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانی دەدۆزێتەوە ئاستەکانی ئینتمای دیاری دەکات ئەوا لایەنێکی تریشی بۆ ئاشکرا دەبێت ئەویش ڕێکخستنی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانە بەبازنەی ئینتماوە.
کاتێ پەیوەندییە لۆژیکیەکەی نێوان هزروکار (تیۆروپراکتیك) دەبێتە دیاردەیەکی سیاسی ئەوا پێویست دەکات لێکۆڵینەوەی لەسەردا بکرێت.
لەناو هەر حزبێك چەندین ڕەوتی جیاواز هەیە کەلەگەڵ سروشتی حزبەکە تەبا دەبێت وەك ڕێکخستنێکی سیاسی، هەروەها حاڵەتێکی ئەقلانیەکە ئەو ڕەوتانە ململانێیان لەنێواندا دروست ببێت بەپێی شێوازێکی دیاریکراو سیستمی بنچینەیی حزبەکە، دیارە باری سەقامگیری و کارو باری ناوخۆی حزبەکە هۆکارێك دەبێت بۆ یەکلاکرنەوەی ئەو ململانێیە.

لەبارێکدا ئەگەر حزب پەکی کەوت لەبەدەست هێنانی ڕێگا چارەسەرێك بۆ ململانێیەکان ئەوا ئەو ململانێیانە دەتەقنەوە لەسەر جۆری جیابوونەوەو کۆتایی بەوە دێت کە ئەو ڕەوت و کۆمەڵانەی توانای گونجاندنیان لەگەڵ یەك نابێت لێك جیا دەبنەوە، ئەگەر چی ئەو جیا بوونەوەیەش بەزیان بۆ حزبەکە دەگەڕێتەوە.

لێرەدا چەند پرسیارێك خۆی دەسەپێنی و پێویستە وەڵام بدرێتەوەو کە پێویست بەلێکۆلینەوە کردنیش دەکات لەسەری.

ئایا دروستبوونی باڵی جیاجیاو سەر هەڵدانی ڕەوتی جیاوازی و ڕکابەرو دژ بەیەك لەناو ڕێکخراوو حزبە سیاسیەکان مەسەلەیێکی مێژوو کردە؟ یان دەشێ گەشەکردنی سیاسی بەدی بێ بێ ئەوەی کە گروپ و دەستەی دژ بەیەك بێتە ئاراوە؟

ململانێ چیە؟

کرداری ململانێ یان بەر هەڵیستکردن بەرۆلێکی گرینگ هەڵدەسێت لەشیکردنەوەی نوێی ڕەفتاری ڕێکخراوەیی، ململانێ لەکێشە ڕەفتاریە سەرەکیەکانە بەرەو رووی بەرپرسی ڕێکخراوەکان دەبنەوە لەکارو باروژیانی ڕۆژانە، ململانێ کارێکە هیچ خۆ دەرباز کردنی لێ نیە دیاردەیەکی درێژخایەنە لەژیانی ڕێکخراوەیی. (٩٥)

هزری کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدەدا جەخت لەسەر رۆڵی ململانێی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە بواری گەشە پێدان و رابوونی کۆمەڵگەو دامەزراوە سیاسیەکان.

بۆیە زاناو بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکان لەسەردەمی فەیلەسوف (کونت) و بەرەو سەرەوە بابەخیان داوە بە توێژینەوەکان دەربارەی سیستم ویاسا

کۆمەڵایەتیەکان و بارودۆخە بابەتیەکان، ئەو لایەنانە لەتوانایاندا دەبێ تەواو کاری و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ بهێنەدی.

لێرەدا دوو بۆ چوون دەر دەکەوێت، کە هەر بۆ چوونێك سروشت و مەترسی ململانێی کۆمەڵایەتی ڕاڤە دەکەن، هەر بۆ چوونێك پشت بەچەند ئەگەرێك دەبەستێت کەدژ بەوی تر بێت.

تیۆری هۆبز کەلەلایەن داروێنەو پشتگیری کراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵگە لەباری ململانێ و جەنگی بەردەوامە.

تیۆری مارکس : باوەڕی وایە کە ناوەرۆکی ململانێ بریتیە لە ناکۆکی و دژایەتی نێوان بەرژەوەندی چینە کۆمەڵایەتیەکان، لەئاکامدا جۆری پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کارەکە یەکلادەکاتەوە کەمرۆڤ پێکی دێنێت، لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەم هێناندا.

هەموو ئەو بیروڕا ناکۆکانە تائێشتا درێژەیان هەیە دەربارەی دیاردەی ململانێ لەناو سیستمە کۆمەڵایەتیەکان.

چەمکی ململانێ : (٩٦)

ململانێ جۆرێکە لەکار لەیەککردنی کۆمەڵایەتی، تاك بەکاری دەهێنێ بەشێوەیەکی نهێنی یان ئاشکرا بەمەستی هێنانەدی ئامانجێکی دیاری کراو.

دەکرێت ململانێ بەکار بهێنرێت بۆ یارمەتی دان لەسەر دروست بوونی کەسایەتی تاك یان کەسایەتی ئۆرگان، هەروەها بەکار بهێنرێت بۆ لەکار خستنی داهێنانەکانی تاك و لەناوبردنی کەسایەتی و وێرانکردنی ئۆرگانەکە.

پۆلین کردنی ململانێ : (٩٧)

پـۆلین کردنـی جۆرەکـانی ململانـێ شـێوازی جـۆراو جـۆری وەرگرتـووە بـەپێی دەروازەو تێروانینە هزرییە پەیوەندارەکان، گرینگترین ئەو جۆرانە بریتین لە :

١- ململانێی کەسایەتی :

ئەم جۆرە ململانێیە لەماوەی تێروانین یان مامەڵە کردنی هـەر لایـەنێك لەگـەڵ لایەنەکەی تر بەدەردەکەوێت و بەپشت بەستن بەئاستێکی بەرزی هەست و سۆز کە ململانێیە راستیەکان لەژێر خۆیدا دەشارێتەوە.

٢- ململانێ دەربارەی ناسنامە:

ئەم جۆرە ململانێیە روو دەدات کاتێ لایەنێك هەسـت بـەوە دەکـات کـە بەشـێکی بنچینەیی لەناسنامەکەی ریسوا یـان پـشت گـوێ خـراوە، ئـەم جـۆرە ململانێیانـە لەسـەر بنـچینەی جیاوازییـە ئەتنیـەکان یـان بیروباوەرەکـان یـا خـود ئاینیـەکان پێکدێت.

٣- ململانیە ڕێکخراوەییەکان .

ئەم ململانێیە لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەییـەکان دەگرێتـەوە، کـە گـۆڕانی ئاسـان نیـە، وەك ململانـێ دەربـارەی بـەکار هێنـانی دەسـەلات و دەرامەتـەکان، شـێوازی ڕێکخستنەکان، مامەڵە کردن لەگەڵ یاساو سیستمە ئیدارییەکان ...هتد.

٤- ململانێ زانیارییەکان : (٩٨)

ئـەم ململانێیـە لـەنێوان حکومـەت و هاوڵاتیـان و کۆمپانیـاو رکابـەرەکان روو دەدات، نەگونجانی جۆری زانیاریـەکان و نـاکۆکی لەشـیکردنەوەکان لەگـەڵ پلـەی پەیوەندییـەکانیان بەیـەکترەوە، یـان شـێوازی کۆکردنـەوەیان لەهۆیـەکانی ئـەم جۆرە ململانێیانەیە.

٥- ململانێ ئایدیۆلۆژیاکان : (٩٩)

ئەم جۆرە ململانێیانە سەر هەڵدەدات بەهۆی هەوڵدانی هەر لایەنێك کەبەهاو بیروباوەڕو سیستمەکانی خۆی بەسەر لایەنەکەی دی بسەپێنێ، ئەم جۆرە ململانێیە زۆر توند دەبێت، زاراوەکانی سپی و ڕەش و سڕینەوەی بەرامبەر دەبێت.

٦- ململانێ بەرژەوەندییەکان : دەربارەی بەرژەوەندی و پێداویستی و خواستە ناکۆکان دەبێت، ئەم جۆرە ململانێیانە زۆرترین جۆرن.

شێوەکانی ململانێ

دەکرێت ئەو شێوانەی ململانێ لەخۆی دەگرێت بەم چەند خاڵە دەربخرێت:

١- ململانێ توندو تیژ :

خراپترین شێوەکانی ململانێیەکە لەئەنجامی پەککەوتنی هەر جۆرە هەوڵدانێك بۆ چاککردنەوەی بارو دۆخەکە ڕوودەدات.

٢- ململانێی شاراوە:

ئەم شێوە ململانێیە خۆی لەوە دەنوێنی کاتێ لایەنێك هەوڵدەدات بوونی ململانێیەکە بشارێتەوە یان نکۆڵی لێ بکات..سەرەڕای ئاشکرابوونی دیاردەکانی لەماوەی پەیوەندی و مامەلەی نێوان لایەنەکان.

٣- ململانێی نوێبووە (دووبارە)

ئەم شێوەیەیان دووبارە سەر هەڵدەداتەوە یان شێوەو جۆری نوێ وەردەگرێت، هەر کاتێك نیشانەکانی چارەسەرییەك بەدەرکەوت .

٤- ململانێی ڕاستەوخۆ:
ئەم شێوە ململانێیە سنوری دیاریکراوو زانراوی هەیە، هەموو لایەنە بەشداربووەکانی توانای ڕازی بوونیان بەڕێگا چارەسەریەکان هەیەو ڕەنگدانەوەی بەسەر پەیوەندییەکان دەبێت پاش کۆتایی هاتنی قەیرانەکە.

گرینگترین ڕەفتارەکانی لایەنەکانی ناو ململانێ:

١- ڕکابەری :
ئەم جۆرە ڕەفتارە لەوە دەردەکەوێت کاتێ لایەنێك جەخت لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات بەشێوەیەکی ئاشکراو جیاکار، بێ بایەخدان بەبەرژەوەندی لایەنەکانی دی.

٢- خۆگونجاندن :
ئەم جۆرە ڕەفتارە لەوە دەردەکەوێت کاتی لایەنێك لەبەرژەوەندییەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە یان تێپەری دەکات بۆ ڕازیکردنی لایەنی بەرامبەر وەك جۆرێك لە خۆ بوردەیی یان بێ باوەڕی یاخود خۆکێشانەوە.

٣- خۆ دوور خستنەوە :
ئەم جۆرە ڕەفتارە لەوە دەردەکەوێت کاتێ لایەنێك هەڵدێت لە خستنە ڕووی پێداویستیەکانی، هەروەها دوور دەکەوێتەوە لەباسکردنی پێداویستیەکانی بەرامبەر .

٤- ڕێککەوتن :
ئەم ڕەفتارە دەردەکەوێت کاتێ لایەنەکان لەبارەی هەندێ بابەتی لاوەکی گفتوگۆ دەکەن بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنێك وەك سەرەتایەك بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی بابەتە سەرەکیەکان.

٥- هاوکاری :

ئەم ڕەفتارە دەردەکەوێت کاتێ لایەنەکان کار بۆ ڕێککەتن و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان دەکەن کەپەیوەندی بەبەرژەوەندی هەموو لایەنەکان هەیە بەشێوەیەکی پەسندکراو لە نێوانیان.

هۆیەکانی ململانێ : (١٠٠)

١- جیاوازی لەئامانجەکانی نێوان گروپەکان لەناویەك ئۆرگاندا، یان لەناو بەشەکانی.

٢- جیاوازی لەبەهاو ئاستی ڕۆشنبیری .

٣- گۆڕان لەدەسەڵاتەکانی تاك یان گروپ، زۆری یان کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆتاك یان گروپ، دەکرێت هۆیەك بێت بۆ ململانێ.

٤- ئاڵۆزی لە شێوازی چالاکیەکانی کارکردن، کاتێ دوو ئەنجومەنی یان زیاتر بەشداری لەجێ بەجێکردنی کارێك دەکەن، ئەوتێکەڵاوی و ئاڵۆزییە ململانێ دروست دەکات.

٥- دژایەتی و گۆڕان لەئەرك و ڕۆڵەکان، چەندی تاك یان کۆمەڵێك دوو ڕۆڵ یان زیاتری بەکار هێناو ئەورۆڵانەش دژ بەیەك بوون ئەوە دەبێتە هۆی ململانێ .

٦- گۆڕانکاری لەپلەو پایەو فەرمان.

٧- پێویستی بەشداریکردن لەسەرچاوە دیاریکراوەکانی وەك : دەرامەتە جیاوازەکان، هێزەکانی کار، بواری دەسەڵات..هتد.

دەکرێت هۆکارەکانی ململانێ دابەش بکرێتە سەر دوو تەوەر، هەروەك لەهەندێ لێکۆڵینەوە بۆی دەچن، ئەو دوو تەوەرەش بریتین لە : هۆیە کەسایەتیەکان، هۆیە ڕێکخراوەییەکان. (١٠١)

١- هۆیە کەسایەتیەکان وەك :

هەست کردن بەرق و قین، خراپ درك پێکردن، رادەی پێرەوی کردن و راهاتن لەسەر کاری رێکخراوەیی، بارودۆخە تایبەتیەکان، پەیوەندییە نەگەتیڤیەکانی نێوان تاك و ئۆرگان، جیاوازی لەئاستی رۆشنبیری و بەهاکان.

٢- هۆیە رێکخراوەییەکان:

رکابەری لەسەر دەست کەوتەکان، ئاشکرا بوونی بەرپرسیاریەتیەکان، جیاوازی لەمامەڵە کردنی نێوان ئۆرگان و ئەنجومەنەکان، پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرگانەکان، سەقامگیری باری ناوخۆیی ئۆرگان، رادەی گونجانی سیستەم و بنەماکانی حزب لەگەڵ هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

بەپێی تایبەتمەندی وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەندێ توێژەر هۆکارەکانی ململانێی ناوخۆی حزبە سیاسیەکان دەگەڕێننەوە بۆ : (١٠٢)

١) شێوازی کاری حزبی بەنهێنی لەچەند قۆناغێك، فاکتەرێکی گرینگە بۆ یەکگرتنی ناوخۆیی حزب، بەڵام کاتی حزب دەکەوێتە قۆناغی کاری ئاشکرا دیاردەکان ناکۆکی و ململانێ زیاتر دەردەکەوێت.

٢) لاوازی یان بزربوونی رێبازی دیموکراسیەت لەژیانی ناوخۆی حزبە سیاسیەکان، هەروەها بەشداری نەکردنی توێژێکی فراوانی ئەندامان لەدارشتنی بەرنامەو پرۆسەی هەلبژاردنی سەرکردەکان.

٣) کارپێکردنی جۆرە دەسەڵاتێك بۆ سیاسەتێکی دوولایەنە کە تارادەیەکی گەورە ناکۆك و دژ بەیەکن، لەبواری راگەیاندن و وتاری سیاسی ئاشکرا باوەر هێنان بەدیموکراسیەت و فرە حزبی و سیاسی و کارپێکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، بەڵام لەهەمان کاتدا لەڕووی پراکتیکەوە هیچ رەفتارێکی دیموکراسیانەی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو شێوازێکی جیاواز دەبێت کە بریتیە لە تۆقاندن و بەخشین.

بەکورتی دەکرێت هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆی حزبەسیاسیەکان بۆ ئەم خاڵانە بگەڕێنێتەوە :

١. **جیاوازی تەمەن و ئەزموون.**
٢. **جیاوازی لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە.**
٣. **جیاوازی لەئایین و مەزهەب.**
٤. **جیاوازی لەئاستی رۆشنبیری و هزرییەوە.**
٥. **جیاوازی لەبەرژەوەندییەکان.**

بەڕێوەبردنی ململانێی ڕێکخراوەیی : (١٠٣)

بەڕێوە بردنی ململانێ لەناو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا، لەم چەند ساڵەی دووایدا گۆران بەسەر شێوازو بەڕێوەبردنیدا هاتووە، هۆکاری ئەم گۆڕانکارییەش بۆ ئەو پەرەپێدانە دەگەڕێتەوە کەپەیوەستە بەو گۆڕان و پەرەپێدانانەی لەبواری تیۆرەکانی ڕێکخستنەوە روویداوە لەلایەکەوە لەگەڵ زۆر بوونی توێژینەوە مەیدانیەکانی لەبواری کارگێری و زانستەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسی.

دەبێ ئەو راستیەش بزانین کەململانێ کارتێکردنی ئاشکرای هەیە لەسەر ئاستی ئەرك بەجێگەیاندنی حزب و ڕێکخراوی سیاسی.

لێکۆڵینەوەو هەوڵە تایبەتیەکان بەردەوامن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لە لایەن کەسانی پسپۆرانی لەم بوارەدا.

ئەمەی خوارەوە پوختەییکە بۆ ئەو ستراتیژییەتانەی خراونەتە روو لەلایەن پسپۆرانی تایبەت بەشێوازەکانی بەڕێوەبردنی ململانێی ڕێکخراوەیی.

ستراتیژییەتی بەڕێوەبردنی ململانێی ڕێکخراوەیی

	مارج و سیمون ١٩٥٨	لیتدر ١٩٦٥	کانز، کان ١٩٦٦	هودج، ئەنتوی ١٩٧٩
١	بەکارهێنانی شێوازی زانستیانە بۆ چارەسەرکردنی ململانێ	بەکار هێنانی بەربەست لە نێوان لایەنە دژەکان	چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی ئۆرگان بەشێوازێکی داهێنانە	بەکار هێنانی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکە
٢	ڕازی کردن	پارمەتیدانی تاکەکان بۆ زاڵبوون بەسەر ململانێی ناوخۆیی یان دەرەکی لەڕێگای تێگەیشتنی خودی و چۆنیەتی کارتێکردن لەکەسانی تر.	دۆزینەوەی لایەنێکی کارگێری بەرپرس بۆ چارەسەرکردنی ململانێکەو بەڕێوەبردنی کاروبار.	خاوکردنەوەو هێمن کردنەوەی ململانێکە.

٣	گفتوگۆکردن	راستکردنەوەی پەیکەری ڕێکخراوەیی ئۆرگان	دووبارە دارشتنەوەی پەیکەری ڕێکخراوەیی ئۆرگانەکە	ڕێککەوتن لەنێوان لایەنە دژەکان.
٤	سیاسەت و هەوڵی بەهێز کردنی لایەنی لاواز			ڕووبەڕوو بوونەوە

چەند تێروانینێك لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەریەك بۆ ململانێی ناو خۆی حزبە سیاسیەكان:

پێویست دەکات کادیرو ئۆرگانەکانی حزبی تێگەیشتنی تەواوو راستیان بۆ بارو دۆخی کۆمەڵگە هەبێت چ لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت یان سیاسی، لەبەر ئەوەی بنچینەی بنیاتی ڕێکخراوەیی ڕێکخستنەکە لەو پێکهاتەیە.

ئەم تێگەیشتنە لەنەخشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوکۆمەڵگە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دیاریکردنی هۆیەکانی ململانێ و دوورە بەرەکیەکە.

سەرەڕای ئەو راستیانە ڕۆڵی سەرکردایەتی حزب دەربارەی کردارەکانی ململانێ و ناکۆکی زۆر گرینگ و بەهەند وەردەگیرێت لەبەڕێوەبردنی ئاراستەی ململانێیەکە.

١) دیاریکردنی خودی ململانێیەکە : (١٠٤)

دیاری کردنی ئاست و بوارو رادەی ململانێ و ئەو لایەنانەی پەیوەندی راستەو خۆی یان ناراستەو خۆیان هەیە بەململانێکەوە، زانینی فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی و فراوانبوونی.

٢) ئامانج لەچارەسەرکردنی ململانێیەکە:

لەراستیدا ئامانجی چارەسەری ململانێیەکان بریتیە لەهاوسەنگیەکی بەرجەستە بووی نێوان ئامانجی گروپ و لایەنەکانی ململانێ، واتە دۆزینەوەی هێڵێکی هاوبەش و ناوەند لە نێوان ئەو لایەنانەی ململانێکانیان دروست کردووە.

٣) رێگرتن لە کەڵەکەبوونی ململانێ و قوڵبوونەوەی.

٤) دیاری کردنی ئەلتەرناتیفی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

بەپێی بۆ چوونی چەند شارەزاییەکی ئەم دیاردەیە، ململانێ دوو جۆر ئاسەواری دەبێت:

دروست کەر (پۆزەتیف) و لایەنی روخێنەر (نەگەتیف) بەم جۆرەی خوارەوە : (١٠٥)

أ) لایەنە پۆزەتیڤەکانی :

١) ململانێ دەبێتە هۆی پەیدابوونی وزەیەك لەناو ئەندامانی رێکخستن کەهەستە وروژێنەرەکان دروست دەکات.

٢) ململانێ دەبێتە هۆی پەیدابوونی لایەنگیری و هەست بەیەکبوون لەنێوان ئەندامانی یەك گروپ.

٣) ململانێ رادەی یەکگرتوویی و هێز لەنێوان ئەندامانی یەك گروپ زیاد دەکات و دەبێتە هۆی هاندان بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکەکان.

٤) ململانێ نیشانەیە لەسەر بوونی کێشە، کەدەبێتە هۆی بایەخ پێدانی زیاتر بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بەپەلە.

ب) ئاسەوارە نەگەتیڤەکانی :

١) کەم کردنەوەی هەست بە ئازادی زیادە ڕۆیی لەداواکانی ملکەچی و پاشکۆیەتی و پابەند بوون بەبڕیارەکان.

٢) پەکخستن تواناکان و ڕێگرتن لەبەردەم بەکار هێنانیان.

٣) دەبێتە هۆی کوشتنی گیانی بەکۆمەڵ و لاوازکردنی ویستی هاوکاریکردن لەماوەی دورودرێژ .

٤) ململانێ بە (خۆراکی گەڕاوە) دەناسرێت، چەندی ململانێیەکە توند بێت دەبێتە هۆی تێکشکانی پەیوەندییەکان.

چەند نموونەیەك لەململانێی ناو خۆی حزبەکان:

یەکەم // حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست : (١٠٦)

سەرەتاکانی پێکهێنانی لەسەر شێوەی بزووتنەوەیەکی خوێندکاران بوو بەسەرکردایەتی (میشیل عفلق و صلاح البیطار) کۆنگرەی دامەزرێنەری لەشاری دیمەشق بەست لەمێژووی ٧/نیسانی/١٩٤٧.

ساڵی، ١٩٥٢ لەگەڵ حزبی عەرەبی سوسیالست بەسەرکردایەتی (اکرم الحورانی) یەکیان گرت، لەساڵانی شەستەکان ناکۆکی وململانێ لەناو ئەم حزبە سەری هەڵدا بەهۆی هەڵوێست لەیەکێتی عەرەب وسیاسەتی گشتی حزب، ئەوی زیاتر بووە هۆی توند بوونی ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆییەکان، وەرگرتنی هەڵوێست بوو لە یەکێتی نێوان هەردوو وڵاتی سوریاو میسر و جیابوونەوەی ساڵی ١٩٦١بوو.

ئەم حزبە ساڵی ١٩٦٣ لەهەر دوو وڵاتی سوریاو عێراق گەیشتە دەسەڵات، پاشان زنجیرەیەك ململانێ و لێك جودا بوونەوە ڕوویدا لەناو ڕیزەکانی، سەرکردایەتی

و کادیرو ئەندامانی دەستە دەستە دابەش بوون و حزب و ڕێکخراوی تریان لێ پێکهات.

ئەو خەسڵەت و ئاکارانەی تایبەتن بەجیابوونەوەو ناکۆکیەکانی ناو خۆی حزبی بەعسی بەستراوەتەوە بەچەندین ڕووداوی نیشتمانی و نەتەوایەتی کە هۆو دەرئەنجامی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عەرەبیدا هەبووە، هەموو ئەوانە کارتێکردنی لەسەر باری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی سیاسی بەعس هەبووە.

جیابوونەوەی اکرم الحورانی :

اکرم الحورانی دامەزرێنەری حزبی بەعسی سوسیالست بوو لەپێش یەکگرتنیان لەگەڵ حزبی بەعس و پاشان بووەتەوە یەك لەجەمسەکانی حزبە نوێیەکە.

لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی نێوان سوریاو میسر ساڵی ١٩٥٨، اکرم الحورانی بووە بەجێگیری سەرۆك کۆمار لەحکومەتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەسەر کردایەتی جمال عبدالناصر.

پاش چەند مانگێك ناکۆکی و ململانێیەکان کەوتە نێوان اکرم الحورانی و جمال عبدالناصر بەچەند شێوەیەك بەهۆی شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی لەسوریا، هەروەها ئەو ئاستە ڕێکخراوەییە سیاسیەی کەبڕیار بوو ڕێکخراوی (یەکێتی نەتەوایەتی عەرەبی) بەدەستیەوە بگرێ لەماوەی ئەزموونی یەکگرتنەکەدا وەك خواستێکی بەعس بەوەی کە ئەو یەکێتیە نوێیە ببێتە ڕێکخستنێکی سیاسی بۆ بەعس و بۆ جمال عبدالناصر .

سەرەڕای ناکۆکیەکان دەربارەی کێشەی چاککردنی کشتوکاڵ و مولکیەتی زەوی وزار...هتد.

ڕۆژانە ئەو ناکۆکیانە گەورەترو ئالۆزتر دەبوون بەخێرایی، تاکارەکە گەیشتە ئەوەی (اكرم الحوراني) و دەستەیەك لەوەزیرەکان وازهێنانی خۆیان ڕابگەیێنن.

جمال عبدالناصر ئەو هەنگاوەی بەدژایەتیەك بەرامبەر بەخۆی و بەدەسەلاتەکەی دانا، هەروەها بەخۆدزینەوەی بەعس، بەرامبەر بەرپرسیاریەتی لەئاست ئەو یەکێتیە.

ئەو هەنگاوەی (اكرم الحوراني) دەرگای هێرش کردنی ڕاگەیاندنی خستە سەرپشت، کە دەست پێشکەرییەکە لەلایەن جمال عبدالناصر و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی حکومەتەکەیەوە بوو، لە هەمان کاتدا لایەنی (اكرم الحوراني) بە هەڵمەتێك وەلامیان دایەوە، بەلام دام و دەزگاکانی حزبی بەعس هەموویان لەیەك ئاست نەبوو، هەندێکیان لایەنگیری جیابوونەوەیان دەکرد لەهەست و بیری بەشێك لەکادیرو سەرکردەکان چەسپی ببوو، هاوشان ئەو خۆسازدانە سیاسیەی نێوان عبدالناصر و بەعس هەڵمەتێکی گرتن دەستی پێکرد لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش حکومەت دژ بەکادیرە مەدەنی و سەربازیەکانی ڕەوتی جیابوونەوەکە.

بەهۆی ئەوبارو دۆخە (اكرم الحوراني) بەهاوکاری (صلاح البيطار) بەلگەنامەی جیابوونەوەی بەفەرمی واژوکرد، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر جمال عبدالناصر و هەڵمەتەکانی دەسەلات، باڵێکی تری بەعس بەسەرکردایەتی (میشیل عفلق) لەدەست پێشکەرییەك هێرشی کردە سەر ڕەوتی جیابونەوەکەو تاوانبارکردنی سەرکردەکانی، هەروەها لەبلاوکراوەکانیان داوای دوورخستنەوەی بەرەی جیابوونەوەیان کرد لەگەڵ گەڕانەوەی یەکێتی عەرەبی لەسەر بنەمای نوێ.

پاش ماوەیەکی کورت لەم ململانێیانە (صلاح البيطار) یەك لەسەر کردەکانی جیابوونەوە، ڕەخنەی لەهەڵوێستی خۆی گرت و پەشیمان بووەوە لەپشتگیریکردنی جیابوونەوەکە.

بەڵام (اكرم الحورانی) لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو، بۆیە سەرکردایەتی حزبی بەعس بڕیاری دەرکردنی (اكرم الحورانی)نیان لەگەڵ دەستەکەی دا ساڵی ۱۹٦۲، هەرچی هەوڵێکیش درا بۆ پەشیمان بوونەوەی سەری نەگرت.

لەهەمان کاتدا (اکرم الحوران) بڕیاری پێکهێنانەوەی حزبەکەی خۆی (حزبی عەرەبی سوسیالستی)دا بەدوور لەبەعسیەکن و دژیانیش .

دووەم //ململانێیەکانی ناو (حزبی میسری لاو) (۱۰۷)

لەبەرواری ۱۲/ ۱۹۸۷/۱۰ دادگای یاسایی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی ئەم حزبە دەرکرد، لەکاتێکدا کە کۆمیتەکانی ئەم حزبە پاش (۳) ساڵ لەدووای ئەوە پێکهاتن.

ئەم حزبە هەروەکو دامەزرێنەرانی سەرەکی دەڵێن، درێژە پێدانی ڕێبازی (حزبی میسری لاو) ی ساڵی (۱۹۳۰) بووەکە دامەزرێنەکەی (احمد حسین) بوو.

ململانێ و جیابوونەوەکانی ناو ئەم حزبە :

ئەم حزبە وەك گەلێك لەحزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری میسر چەند جارێك ململانێ و جیابوونەوەو کەرت بوونی بە خۆیەوە دیوە.

۱- یەکەم جیابوونەوە بەسەرکردایەتی (سامی مبارك)ی برای (حسنی مبارك) سەرکۆماری ئێستای میسر ئەنجام دراوە، دووای ڕاگەیاندنی ئەو جیابوونەوەیە ئەو حزبە هەرەسی هێنا.

لەسەرەتای مانگی شوباتی (۱۹۹۲)دا (حسام الدين كامل) بە هاوکاری ژمارەیەك لەلایەنگرانی خۆی و کەڵك وەرگرتن لەهێزی دەسەڵات، بۆ ماوەی (٦) سەعات ناوەندی حزبیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆ یانەوە.

هەروەها دەرکردنی (علی الدین صالح) و ئەندامانی شورای حزبیان ڕاگەیاند، ئەوەشیان ڕاگەیاند کەکاتی دامەزراندنی حزبێکی تازە هاتووە، لەکۆبونەوەی گشتی ساڵانەی حزبدا هەڵبژاردنی (علی الدین صالح) یان بەساختەکاری هەژماردو ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە (صالح) سیاسەتی حزبی لەبەرامبەر حکومەتدا گۆڕیوە.

٢- لەرۆژی (٨/مایس/١٩٩٢) دا کۆنگرەی حزب لەشاری (اسکندریە) بەئامادە بوونی (١٥٠٠) ئەندام بەسترا، ڕای ئەندامانی کۆنگرە وابوو کە (صالح) ی سەرۆکی حزب لابدرێ و لەشوێنی ئەو (عبدالله رشدی) بکرێت بەسەرۆك، کۆنگرە ئەم ڕایەی بەسەر هەموو لیژنەکانی حزبدا بڵاوکردەوە، هەروەها کۆمیتەی حزبەکان لەبەرورای (١٩٩٢/٥/٢٣) بەبڵاوکراوەیەك پشتگیری ئەم بڕیارەیان کرد.

(علی الدین صالح) سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بڕیارانەی پەسند نەکرد سەبارەت بەدەست تێوەردانی کۆمیتەکان لەدادگای ئیداری سکاڵایەکی پێشکەش کردوو بانکەکانی ئاگادارکردەوە کەحسابی حزب ڕابگرن تائەنجامی دادگایی یەکلادەکرێتەوە.

ئەم ڕووداوە گۆڕانکارییەکی نوێی لەهەڵس و کەوتی دەسەڵاتدابەرامبەر بەحزبە سیاسیەکان دیاریکرد، تا ئەم کاتە کۆمیتەی حزبەکان بەکارو باری ناو خۆی حزبەکاندا خۆی هەڵنە قورتاندبوو، ئەم هەنگاوە نارەزایی هەموو حزبە سیاسیەکانی لێ کەوتەوە .

کۆمەڵی (الاخوان المسلمین) و (ابراهیم شکری سەرۆکی حزبی کار) و (مصطفی کامل مراد) سەرۆکی حزبی الاحرار، (فؤاد سراج الدین) سەرۆکی حزبی الوفد، لەبەیاننامەیەکدا سەرۆکایەتی (علی الدین صالح) یان سەلماندوو دەستێوەردانی کۆمیتەی حزبەکانیان تاوانبارکرد.

سێیەم //ململانێیەکانی ساڵی ١٩٦٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان لەمێژووی ١٩٤٦/٨/١٦ دامەزرا بەسەرۆکایەتی (مصطفی بارزانی) سەرۆکی حزب تا هەلگیرساندنی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ وەك پەنا هەندەیەکی سیاسی لە ولاتی (یەکێتی سۆڤیەت) مایەوە.

پاش شۆڕشی ١٤ تەمووز، ئەم حزبە بەئاشکرا ڕێگای پێدرا چالاکیەکانی ئەنجام بدات، ساڵی ١٩٦١ بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و حکومەتی عبدالکریم قاسم شۆڕشی چەکداری لەکوردستان هەلگیرسا، تاساڵی١٩٧٥ کە ئەم شۆڕشە تووشی تێشکانێکی سەربازی گەورە هات، لەو ماوە دوورو درێژەدا گفتوگۆو ڕێککەوتن لەنێوان حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق وسەرکردایەتی پارتی ئەنجامدراوە.

لەمێژووی ١٩٦٤/٢/١٠ ڕێککەوتنێك لەنێوان حکومەتی بغداد بەسەرۆکایەتی (عبدالسلام عارف) و سەرکردەی پارتی (مەلا مستەفا بارزانی) بەسترا، ئەم ڕێککەوتنە بوو بەهۆی پەیدابوونی ناکۆکی وململانێ لەنێوان (مەکتەبی سیاسی) پارتی لەلایەك، لەگەڵ سەرۆکی پارتی لەلایەکی ترەوە، سەر ئەنجام ئەو حزبە تووشی کەرتبوون هات و بەمەش بزووتنەوەی چەکداری وسیاسی لەکوردستانی باشور تووشی گرفتێکی ترسناك هات وشەڕی براکوژی لێ دروست بوو.

(١٠٨) پەیوەندییەکانی نێوان پارتی بەرەو بەرزبوون چوو، ڕەخنەو نارەزاییەکانی (م.س) زۆر بوو، بۆیە ئەم باڵە لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٤ کۆنفرانسێکیان بەست لەشارۆچکەی (ماوەت)، دەکرێت ئەم کۆنفرانسە بەیەکەم بزماری دووبەرەکی دابنرێت کەلەتابووتی ژیانی پارتایەتی چەقێندرا لەکوردستان، ئەم کۆنفرانسە (٦) ڕۆژی خایاند، وەفدێکی حزبی کەبریتی بوو لە (٦) ئەندامی (مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی) نێردراوی کۆنفراس،

چوونە لای مەلامستەفا لەشارۆچکەی (سەنگەسەر) و دوای ئەوەی نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك گەڕانەوە.

مەلا مەستەفا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە (ابراهیم احمد) لەسکرتێری پارتی لابدرێ و لە جێگای ئەو (جلال تالەبانی) دابنرێ، ئەم هەڵوێستەی بارزانی وای لە کۆنفرانس کرد هەڵوێستی توند وەربگرن لەبەرامبەر بارزانی.

ڕەخنەو نارەزاییەکانی باڵی (مەکتەبی سیاسی) لەئاست ڕێککەوتنەکەی بارزانی لەگەڵ حکومەتی عبدالسلام عارف لەسێ تەوەری سەرەکیدا بوو، هەروەك لەبەیاننامەکەی ١٩٦٤/٤/١٩ دەردەکەوێت و بریتیە لە : (١٠٩)

١- شێوازو ڕێوشوێنی ئەنجامدان و مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە.

٢- ناوەرۆکی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە و کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی گەلی کورد.

٣- ناکۆکی لەسەر جێ بەجێکردنی ڕێککەوتنەکە .

لەبەرامبەردا بارزانی هۆکارەکەی مۆرکردنی ڕێککەوتنامەکەی بۆ دووخاڵ گێڕایەوە :

أ) گەلی کورد تاقەت و توانای شۆڕشی نەماوە.

ب) حکومەتیش تواناو تاقەتی نەماوە

<u>بەبۆ چوونی توێژەران هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو ململانێ و لێکترازانە بریتین لەم خاڵانە:</u>

١- جیاوازی لەڕووی کەلتورو پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەوە.

٢- جیاوازی لەتێگەیشتنیان لەئاست ژیانی حزبایەتی و ڕۆڵی حزب لەبزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد.

٣- جیاوازی لەدیدو بۆ چوونەکانیاندا دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتەکان حکومەتی عێراق بەرامبەر بەگەلی کورد و شێوازی هەڵسوڕاندنی سەرکرایەتی کورد بۆ کاروباری بزووتنەوەکەی بەگشتی و پرۆسەکانی دانوستانکردن لەگەڵ حکومەتدا .

٤- ململانێ لەپێناو سەرکردایەتی و دەسەلات.

٥- ڕۆڵ و دەست تێوەردانی حکومەتەکانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران و تورکیا و سوریا لەکاروباری ناوخۆی بزووتنەوەی کورد.

گرینگترین ویستگەکانی پەیوەندی نێوان دووباڵەکەی پارتی بەم شێوەیە بوو:

١- لەمێژووی ١٩٦٤/٣/١٧ دا وتووێژی چڕو پڕ لەنێوان (مستەفا بارزانی و ابراهیم احمدو عزیز شەمزینی و عمر مستەفا) ڕوویدا، لەئاکامدا پێکهاتن لەسەر قایل بوون بەو ڕێککەوتنە، بەلام بارزانی هەر بەچاوی گومانەوە دیروانیە (ابراهیم احمد)، بۆیە بارزانی بڕیاریدا بەلابردنی ژمارەیەك لەفەرماندەکانی پێشمەرگە کەلایەنگیری باڵی (مەکتەبی سیاسی) بوون، لەبەرامبەریشدا (ابراهیم احمد) کۆنفرانسی ماوەتی بەست و تێیدا بڕیار لەسەر هەلپەساردنی سەرۆکایەتیەکەی بارزانی بۆ پارتی درا.

٢- لەبەرامبەردا بارزانی کۆنگرەیەکی بەناوی کۆنگرەی شەشەمی پارتی بەست لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٤ لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی زۆری بڕیاردرا لەناو ئەو بڕیارانەدا : (١١٠)

بڕیاری ژمارە (١٣) کە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

بڕیاردرا بەدەرکردنی (١٤) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنی پارتی لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە :

"دروست کردنی دووبەرەکی لەناو لەشکر، هەڵسان بەکرداری زیان بەخشی، نانەوەی ئاژاوە لەناوچە ڕزگارکراوەکان، هێرشی ڕاگەیاندن"

بەگشتی لێکترازان ڕوویداو کاریگەری لەسەر بارودۆخی گشتی لەکوردستاندا بەجێهێشت و تاساڵی (١٩٧٠) ململانێی سیاسی و چەکداری لەنێوان هەردوو باڵەکە درێژەی کێشا، بەسەدان قوربانی لێکەوتەوە، ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوەشانەوەو دابەش بوون بەسەر هەردوو باڵەکە.

باسی حەوتەم

پەیکەری نیزامی و پەیکەری نانیزامی

ڕێکخستن و سیستم : (١١١)

سیستم بریتیە لە کۆمەڵە توخمێك یان ئەو بەشانەی کە لەڕووی وەزیفەوە لە نێوان خۆیاندا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و پەیوەست دەبن بەیەکترەوە، ئەویش بەو کارلێکردنەو پشت بەیەکتر بەستنە ئاڵ و گۆڕەی نێوانیان.

ڕێکخستنی فەرمیش بریتیە لە سیستمێکی چالاکیە ڕێك و پێکەکان بەپێی خواستی کۆمەڵە کەسانێك.

هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی کەلەچوار چێوەی سیستمێك کاربکات ئەم راستیانە دەگرێتە خۆی :

١- لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، بوونی کۆمەڵە کەسانێك کەبەشێوەیەکی بەردەوام کاردەکەن.

٢- ئامانج لەدروستکردنی ڕێکخراوەکە، هەر ئەندامێك چەند ئامانجێکی هەیە، ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە گوزارشت لەئامانجی ئەندامانی دەکات.

٣- پێکهاتەی ڕێکخراوەکە، لەچەند بەشێك پێکدێت و هەر بەش و یەکەیەك لەناو ڕێکخراوەکە ئەرك و ڕۆڵی خۆی هەیە لەجێ بەجێکردنی ئامانجەکان.

٤- چۆنیەتی بەکارخستنی ئەندامان لەناو ڕێکخراوەکە، لەنێوان ئەو کۆمەڵە ئەندامە کارلێکردنی بەردەوامی ڕێك و پێك دەبێ.

٥- سنوری کاریگەری ڕێکخراوەکە، یان ئەو ژینگەیەی ڕێکخراو لەچوارچێوەیدا هەوڵی جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی دەدات.

٦- گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی هەموو ڕێکخراوەکان دووچاری گۆڕانکاری دەبن، بەپێی هەل و مەرجی ئەو ڕۆژگارە.

خەسلەت و ئاکارەکانی ڕێکخراوی نیزامی کارا:

١- دەسەڵاتەکان پلە بەپلە دەبێت.

٢- بوونی بنەماو ڕێنماییەکانی کارکردن.

٣- پەیوەندییەکان فەرمی دەبن.

٤- ئەرك و فەرمانەکان دابەش دەکرێن.

٥- هەندێ لەکادیرو ئەندامانی شارەزاو کارمە دەبن.

٦- دەست نیشانکردنی ئامانجەکانی ڕێکخرا.

٧- زانیاریەکان لەهەموو لایەکەوە کۆدەبنەوە بەهاوکاری ئەندامان. (١١٢)

٨- ململانێ لەناو ئۆرگانەکان بەکارێکی سروشتی دادەنرێت و بەسوود دەبێت ئەگەر لەسەر بابەتەکان بێت نەك کاروباری کەسایەتی.

٩- بارودۆخی گشتی، کراوەو ئاشکرا د ەبێت بێ ڕکابەری.

١٠- بڕیارەکان، بەزۆرینەی دەنگ دەبێت، هەموو لایەك پابەندی دەبن، هەموو دەرامەتەکان بەکار دەهێنرێت لەلێهاتووییەوە.

١١- داهێنان، چەندین ئەگەر لەبەردەم ئەندامان دەبێت بۆ داهێنان، چەند ڕێگا چارەیەك دەخرێتە روو بۆ کێشەکان.

١٢- ناوەندێتی دەسەڵات، دابەش دەبێت لەنێوان هەموو لایەك بەپێی پلەی ئۆرگانی و بەرپرسیاریەتی ئەندامان.

١٣- هاندان، پابەند بوون بەئامانجەکانی رێکخراوو هێنانەدی پێداویستیەکانی کۆمەڵ.
١٤- پاداشت و لێپرسینەوە، دەرفەت پێدانی زیاتر بۆ گەشەکردن بەبەشداریکردنی هەموولایەك، رێزگرتن لەبیروڕای هەڤالان، بەدوواداچوون بۆ کاروبارو چالاکیەکان.

رێکخستنی نانیزامی : (١١٣)

رێکخستن لەشێوازی نانیزامی بریتیە لەچەند گروپ و دەستەیەك کەشێویەکی رێکخراوەیی دیاریکراویان نیە، هەروەها خەسلەتێکی فەرمی سنوردری نیە.
سەرەڕای نەبوونی لق و بەشی جۆراو جۆر، بەو واتایەی کەکۆمەڵە سروشتکارییەکی تاکەکانە لەبواری کارکردن .
هۆیەکانی دروست بوونی رێکخستنە نانیزامیەکان دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیەك لەم هۆیانەی خوارەوە یان هەموویان بەسەر یەکەوە:
١-پەیوەندییەکانی شوێنی کار و لێکنزیکی جوگرافی.
٢- پابەبوونی ئایدیۆلۆژی و ئاستی رۆشنبیری نزیك.
٣- لێکچوونی رەوشی چینایەتی.
٤- بەرژەوەندییەکانی تاك .
٥- خزمایەتی و هاورێیەتی.

گروپ (دەستە) چیە :

گروپ لەکۆمەڵە بوونی تاکەکان پێکهاتووە، لەنێوان خۆیاندا بەرەو چەند ئەنجامێکی سیاسی هاوبەشی کار لەیەك دەکەن.

گرووپەکان کاریگەریان لەسەر ئاراستەو ڕەفتاری ئەندامەکانیان هەیە لێکۆڵینەوەکانی بواری گەشەپێدانی سیاسی دەریان خستوە کە گرووپە چاوکییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ئەندامەکانیان هەیە.
گرووپەکانی بەرژەوەندی لەبەکارهێنانی چالاکیەکانیاندا چەندین تەکنیك بەکار دەهێنن وەك دانوساندنی نهێنی و پروپاگەندە وپشتیوانی هەلبژاردن و دروستکردنی پەیوەندی تایبەت.

جۆرەکانی گروپ: (١١٤)

لەناو ئەدەبیاتی گروپدا چەندین هەوڵ هەیە بۆ پۆلین کردنیان، (دیڤید ترومان) چوار جۆر گروپی دیاریکردووە:
١- گروپی دەستەیی :
ئەندامانی ئەو گروپە لەسیفەتێکی دیاریکراودا هاوبەشن، ئەگەر ئەو سیفەتە دیموگرافی بێت یان سروشتی، پلەو پایەدار بێت، ئابوردار بێ، (کۆمەڵایەتی – بازرگانی) بێت.

٢- گروپی کارلێکردن :
ئەندامانی ئەم گروپە ئەگەر چی لەسیفەتێکی دیاریکراویشدا هاوبەشن و ئەو سیفەتە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ کۆبوونەوەو پێکەوە بوون، بەڵام ڕێکخستنێکی فەرمیان نیە.

٣- گروپی دامەزراوەیی :
ئەم گروپە ڕێکخستنێکی دان پێدانراوی فەرمی هەیە.

٤- گروپی شاراوە (Potentional)
لەم گروپەدا دەشێت چەند تاکێك بەپێی سیفەتە هاوبەشەکانی نێوانیان لەساتێك لەساتەکاندا کار لەیەك بکەن و خۆیان ڕێکبخەن و دەربکەون.

ئاکارو خەسڵەتەکانی ڕێکخستنی نانیزامی : (١١٥)

١- گروپ و دەستە گەرییە نانیزامییەکان خاوەن پێوەری دیاریکراوو داب و نەریتی تایبەتن، ڕەنگە جیاواز بن لەگەڵ بەهاو پێوەرە ئۆرگانیە نیزامییەکان. بۆیە دەبینین ئەندامی ڕێکخستنی گروپە نانیزمییەکان بەزۆری تووشی ململانێ دەبێت لەنێوان بەهاکانی گروپ و بەهاکانی ئۆرگانە نیزامیەکان.
٢- ئەو هۆکارانەی بەکار دەهێنرێن بۆ لێکۆلینەوە لەگروپەنانیزامیەکان جیاواز دەبن لەوانی بەکار دەهێنرێن لەلێکۆلینەوەی ڕێکخستنی نیزامی، لەم بوارەدا گروپە نانیزامیەکان پشت بەشێوازی لێکۆلینەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاك دەبەستێت لەناو گروپێکی دیاریکراودا.
٣- ڕێکخستنی نانیزامی بەپێچەوانەی ڕێکخستنی نیزامی، پەیوەندییە تایبەتیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ئەندامانی گروپ بەهەند وەردەگرێت و جەختی لەسەر دەکات، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کەکێشە پەیوەندارەکان بەئەندامان دەکرێت چارە سەربکرێت لەرێگاوەی پەیوەندییە تایبەتیە کۆمەڵایەتیەکان.
٤- ڕێکخستنی نانیزامی بنەماو پێوەری پەیوەندیکردن و بارودۆخی تایبەتی هەیە، مەرج نیە سەرچاوەکەی ڕێکخستنی نیزامی بێت، ئەو ڕێکخستنە بایەخ بە واتە وات دەدات، سیستمی پەیوەندیکردنی کارای هەیە.
ڕەنگە ئەو دیاردانە لەئەنجامی جولەو شێوازو ئاماژە پێکردنە تایبەتیەکانی پەیوەندیکردن بن، کەهەموو تاکێك لەناو گروپەکان تێی دەگەن.

٥- مانەوەی ڕێکسختنی نانیزامی پێویستی بەپەیوەندییە جێگیرو بەردەوامەکان دەبێت لەنێوان ئەندامەکانی، بۆیە دەبینین بەرهەڵستی ڕێکخستنی نیزامی دەکات کاتێ ئەم ڕێکخستنە پەنا دەباتە بەر ڕوودانی گۆڕانکاری لەبوارێکی دیاریکراو کە ڕەنگە ببێتە هۆی هەرەشە لەپەیوەندییە جێگیرەکان.

٦- ئامانجەکانی ڕێکخستنی نانیزامی ئامانجی هەر ئەندامێکە، لەکاتێکدا ئامانجەکانی ڕێکخستنی نیزامی مەرج نیە ئامانجی هەموو ئەندامێ بێ.

٧- ئینتمای تاك بۆ ڕێکخستنە نانیزامیەکان بەمەبەستی تێرکردنی پێویستیە مادی و مەعنەوییەکان یان کۆمەڵایەتیەکان دەبێت.

لەکاتێکدا ئامانجی تاك لەڕێکخستنی نیزامی لەچوار چێوەی ئەرکەکانیدا کۆ دەبێتەوە.

سەرکردایەتی لەڕێکخستنی نانیزامی : (١١٦)

مەبەست لەم جۆرە سەرکردایەتیە گەیشتنی تاکە بۆ پێگەی سەرکردایەتی لەسەر خواستی تاکەکانی ناوگروپەکە یان ڕێکخستنە نانیزامیەکە، هەڵبژاردنی ئەو تاکە بۆ پێگەی سەرکردایەتی بەهۆی کارتێکردنی ڕەفتارەوە دەبێ و بەشێوەیەکی کارا لەسەر چالاکیەکان گروپ و ڕەفتارە ئاراستە کراوەکەی بەرەو جێ بەجێکردنی ئامانج و ویستە تایبەتیەکان.

بۆیە سەرکردە لێرەدا پێگەیەکی فەرمی لەڕێکخستنی نیزامی ناگرێتەوە بەڵام دەگاتە ئەو پێگە سەرکردایەتیە لەناو گروپە نانیزامیەکە بۆ هۆی تواناکانی و ئاکارە کەسایەتیە کاریگەرییەکانی لەوانی تر، بەم پێیە دەسەڵاتی پشت دەبەستێت و بەردەوام دەبێت بەپێی خواست و ئارەزووی ئەندامانی گروپ.

بۆیە دەکرێت سەرکردەی نانیزامی پێناسە بکەین کە ئەو کەسەیە توانای کارتێکردنێکی قوڵی لەچالاکیەکانی ڕێکخستنی نانیزامی هەیە.

لــە تۆژینەوەیــەکی (وایــت) دەربــارەی ســەرکردەی ڕێکخــستنی نــانیزامی بــۆی دەرکەوت کەسەر کردەی نانیزامی خۆی لەئاست ڕێکخستنەکەی وادادەنێت کە :

١- بەرپرسی یەکەمی هەموو ئەندامانە.

٢- بەرپرسی یەکەمـە لـە هەوڵدان بـۆ جێ بـەجێکردنی ئارەزووەکانیـان و دابەشکردنی کار لەنێوانیاندا.

٣- کار بۆ ئەوە دەکات کە گروپەکەی یەکەیـەکی یـەکگرتووبن، هـەوڵی جـێ بەجێکردنی ئامانجە هاوبەشەکانیان بدەن.

٤- خۆی بەوتەبێژی یەکەمی فـەرمی دادەنـێ لەسـەرگروپەکەی، نوێنـەریان دەبێت لە نواندنی بیرو ڕاکانیان لەبەردەم ئەوانی دی.

<u>جۆری دەست گەرییەکانی فشار</u> : (١١٧)

١- دەستەگەری سیاسی :

دەستەییکن بەرژەوەندییان تەنها لەچوار چێوەی کـاری سیاسـیدایەو پێییـان دەگوترێت (لۆبی).

٢- دەستەگەری نیمچە سیاسی :

وەك ســەندیکای کرێکــارانی کۆمەڵــەی جوتیــاران ..هتــد، هەرچــەند چاڵاکیەکانی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە سیاسی نیە، بەڵام بـەبێ چاڵاکی سیاسـی ناتوانن ئامانجەکانیان بێتەدی.

٣- دەستەگەرییە مرۆڤایەتیەکان:

وەك ڕێکخراوەکــانی منــداڵان و فێرخوازەکــانی پەیوەنــدییان بــەکاری سیاسیەوە نیە.

٤- دەستەگەرییە خاوەن ئامانجەکان :

ئەم جۆری گروپە بەپێی ئامانجەکانیان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

٥- دەستە گەرییەکانی بەرژەوەندی لایەنی دەرەکی .

هەندێ ڕووی جیاوازی نێوان ئۆرگانە نیزامیەکان و گروپە نانیزامیەکان: (١١٨)

١- پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامان :

پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی لەئۆرگانێکی سیستمی (نیزامی) بەزۆری سنوردارو بڕیار دراو دەبێ، بەڵام پەیوەندیکردن لەنێوان ئەندامانی گروپە نانیزامیەکان خۆڕ ڕەس و دیاری نەکراو دەبێ.

٢- سەرکردایەتی :

سەرکردە لەئۆرگانە نیزامیەکان بەبڕیار یان هەڵبژاردن دیاری دەکرێن، بەڵام سەرکردە لەگروپە نانیزامیەکان هەڵقوڵاوی خودی گروپەکان .

٣- چاودێری لەسەر ڕەفتار:

لەئۆرگانە نیزامیەکان چاو دێری ئەندامان دەکرێ و ڕەفتاریان سنوردرا دەبێ بەهۆی لیپرسینەوە، بەڵام لەناو گروپە نانیزامیەکانی چاو دێری بەمەبەستێکی تایبەت دەبێ و بەڕێگای خۆرسی و ناراستەوخۆ.

٤- پشت پێ بەستن :

ئەندامانی ئۆرگانە سیستمیە (نیزامیە)کان زیاتر پشت بەسەرکردەکانیان دەبەستن بەبەراورد کردن لەگەڵ ئەندامانی گروپە نانیزامیەکان.

باسی هەشتەم

کارلێکردن لەنێوان ئۆرگانەکان

لەو بابەتەگرینگانەی جێگای باس و لێکۆڵینەوەن پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرگانەکانە لەچوار چێوەی یەك حزبدا، ڕۆڵی ئەو پەیوەندییانە لەجێ بەجێکردنی ئامانجەکان چۆنە، هەروەها لە کار لەیککردنی نێوان ئۆرگانەکان بەگشتی.

پەیوەندیکردن بناغەی هەموو کار لەیککردنێکە لەڕووی ڕێکخراوەیی و سیاسیەوە، ئەگەر ئەندام و ئۆرگانەکان لەئاستی پەیوەندیکردنەکانیان لاوازبن ئەوا کار لەیەککردنەکانیان وەك پێویست نابێت، مەبەستیش لەپەیوەندیکردن هەموو ئەو شێوازانەیەکە بە هۆیانەوە ئەندام یان ئۆرگان کارتێکردنی دەبێت بەسەرلایەنەکەی تر، بۆیە حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بۆ بوون و تەواو کاری خۆیان جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییانە دەکەن.

لەو پەیوەندیکردنانە ڕادەی وابەستەیی نێوان ئەندامان و ئۆرگان بەدەردەکەوێت، ئاستی لەیەکچوون و نزیکبوونەوەی هەست و بیروباوەڕەکانیان و ڕادەی پابەندییان بە پێڕەوی حزبی و ڕێنماییەکان ئاشکرا دەکات، واتا ڕادەی کار لەیەککردنی ئاڵ و گۆڕی نێوان ئۆرگانە پەیوەندارەکان دەردەخات بەپێی زنجیرەی پەیکەری ڕێکخراوەیی حزب.

پەیوەندیکردن لەنێوان ئۆرگانەکان بنچینەی یەکەمی بوون و گەشەپێدانە، هەروەها پێوەرێکە بۆ سەرکەوتن و تێشکان.

دەکرێت گرینگی پەیوەندیکردنی ڕێکخراوەیی بەچەند خاڵێك کورت بکەینەوە : (۱۱۹)

١- پەیوەنــدیکردن بەیــەك لــەهۆکارە کاریگــەرەکان دادەنرێــت لەئاراســتە و بۆچوونەکانی ئەندام لەناوئۆرگانەکان.

٢- پەیوەنــدیکردن یارمــەتی گواســتنەوەی زانیاریــەکان دەدات لەســەر چــاوەی زانیارییــەوە بــۆ لایــەنێکی تــر بەمەبەســتی ســوود لێــوەرگرتن بەشــێوەیەکی لەبار .

٣- بــەهۆی پەیوەندیکردنــەوە بڕیــارە جــۆراو جۆرەکــان جــێ بــەجێ دەکــرێن دەربــارەی نەخەشــەو چــالاکیەکانی ئۆرگــان هــەروەها بڕیــاردان دەربــارەی کێشەو چارەسەریەکان.

٤- پەیوەندیکردن دەروازەی چالاکیەکانی کارگێرییە بۆ ڕێکخستنی هەوڵەکان.

کــار لــەیککردن گــرینگترین خەســلەتە کــە حــزب وڕێکخــراوە سیاســیەکان لــەجۆرەکانی تــری وەك ڕێکخــراوو کۆمــەڵی مرۆڤایــەتی لەیــەك جودادەکاتــەوە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئۆرگانە حزبیەکان لەیەك ژینگەی ڕێکخراوەیی هــزری دەژین، چەندین بنەمای هزری و ڕێکخراوەیی ڕۆڵیان دیاری دەکات کە کاریگەری بەسەر رادەی ئەرك بەجێگەیاندنی دەبێت.

ئەگەر پێناسەیەکی کورت بۆ کار لەیــەککردن بدۆزینــەوە، دەکرێــت بــەم چــەند ڕستەیە باسی بکەین:

کــار لەیــەککردن بریتیــە لەهــەر ڕووداوێــك کــە بــەهۆی کــارتێکردنی یــەك لەلایەنــەکان ڕووبــدات و کــارتێکردنی هەســت پێکــراوی هــەبێت بەســەرکرداروو دیاردەکان.

کار لەیەککردن لەسێ ڕەگەزی گرێدراو بەیەکەوە پێکدێت کە بریتین لە : (١٢٠)

١- کەسەکان وەك ئامرازێك بۆ کار لەیەککردن.

٢- کۆمەڵ وەك سیستمێك کە لەچەند کەسایەتیەکی کارا پێکهاتووە.

٣- کەلتور وەك سیستمێك لەبەهاوپێوەرو ئامانجەکان.

کار لەیەککردن لەناو ڕێکخراوو ئۆرگانی سیاسی یان هەر ڕێکخراوو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی چەند فاکتەرێکی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە، بەگشتی ئاماژە بۆ گرینگترینیان دەکەین :

١- گونجاندن و تەبایی نێوان ئەندامانی ناو ئۆرگان، نزیکبوونەوەیان لەبیروراو بەهاکان.

٢- تواناکان بۆ بەجێهێنانی پێداویستی و خواستی ئەندامان.

٣- بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئۆرگان.

٤- ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ئەندامان.

٥- ئاستی لێهاتوویی سەرکردایەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان.

٦- هەل و مەرجی کۆمەڵگە لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە .

٧- ڕادەی لەباری و گونجانی سیستم و بنەما ڕێکخراوەییەکان لەگەڵ بارو دۆخی کۆمەڵگە .

٨- پیادەکردنی شێوازی دیموکراسیەتی ناو خۆو هەڵبژاردن لەئۆرگانەکان.

تیۆرەکانی کار لەیەککردنی ئۆرگانەکان : (١٢١)

لێرەدا چەند تیۆرو بۆچوون هەیە شێوازی کارتێکردن و کارلێکردنیان ڕوونکردۆتەوە :

١- تیۆری کاتل :

بەکورتکراوەیی ئەم تیۆرە بریتیە لە :

کەسایەتی ئۆرگان کاریگەر دەبێت بەکەسایەتی ئەندامانی، هەر دوولا ئاکارە ناوخۆییەکانی ئۆرگان پێکدێنن کەلەبەر رۆشنایی رۆڵ و پلەو پەیوەندی و پێگە گرینگەکان لەسەرکردایەتی و بەرەو خوار دیاری دەکەن.

٢- تیۆری زانایان (ثیبولت وکلی) :

بریتیە لە :

ئەندامان پارێزگاری لە پلەکانیان دەکەن لەناو ئۆرگانـدا ئەگـەر ئـە نجامی کـار لەیەککردنیان دەسکەوت و سەرکەوتنیان بۆ بەدی بهێنێ.

٣- تیۆری شوتز :

ئەندامان رەفتارەکانیان ئاراستەی ئەوانی تر دەکەن وەك بەدەنگ هاتنێك بۆ پێداویستەکانیان، هەروەها بەم پێیە ئەندامان روو لەکۆمەڵ دەکەن وەك دەربڕینێك لەسەر پێویستیان بۆ پەیوەندیکردن یان دەرخستنی خۆشەویستی یاخود سەرنج راکێشانیان، هەروەها روو لەو لایەنە دەکەن بەمەبەستی دەست رۆییان بەسەرکەسانی تر، هەندێکی تر روو لەکۆمەڵ (رێکخرا) دەکەن لەبەر چەند هۆیەکی دەروونی.

بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکان هاوتا بێت بەجۆرێك کەمانەوەو بەردەوام بوون دەستەبەر بکات یان یەکسان بێت و ببێتە هۆی لاوازی و دوواکەوتن.

٤- تیۆری هارولد لیافیت :

ناوبراو زانایەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتیە، زنجیرە توێژینەوەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ چەند تیمێك، چالاکیەکانی بەزۆری دەربارەی رێکخراوە بچووکەکان بووە.

٥- تیۆری بیلز :

ئەم زانایە نموونەیەکی خستەڕوو دەربارەی کار لەیەککردنی ئەندامان بەهۆی ئەو نموونەیە جیاکاری لەنێوان چوار توێژ ئەنجامدا، هەر توێژێك دژی ئەوی تر کاری کردوە لەئاکارو هەڵوێستەکانی، هەروەها کار لەیەککردنی دژەکان ئاشکرا دەکات لەچوار چێوەی یەك ڕێکخراودا، بەم کارەی ئاماژە بۆ گرینگی ئۆرگانە بچووکەکان دەکات لە بەدیهێنانی تێگەیشتن و کار لە یەککردن، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو بوارەی کەچۆن خەسڵەتەکانی پێدەگات لەناو ڕێکخراوێکداو بەوکارە بەشداری لەبەردەوام بوونی دەکات و دەرفەت بۆ ئەندامانی دەرەخسێنێ کەئاکارەکانیان بەکار بهێنن.

چەند نموونەیەك لەشێوازەکانی کارلێکردنی نێوان ئۆرگانەکان :

زۆربەی حزبە سیاسیەکان پێکهاتەی ڕێکخراوەییان لەچەند ئاستێك پێکدێت، ئەو حزبانەی زیاتر فراوانن و بنکەی جەماوەریان گەورەیە لەسێ ئاست پێك هاتوون.

ئاستی یەکەم، ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی ناوەندو مەکتەبی سیاسی دەگرێتەخۆی، دەسەڵاتە گەورە گرینگەکان لەم ئاستەدایە، ملکەچی و جێ بەجێکردنی ئاستەکانی خوارووتر دەگرێتەوە، ئەو ئۆرگانانەی لەم ئاستەدا بۆ نموونە بەرپرسیارە لەجێ بەجێ کردنی بڕیارو پێش نیازەکانی کۆنگرەی گشتی، بڕیاری دەرکردنی ئۆرگانی ناوەندی، مافی سزادان و لەکارخستنی ئەندام و کادیران، سەرپەرشتی کردنی سەرجەم کاروباری مەکتەبی ناوەندییەکان لەڕووی سیاسی و ڕێکخراوەیی و هزری و جەماوەرییەوە، پەیوەندییە دەرکی و ناوخۆییەکان.

ئاستی ناوەند ئەو ئۆرگانانە دەگرێتەوە کە سەرکردایەتی هەرێمێك یان پارێزگایەك دەکەن و ڕابەرایەتی جەماوەری و ڕێکخراوەیی دەکەن لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، ئەرك و دەسەڵاتیان لەوە تێپەڕناکات، سەرەڕای گەیاندنی بڕیارو ڕێنماییەکانی ئۆرگانە سەرکردایەتیەکان بۆ خوارووتر لەگەڵ بەرزکردنەوەی پێش نیازو داواکاریەکان بۆ سەرووتر .

ئاستی سێیەم، ئۆرگان و بنەکە جەماوەریەکان دەگرێتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەجەماوەرەوە هەیە، ئەرکی سەر شانیان گەیاندنی سیاسەتی حزبەکەیە بۆ جەماوەر.

پێڕەوی ناوخۆی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەچەند برگەیەکدا ئەو بنەمایانەی دەس نیشانکردووە کە ئۆرگانەکان لەچوار چێوەیدا هەلس و کەوت دەکەن و شێوەی پەیوەندیکردنیانی دیاری کردووە.

(بەندی ١١)

١- بڕیار دان و جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی ڕێکخستن لەئۆرگانەکاندا بەزۆرینەی ڕەها دەبێت و زۆرینەش ڕێز لەکەمایەتی دەگرێت.

٢- ئۆرگان و دەزگاکان بەهەڵبژاردنی ئازادو نهێنی پێك دێن.

٣- ئۆرگانەکانی سەروو لەکارو فەرمانەکانی ڕێکخستندا ئاگاداری ئۆرگانەکانی خواروو دەکەن، ئەوانیش پابەند دەبن.

٤- ڕادەربڕین، بۆ چوون، ڕەخنەو ڕەخنەلەخۆ گرتن ئەرك و مافی دیموکراسی ئەندامان.

پێڕەوی ناوخۆی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، شێوازی پەیوەندیکردنی نێوان ئۆرگانەکان بەچەند خاڵێك و لەچەند بەشێکدا ڕوونکردۆتەوە.

ماده /٢٣ : ٩

سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژی حزب و سەرۆکی کۆمیسیۆنی کۆنترۆڵ لەکۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی وەك ڕاوێژکار بەشداری دەکەن، ئەندامانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ڕاوێژ ئەندامی سەرۆکایەتی حزب نین.

ماده/٢٤ : ١

سکرتێری گشتی حزب بەراوێژ لەگەڵ سەرۆکی حزب وسەرکردایەتی کاروبارە سیاسیەکانی حزب لەسەر بنچینەی بڕیارەکانی حزب و سەرۆکایەتی، حزب بەڕێوەدەبات سکرتێری گشتی سەرپەرشتی کاروبارەکانی حزب دەکات و ناوەندی حزب بەڕێوە دەبات و بەرپرسە لەئامادەکاری و جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی پێشبرکێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵی، سکرتێری گشتی بەراوێژکردن لەگەڵ سەرۆکایەتی حزب ڕابەری کاروبارەکانی حزب لەسەر ئاستی هەموو ئەڵمانیای فیدراڵی دیاری دەکات.

ماده/٢٤: ٣

سەرۆکایەتی حزب بەراوێژ لەگەڵ گەڕەکەکان، هاوسانی دارایی لەناوەوەی سەرتاپای حزب بەئەنجام دەگەیەنێت.

ماده/٢٥: ٤

لەکۆنفرانسەکانی حزبدا لەگەڕەکەکان، لەسنوری هاوبەندی هەرێمی، هەردوو ساڵ جارێك نوێنەران بۆ کۆنگرەی حزب هەڵدەبژێردرێن، سەرۆکی حزب ڕێسای ڕێکخستن و دابەشبوونی نوێنەران بەسەر یەکە یەکەی گەڕەکەکان و هاوبەندییە هەرێمیەکان و ڕێوشوێنەکان دیاریدەکان.

مادە/٢٦ : ١

سەرۆکی حزب هەموو کاتێك دەتوانێت کۆنترۆڵی ئۆرگانەکانی حزب و گروپەکانی کارو کاروبارەکانیان بکات داوای والاکردنەوەو ژمێریاری بکات، مافی هەیە لەهەموو کۆبوونەوەکانی ناو حزبدا بەشداری بکات و ئامۆژگاری پێشکەش بکات.

٣- ساڵانە لەدرەنگترین کاتدا لەدوای تێپەڕنی سێ مانگی یەکەمی ساڵی نوێ، سەرۆکایەتی گەرەکەکان راپۆرتی ساڵانە دەنێرن بۆ سەرۆکایەتی حزب، لەبارەی کاروبارەکانیان، باری سیاسی و ئابووری – داهات و خەرجیان، هەروەها چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەو کەرەسەو مادانەی لەسەرۆکایەتی حزبەوە بۆیان نێردراوە.

٤- سەرۆکایەتی حزب ڕێنمایی وردتر دەردەکات کەپەیوەستن بەهەڵس و کەوتی نوێنەران و ئەندامان بەرامبەر ئەو ئەرك و وەزیفانەی پێیان دەسپێردرێ.

٥- گەڕەکەکان دەتوانن هەمووماف دیاری کراوەکان، بۆ هەریەك لەگۆشەو کایەکانی ڕێکخستنەکانیان بچەسپێن.

مادە/٣٠ : ١

ئەنجومەنی راوێژ لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەن بانگ دەکرێت بۆ کربوونەوەی راوێژکاری، سەرۆکایەتی ئەنجومەن کات و بەرنامەی کۆبوونەوەکان لەنامەی بانگهێشتن دیاری دەکات، بەشێوەیەکی ڕێسایی ئەنجومەنی راوێژ هەرسێ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە.

٢- سەرۆکایەتی حزب بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی راوێژ رادەگەیەنێت، کە چ پرس و خاڵێك بەپێی بەشی ٢ و بەشی ٦ی مادەی ٢٩ پێرەوی ڕێکخستن و بەشی ٤ مادەی ١ پێرەوی دارایی، بخرێتە کۆبوونەوەی راوێژکاری، هەروەها کام خواست

کەبەپێی بەشی ٢ و ٤ ی مادەی ٢٩ پێڕەوی ڕێکخستن لەکۆنگرەی حزبەوە نێردراوە بۆ ئەنجومەنی راوێژ، پێویستە راوێژی لەسەر بکرێت.

مادەی/١٣٤ : ١

کۆمسیونەکانی بڕیار لەلایەن بنگەرەکە و گەرەك و سەرۆکایەتی حزب پێکدەهێنرێت ئەگەر پێویست بێت دەتوانرێت کۆمەڵێك کۆمیسیۆن پێکبهێنرێت، کەلە لایەن راسپێرەر بەلای کەمەوە تاکۆتایی ئەرکەکانیان ماوەی کارکردنیان بۆ دیاری دەکرێت.

مادە /٣٥ : ٤

هەموو ئۆرگانێکی حزب دەتوانێت داخوازی جێ بەجێکردنی و گرتنەبەری ڕێوشوێنە پێرەویەکان بکات، دژی ئەندامێك بەڕێگای کۆمیسیۆنی بڕیاری ئەو بنگەڕەکەی کە ئەندامەکەی تێدایە، بیخاتە بەردەم سەرۆکایەتی حزب.

بۆ تێگەیشتن لەرادەی کارلەیەککردنی ئۆرگانەکان وەڵامێك بۆ ئەم بۆچوونانەی خوارەوە دیاری بکە :

١- ئایا سەرکردایەتی ئۆرگان (بەرپرس یەکەم) لەئاست ئاراستەکردن و رابەرایەتی ئۆرگانەکەیە؟

٢- ئەو سەرکرادایە تیە بە شێوازی پیادەکردنی دیموکراسیەت و سەرکردایەتی بەکۆمەڵ کار دەکات؟

٣- ئایا سەرکردایەتی گەورەترین تواناکانی کارتێکردنی بەکار دەهێنێ؟

٤- تاچەند سەرکردایەتی بایەخ بەکێشەو کەم وکورتیەکانی ناو ئۆرگان دەدات؟

٥- ئایا سەر کردایەتی هەلی لەبار بەکار دەهێنێت بۆ دەست خستنە ناو کێشەکان؟

٦- ئایا سەرکردایەتی هەل و مەرجی لەبار دەخولقێنێت بۆ سەرکەوتنی کۆ بوونەوەکان؟

٧- لەهۆیەکانی سەرنەکەوتنی ئۆرگان دیاری نەکردنی ئەرك و مافەکانی ئەندامە؟

٨- پەیکەری ڕێکخستن چەندی لەباری ئالۆزبوون و زۆربوونی لق و بەش بێت، ئەوا دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی .

٩- ئایا سەقامگیری بارو دۆخی ناو ئۆرگان و بەسیستم بوونی کاروچالاکیەکانی لەهۆیەکانی سەرکەوتنیەتی.

١٠- شێوازی هەلسوراندنی کاروبارەکانی ناوەندێتی بێت یان ناوەندێتی؟

١١- ئەگەر کۆبوونەوەکان لەکاتی خۆیدا گرێ بدرێ، تاچەند ئامانجەکانی ئۆرگان جێ بەجێ دەکات.

١٢- تاچەند شەفافیەت وشێوازی رەخنەو رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن پێرەو دەکرێت لەماوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان؟

١٣- بۆ دیاری کردنی بەرپرسی پلەو پایەکان ئایا شێوازی هەلبژاردن یان دانان پیادە دەکرێت؟

١٤- زانیاری و راپۆرتەکان بەچ شێوازێك دەگات، چەند ناوەند دەبرێت، کاتی بەسەرچووە یان زۆرە، کار بەناوەرۆکەکانی دەکرێت یاخود پشت گوێ دەخرێت؟

١٥- شێوازەکانی هۆشیارکردنەوەو هۆیەکانی رۆشنبیرکردنی ئەندام و کادیرانی ناو ڕێکخستن تاچەند کاری پێ دەکرێت، تاچەند کاریگەری هەیە بەسەر چالاکیەکان؟

١٦- ئۆرگان بەرنامەی کاری بە قۆناغی هەیە؟

١٧- ئایا کادیرا زیاتر لەئەرکێکی پێ سپێراوە؟

سەرچاوەو پەراوێزەکان

١. گۆڤاری (الهدف – ٢٠٠٠) ساڵی دووەم – ژمارە ٧٥ ، ١٩٧٥ ، چاپی عەرەبی/القاهرە.
٢. حزبی سیاسی لەکۆمەڵگەی سەردەم – عوسمان علی ویسی – چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٩، لاپەڕە ٥٣.
٣. نظام الحزب الواحد وأثره على الحقوق السياسية للمواطن – مولود مراد محي الدين – ط١ – ٢٠٠٧، ص٢٧.
٤. ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان – مسعود عبدالخالق – ٢٠٠٨/لاپەڕە/٣٥.
٥. موسوعة علم الاجتماع – احسان محمد الحسن – ط١/١٩٩٩ ، ص ٢٥٩.
٦. النظم السياسية- محمد كاظم المشهداني – جامعة الموصل /١٩٩٠ ص ٢١٩.
٧. نظام الحزب الواحد – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە ٣٢.
٨. الشيوعية العلمية – معجم – دار التقدم – موسوكۆ/١٩٨٥ ص٤.
٩. سیستمی حزبی لەئەمریکا – ڤیان مجید – چاپی یەکەم – ٢٠٠٨ – لاپەرە ٤٤-٤٦.
١٠. نظام الحزب الواحد ....سەرچاوەی پێشو – لاپەرە ٣٣- ٣٥.
١١. التعددية الحزبية في الفكر الاسلامى الحديث – ديندار شفيق الدوسكي – چاپی (١) ساڵی ٢٠٠٩، لاپەرە/٢٦.
١٢. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن (١٩٠٨ – ١٩٥٨) ، چاپی ٢ ساڵی ٢٠٠٧ – عبدالستار شريف – لاپەرە ٣٧.
١٣. حزبە سیاسیەکان لەکۆمەڵگای سەردەم – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە/٥٤.
١٤. سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسیەکان لەرۆژئاوادا – حوجەتوللا ئەیوبی – وەرگێڕانی ئازادوەلەدبەگی چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٧ – لاپەڕە ٧٧ – ٧٨.
١٥. موسوعة علم الواحد – سەرچاوەی پێشو – لاپەرە/٦١٨.
١٦. نظام الحزب الواحد – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ١١
١٧. التعددية الحزبية - سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ١١-١٢.
١٨. الشيوعية العلمية – معجم – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٢٠٣.
١٩. الاحزاب السياسية في العالم المعاصر – نبيلة عبدالحليم كامل – ١٩٨٦ – بيروت/لاپەڕە/٨٢.
٢٠. فەرهەنگی رامیاری نیگار – ئازادوەلەدبەگی چاپی یەکەم ٢٠٠٥ لاپەڕە/٨٧.
٢١. التعددية الحزبية – سەرچاوەی پێشو. لاپەڕە/٣٩.
٢٢. علم الاجتماع السياسي – فيليب برو – ترجمه محمد عوب – چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٨ لاپەڕە ٣٧١.

٢٣. دامەزراوە سیاسیەکان و یاسای دەستوری و سیستمە سیاسیە گەورەکان – موریس دفر یجیە – وەرگێران – جورج سعد. چاپی یەکەم سالی ١٩٩٢، لا پەڕە ٧٠-٧١.
٢٤. کۆنگرە – پاشکۆی کوردستانی نوێ – ژمارە (٣٥) لەرۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٦، بابەتی نووسەر ئەرسەلان مەلاحسن.
٢٥. کۆمەڵناسی سیاسی – احمد نقیب زادە – وەرگێر مسعود رەواندوستی – چاپی یەکەم سالی ٢٠٠٧ لا پەڕە/٢٤٠.
٢٦. العددية الحزبية – سەرچاوەی پێشو – لا پەڕە ٣٢.
٢٧. موسوعه علم الاجتماع - سەرچاوەی پێشو – لا پەڕە ٦١٧.
٢٨. المعجم النقدى لعلم الاجتماع (ر. بودون) و (ف. بوريكو)، وەرگێران – سليم حداد چاپی ٢ سالی ٢٠٠٧ لا پەڕە/٢٢-٢٤.
٢٩. حزبی سیاسی لەکۆمەڵگەی سەردەم – سەرچاوەی پێشو – لا پەڕە ٣٦.
٣٠. الاحزاب السياسية في العالم المعاصر – سەرچاوەی پێشو – لا پەڕە ٨٢.
٣١. مسألة الشخصية في كوردستان، خصائص المناچل اليورى – پ.ك.ك. ١٩٨٦ لا پەڕە
٣٢. لينين وقضايا النضال التحرري – ئاژانسی (نوقوستی – ١٩٧٠ لا پەڕە/٣٤.
٣٣. التنظيم والجماعات - د. حسان الجيلانى – چاپی یەکەم سالی ٢٠٠٨ لا پەڕە/١٥.
٣٤. هەمان سەرچاوە لا پەڕە/١٦
٣٥. هەمان سەرچاوە لا پەڕە/١٨
٣٦. مفاهيم في الفلسفة و الاجتماع، احمد خورشيد، چاپی یەکەم ١٩٩٠ بغداد لا پەڕە ٢٤٠.
٣٧. موسوعة علم الاجتماع – سەرچاوەی پێشوو – لا پەڕە ٦٤٠.
٣٨. التنظيم والجماعات – سەرچاوەی پێشو – لا پەڕە ٢٠-٢٣.
٣٩. نظرية المنظمة (المنظمة ونظرية التنظيم) – عمر و صفى ، قيس المومنى – چاپی چوارەم سالی ٢٠٠٩ لا پەڕە ٢٠٦.
٤٠. نظرية المنظمة (المنظمة ونظرية التنظيم) – هەمان سەرچاوە – لا پەڕە ٢٢٣.
٤١. نظرية المنظمة (المنظمة ونظرية التنظيم)- هەمان سەرچاوە – لا پەڕە ٢٢٦.
٤٢. هەمان سەرچاوە – لا پەڕە ٢٣٠.
٤٣. هەمان سەرچاوە – لا پەڕە٢٣٤.
٤٤. هەمان سەرچاوە – لا پەڕە ٢٤٧.
٤٥. هەمان سەرچاوە – لا پەڕە٢٥٠.
٤٦. الهياكل والاساليب – نائل عبدالحافظ – ٢٠٠٩ – عمان – لا پەڕە ٣٧.

٤٧. المفكر التنظيمي – عامر الكبيسي – چاپی یەکەم ٢٠٠٤ – سوریا – لاپەڕە ١١٥.
٤٨. نظرية المنظمة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە ٢٧٠.
٤٩. نظرية المنظمة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە ٢٧١.
٥٠. الفكر التنظيمي – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ١١٤.
٥١. گۆڤاری بڕیار – ژمارە/١٢ ئاياری ساڵی ٢٠٠٩ – بابەتی نووسەر/هاژە شوانی.
٥٢. الموسوعة السياسية – عبدالوهاب الكيالي، كامل زهير – چاپی یەکەم ١٩٧٤ – لاپەڕە ١٦٥-١٦٦.
٥٣. الفكر التنظيمي – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە- ١٣٧.
٥٤. التصميم النظيمي – عامر الكبيسی – چاپی ٢٠٠٦ – سوریا – لاپەڕە ٣٢.
٥٥. نظرية المنظمة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە ٦٦
٥٦. نظرية المنظمة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە ١٤.
٥٧. الفكر التنظيمي – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە ٤٦.
٥٨. السلوك التنظيمي – عامر الكبيسی - چاپی یەکەم ٢٠٠٥ – سوریا – لاپەڕە ٣١.
٥٩. فەرهەنگی سیاسی – سەبا – عبدالقادر صالح – چاپی دووەم ٢٠٠٧ لاپەڕە /١٤٤ .
٦٠. المعجم الحديث للتحليل السياسي – وەرگێران- سمير عبدالرحيم – چاپی یەکەم ١٩٩٩ لاپەڕە ٢٩٢
٦١. الاحزاب السياسية والتحول الديمقوراطي – بلقيس احمد منصور – چاپی یەکەم ٢٠٠٤ لاپەڕە ٢٠.
٦٢. سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبە سیاسیەکان لە ڕۆژئاوادا – نووسینی حوجه الله ئەیوبی وەرگێڕان ئازاد وەلدبەگی چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٠٣.
٦٣. الهياكل والاساليب في تطوير المنظمات – نائل عبدالحافظ – ٢٠٠٩ عمان.
٦٤. پارتی سوسیال دیموکراتی ئەڵمانیا – پەیڕەوی ناوخۆ – وەرگێر عبدالمؤمن دەشتی – چاپی یەکەم ٢٠٠٨.
٦٥. الحركات الاسلامية و الديمقراطية (في الفكر و الممارسة) – مركز دراسات الوحدة العربية سلسلة ١٤ چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠١ بيروت – لاپەڕە ٢٧٩.
٦٦. التصميم التنظيمي عامر الكبيسی – چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦ لاپەڕە ٨٧.
٦٧. بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان – سەلمێنراوی کۆنگرەی (١٢) ساڵی ١٩٩٩.
٦٨. پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان – پەسەندکراوی دووەمین کۆنگرە ٢٠٠١.
٦٩. الحزب الشيوعي العراقي – وثائق المؤتمر الوطني الخامس – تشرين اول ١٩٩٣.
٧٠. پارتی سوسیال دیموکراتی سوید- دەزگای هەڵبژاردنی (ی.ن.ك) ٢٠٠٨ سلیمانی لاپەڕە ٣٠-٣٥.
٧١. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ – ژمارە (٤٥٠٥) لە ٢٠٠٨/٢/٢٥ کاوسێن بابەکر .
٧٢. سیستمی حزبی لەئەمەریکا – سەرچاوەی پیشو – لاپەڕە ١١٥-١١٨.

٧٣. الحركات الاسلامية والديمقراطية – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٢٨٨.
٧٤. علم الاجتماع السياسي - سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٤٠١ – ٤٠٣.
٧٥. سەرهەڵدان و بەردەوام بوونی حزبە سیاسیەکان لەرۆژئاوادا – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ١٢٨.
٧٦. سەرهەڵدان و بەردەوام بوونی حزبە سیاسیەکان لەرۆژئاوادا – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ١٣٩.
٧٧. موسوعة علم الاجتماع – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٤٧.
٧٨. گۆڤاری مەدەنیەت – ژمارە ١٦ – شوباتی ٢٠٠٤ نووسەر – نەوزاد جمال .
٧٩. قضايا التوير والنهضة في الفكر العربي المعاصر – مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة ١٨ لاپەڕە ١٢٣.
٨٠. گۆڤاری ئەلتەرناتیڤ – ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩٩ سلێمانی – بابەتی فؤاد قەرەداغی.
٨١. وحدة النشاط الايديولوجي والسياسي والتنظيمي للحزب الشيوعي – حميد بەخش – ١٩٨٤.
٨٢. گۆڤاری – سەنتەری برایەتی – ١٤ کانوونی یەکەم ١٩٩٩ هەولێر – نووسەر – محمد توحيد فام.
٨٣. الفكر القومي وقضاثا التجدد الحضاري – بكري خليل – چاپی یەکەم ٢٠٠٤ لاپەڕە ٢٠٧.
٨٤. گۆڤاری مەدەنیەت ژمارە ١٦ – سەرچاوەی پێشو .
٨٥. وحدة النشاط الايديولوجي والسياسي والتنظيمي – سەرچاوەی پێشو.
٨٦. بنەماکانی زانستی سیاسیەت – حسین بەشیریە – وەرگێر – ابوبکر کاروانی – چاپی دووەم ساڵی٢٠٠٩ لاپەڕە٨٠.
٨٧. نظرية المنظمة – مداخل وعمليات – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٣٥٠.
٨٨. تیۆرەکانی سیستمە سیاسیەکان – کمال المنوفي – وەرگێر ئاوات احمد چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٥١.
٨٩. تیۆرەکانی سیستمە سیاسیەکان – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٨٧.
٩٠. السلوك التنظيمي – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە (١٤٨) .
٩١. الاحزاب السياسية و التحول الديمقراطي – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٢٨٣.
٩٢. السلوك التنظيمي – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ١٣٦.
٩٣. بەڵگەنامەکانی کۆنگرە نیشتمانی پێنجەم – حزبی کومونیستی عێراقی – تشرینی یەکەم ١٩٩٣ – لاپەڕە ١١٦.
٩٤. پێرەوی ناوخۆی پارتی سوسیال دیموکراتی ئەلمانیا – پەسند کراوی ٢٠٠٥/١١/١٦. وەرگێرانی – عبدالمؤمن دەشتی.
٩٥. موسوعة علم الاجتماع – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٣٥٩.
٩٦. نظرية المنظمة – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە ٣٧٢.

٩٧. السلوك التنظيمي – احمدماهر – چاپى يەكەم الاسكندريە – لا پەڕە ٢٦٢.
٩٨. الاحزاب السياسية والتحول الديمقراطي – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٢٨١.
٩٩. الشوعيه العلميه – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە/٢٨٤
١٠٠. نظرية المنظمة – مداخل وعمليات – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٣٨٥.
١٠١. گۆڤارى نوێ بوون – مەڵبەندى ڕێكخستنى سليمانى – ى. ن. ك – ژمارە /٥ – ٢٠٠٨، ڕێبوار كريم.
١٠٢. التفاوض الاستراتيجية والاساليب – ناجي معلا – چاپى دووەم ساڵى ٢٠٠٠ – لا پەڕە ٨٠.
١٠٣. التحليل الاجتماعي ظاهرة الانقسام السياسي في الوطن العربي – عزالدين دياب – ١٩٩٣ پەلارە ٤١٧ – ٤١٨.
١٠٤. حزبە سياسيەكان لەميسر – وەگێرانى (ئەزى گۆران احمد قادر سعيد) چاپى يەكەم ٢٠٠٣ سليمانى لا پەڕە ١٣٧.
١٠٥. ململانێ لەگەڵ ژياندا (ياداشت) – عبدالستار طاهر شريف ١٩٣٥ – ١٩٧١ – چاپى يەكەم ٢٠٠٥ كركوك – لا پەڕە ١٠٢.
١٠٦. دانوستانەكانى بزووتنەوەى رزگاريخوازى نەتەوەيى كورد و حكومەتەكانى عێراق – واحد عمر محى الدين چاپى يەكەم ساڵى ٢٠٠٦ لا پەڕە ٢١٤ – ١٣٤.
١٠٧. بەڵگەنامە – باڵى مەكتەبى سياسى و باڵى بارزانى – بەرگى – شازين هێرش – نزار محمد چاپى يەكەم ساڵى ٢٠٠٣ – لا پەڕە ١٩٨.
١٠٨. تيۆرەكانى سيستمە سياسيەكان – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ١٠٣.
١٠٩. ٦٧٧ مصطلح اداري – محمد فتحي – القاهره ٢٠٠٣ لا پەڕە ٢٠٩.
١١٠. نظرية المنظمة – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە٢٢.
١١١. تيۆرەكانى سيستمە سياسيەكان – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٢٧ - ٢٨
١١٢. نظرية المنظمة – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٢٧٣.
١١٣. نظرية المنظمة – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٢٧٩.
١١٤. حزبى سياسى لە كۆمەڵگاى سەردەم – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ١١٠.
١١٥. السلوك التنظيمي – عامر الكبيسى – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٧٨.
١١٦. نظرية المنظمة – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٣٢٣.
١١٧. موسوعة علم الاجتماع – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ١٨١.
١١٨. السلوك التنظيمي – سەرچاوەى پێشو – لا پەڕە ٩٢ – ٩٤.